# بۆچی؟!

# why?!

a more beautiful vision for life

نوسینی: محمد ناجی

# بـــۆچی؟!
why?!

بینینێکی جوانتر بۆ ژیــان

*a more beautiful vision for life*

نوسینی

**موحەممەد ناجی**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

**«أَفَأَنْتَ تُكْرِهُ النّاسَ حَتَّى يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ»**

«جا ئایا تۆ ئەی (پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) ئەتەوێ زۆر لە خەڵکی بکەی بۆ ئەوەی بڕواداربن؟!»

✧✧✧

# پـێـشەكـی

كێشەی گەورەی مرۆڤەكان ئەوەیە پرسیار لە خۆیان ناكەن، چونكە بە پرسیاركردن وتێفكران لە بابەتەكان دەگەیت بە مەبەستی ڕاستەقینە لە ژیان كردن، ئەگەر هەر ڕووداوێك لە دەوروبەرت ڕوو بدات بە ئاسایی وەری بگریت ئەوە ژیانێكی ئاسایی دەژیت وە بە مردنێكی بچوك و لەبیركاویش دەمریت.

خوای گەورە كاتێك كتێبی دابەزاند قسەی لەگەڵ ئەقڵی مرۆڤدا كرد هەر بۆیە ئەوەی بە ئەقڵ پەیامەكەی وەرگرت و ورد بوەوە لێی سەرفراز بوو، ئەوەیشی بە لەیەك دانەوەی خۆی لە پەیامی خوای گەورە گەیشت تیاچوو..!!

جا پرسیارەكەی من ئەوەیە **بـۆچـی** زۆرێك مرۆڤەكان بەد بەختن..؟ بۆچی زۆرێك لە مرۆڤەكان دڵخۆش نابن هەرچەندە هەوڵیش دەدەن..؟؟ **بۆچی** زۆرێك لە مرۆڤەكان هاوسەرگیریانیش بە دڵی خۆیان كردووە هێشتا هەست بە نا ئارامی و نوقسانی دەكەن؟؟

**بـۆچـی** هاوەڵە بەڕێزەكان وپیاوچاكانی پێش ئێمە دەیانوت ئەگەر دەسەڵاتدارەكان بزانن چی دڵخۆشییەك لە ناخماندا هەیە ئەوە بە شمشێر لەگەڵماندا دەجەنگان بۆ ئەوەی ئەو دڵخۆشی وئارامیەمان لێ بستێنن، بەڵام ئێمە ئارامی لە ژیانماندا نەماوە و زۆرێك ئاواتی مردن بووەتە گەورەترین ئاواتیان، **بـۆچـی..؟!**

وەڵامی ئەمانە وکومەڵێک بابەتی تر لەم کتێبەدا بەرچاوت دەکەوێت پشتیوان بە خوای مەزن، لەم کتێبەدا قسە لەگەڵ مێشکت دەکەم هەوڵ دەدەم لە کۆتایی هەر بابەتێک پرسیارێکت لێ بکەم بـــە شێوەی«بـــۆچـــی»

هەروەها دەپرسم ئەگەر ژیان هێندە ئاسان و خۆشە بـــۆچـــی زۆرێک لە خەڵکی زیندانن؟؟ زۆرێکی دیکەش کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا، زۆرێکیش مردوون بەڵام لەسەر زەویدان؟؟!

**بـــۆچـــی..؟ بـــۆچـــی..؟**

✧✧✧

# (1)

## «چۆن دەژیت؟»

گەورەترین پرسیار مرۆڤ لە خۆی بپرسێت ئەوەیە (من چۆن دەژیم؟) تۆ بڵێی ژیان تەنها خواردن وخواردنەوە بێت؟!

ئایە ژیان تەنها هاوسەرگیری ومنداڵ خستنەوەیە پاشان مردنێک وەکو تێکڕایی خەڵکی و تەواو؟! ئەگەر ئەمە گەورەترین مەبەست بێت لە ژیان من یەکەم کەسم دانی پێدا دەنێم ژیان زۆر بێ واتایە..!!

بەڵام دڵنیات ئەکەمەوە ژیان هەموو ئەو واتا جوانانەیە وا تۆ نایزانیت، یان ئەیزانیت خۆتت لێی کردووەتە نەزان..!!

خۆشەویستانی خۆم.. ژیان کۆمەڵێک بەرپرسیارێتیە، ژیان واتە هەوڵدان هەتا ئەو ڕۆژەی خودا کۆتایی بە ژیانت دێنێت، ژیان ئومێد و گەشبینییە..!!

ژیانی ڕاستەقینە بریتییە لە گەڕان بە دوای واتادا، واتا بۆ هەموو شتێک دابنێیت، واتا بۆ کاتەکانت دابنێیت، واتا بۆ پەرستنەکانت دابنێیت، ئەبێ بزانیت چۆن دەژیت ئایە ژیانم مـن ئەو ژیانەیە وا خوای گەورە دەیەوێت؟؟

ئایە ژیانم ئەو فەرمانەی خوای گەورەم تێیدا جێبەجێ کردووە کە دەفەرمووێت:﴿وَمَا خَلقتُ الجِنّ وَالإنسَ إلا ليَعبُدُون﴾ واتــە: من جنۆکە وئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە دروست کردووە کە بەندایەتی بۆ من بکەن.

هەتا وەکو کار کردنت بەم فەرمانە زیاتربێت لە ژیانی ڕۆژانەت ئەوە تۆ زیاتر لە واتای ژیان گەیشتویت..وەک پێغەمبەری خوایش دەفەرمووێت: دونیا نەفرەت لێکراوە ئەویشی لە ناو دونیایە نەفرەت لێکراوە، ئیللا یادی خودا نەبێت یان ئەوەی هاوشێوەی یادی خودا بێت، یان زانایەک یانیش فێرخوازێک.

مەبەست لە فەرموودەکە ئەوەیە کە دونیا مرۆڤ هەڵئەخەڵەتێنێت و مەغروری ئەکات وای لێ ئەکات یادی خودای بیر بچێتەوە..!!

مرۆڤ نەزانێت چی دەوێت لەم ژیانە وبۆچی دەژیت ئەو نەزانینە وای لێ دەکات ون ببێت، یان وای لێ دێت خۆی بەراورد دەکات بە کەسانی تر یان هەمیشە هەست بە تاوان دەکات، بۆ ئەوەی بزانیت لە کوێی ژیاندای وتۆ کێیت، کار لەو بوارە بکە کە خۆت حەزت پێیەتی بەڵام ئەو حەزەت با لە سنور دەرنەچوبێت..

کێشەی ئێمە ئەوەیە تەنها لەبەر قسەی خەڵکی ئەو ژیانە دەژین کە خەڵکی پێی خۆشە، بە دوای ئەو پەیامەی مەزنەی خۆت بگەڕێ کە بۆی دروست کراوی..!

«تۆ بۆ ئەوە دروست نەکراوی بە دوای خودی خۆتدا بگەڕێییت، بۆ ئەوە دروست کراویت خـۆت دروست بـکـەیت..»

هاوەڵی بەڕێز سەعدی کوڕی موعاز لەتەمەنی سی ساڵیدا موسڵمان بوو لەتەمەنی سی وشەش ساڵیدا وەفاتی کرد، کاتێک وەفاتی کرد عەرشی خودا کەوتە لەرزین، زانایان سەریان سوڕماوە ئەبێت ئەم هاوەڵە بەڕێزە چی کردەوەیەکی کردبێت لەم شەش ساڵەدا وا عەرشی خودا کەوتە لەرزین بە هۆی مردنی..؟!

کاتێک بە جوانی لە مەبەستەکانی قورئان تێبگەیت و خودا بناسیت خودا هەموو سنورێکی دونیا ئەشکێنێت لەبەر پێگە و بەڕێزی تۆ.

تەمەن تەنها ژمارەیە، کات دەڕوات ئەوەندەی بۆ خودا ژیاویت هەر ئەوەندەیە ژیانی تۆ، کەسی بەختەوەر ئەو کەسەیە وا چرکەیەک زیاتر لەگەڵ قورئاندا ژیاوە و ساتێک زیاتر یادی خوای کردووە.

حوزەیفەی کوڕی یەمان ڕەزای خوای لێبێت پیاوێک دەبینێت نوێژ دەکات بە پەلە پەل وەکو(هەندێک لە خەڵکی کە بەرچاومان دەکەون لە ناو مزگەوتەکاندا) جا حوزەیفە بانگی دەکات وپێی دەڵێت: ئەوە تۆ چەند ساڵە بەو شێوە نوێژ دەکەیت..؟! پیاوەکەیش فەرمووی: چل ساڵە.
ئیمامی حوزەیفە پێی فەرمووی: تـــۆ چـل ساڵە نوێژت نەکردووە!!
ئەگەر لەسەر ئەم شێوە نوێژکردنەت بمرێت ئەوا لەسەر میللەت وڕێبازی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)هەژمار ناکرێیت..!!

چــۆن خودا دەپەرستیت؟! چۆن لە ژیان تێگەیشتوی؟! چۆن لە مەبەستەکانی ئایین تێگەیشتوی؟ چۆن نوێژەکانت ئەنجام دەدەیت..؟!

ستیف جوبز دەفەرموویت:«کاتەکەت دیاری کراوە بەوە بەفڕۆیی مەدە ژیانی کەسێکی دیکە بژیت کە تەعبیر لە کەسایەتێ تۆ نەکات»

**پـرسـیار:**

**(**ئەگەر مەبەست لە ژیان خەفەت ودڵتەنگییە، ئەی **بۆچی** پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هاوسەرە زۆر خۆشەویستەکەی وشەش منداڵیشی لە دەستدا لە ژیانی خۆیدا، بیست تاڵ مووی سپی لە ڕیشی وسەریدا نەبوو..**بـــۆچــــی؟!)**

✧✧✧

(2)

## « ژیان بە سادەیی وەربگرە»

یەکێک لەو هەڵە گەورانەی مرۆڤ ئەوەیە وا بزانێت خەم وخەفەت بە هێزی دەکەن نەخێر وا نییە، خەم وخەفەت وەکو دەوایەکی زۆر بە قەوەت وایە ئەگەر نەزانی چۆن بیخۆی ئەبێتە هۆی تیاچوونت، زۆر کەس هەبووە هێندە لە ناو خەفەتدا بووە دوای ماوەیەک گیرۆدەی دەیان کێشەی دەروونی بووە چاکیش نەبووە هەتا مردن ئەزانن بۆچی؟!

لەبەر ئەوەی مێشکیش وەک هەر ئەندامێکی تر ماندوو ئەبێت بگرە هێندە ماندوو ئەبێت ئیتر هەموو ژیان بە تاریکی نیشان ئەدات لە پێش چاوت لەبەر ئەوەی نەتتوانی پارێزگاری لێ بکەیت، شتانێک بوو شایەن خەمی یەک خولەک نەبووە تۆ سێ ڕۆژ گریاویت، لە ژێر فشاردا بوویتە!!

هیچ کەسێک لە پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێت) بە ڕەحمتر نییە، هەموو منداڵەکانیشی پێش خۆی وەفاتیان کرد تەنها فاتیمە نەبێت، کاتێکیش پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەر بێت) گەیشتە کۆتایی تەمەنی چەند تاڵێکی کەم لە ڕیشی موبارەکی سپیبوو پێیان فەرموو ئەی پێغەمبەری خوا وا ئەتبینین پیربووی؟

ئەویش فەرمووی: سورەتی هود و خوشکەکان(سورەتی واقیعە و مورسەلات و عەمما یەتەسائەلون) منیان پیرکرد!!
نەیفەرموو مردنی منداڵەکانم منیان پیر کرد..لەبەر ئەوەی لەوە تێگەیشتوە چۆن مامەڵە لەگەڵ خەم وخەفەتدا بکات..!

ئیبنو حیببانیش دەڵێت: «نابێت مرۆڤی ژیر زۆر لە خەم وخەفەتدا بێت، لەبەر ئەوەی خەم وخەفەت زۆر ببێتەوە تەندروستێتی مێشک تێکدەدات و لە ژیری ئەو مرۆڤە کەم ئەکاتەوە».

کاتێک خەمێکت هەیە پێیکەنە، ئەزانم بێ هەست نیت، بەڵام تۆ بەندەی خودایەکیت دڵنیاییت خودا لەگەڵ هەموو ناخۆشییەک خۆشی دێنێت، لەگەڵ هەموو تاریکیەک روناکیەک هەڵئەکات بەڵام جاری واهەیە تۆ تەنها تاریکیەکە دەبینیت وئاگات لە روناکیەکە نییە ..!!

ژیان بە سادەیی وەربگرە..کاتێک کەسانێک دوای ئەوەی ئیشیان پێت نەما دەگۆڕێن لەگەڵتا بە کێشە تەماشای ئەم رووداوە مەکە، تەنها بڵێ خوا لێی خۆشبێت ئەو تەعبیری لە مرۆڤبوونی خۆی کرد..

مەگەر ئەمە سیفەتێکی زۆر زەق نییە لە زۆرینەی مرۆڤەکاندا؟ تەواو تۆش وەکو مرۆڤەکانی دیکە سەیری ئەو کەسە بکە، چاوەڕێیی شتی گەورە مەکە لەهەموو کەسێک، ئومێدی گەورەشت بە هەموو کەس نەبێت..!!

ئەگەر خۆت ناخت پاکە وچاکەکاریت چاوەڕێ مەکە لەخەڵکیش بە هەمان ئەو ناخ پاکییەی تۆ وەڵامت بدەنەوە، خۆ ئەگەر خەڵکی بەو شێوە بوونایە ئەوە ناخۆشی نەدەما لەسەر ئەرزدا.

خەڵکی وەکو کانزان، تێیاندایە زێڕە، خەڵکی واش هەیە ئاسنە وهەشە زیوە، تۆ زێڕبە وبەزێڕی خۆت مامەڵە بکە با هەموو دەوروبەرت ئاسن ومس بن، هەر تاکێک لەم ژیانەدا تەعبیر لە کەسایەتی خۆی ئەکات، کەس نوێنەری کەس نییە.

وەکو یارییەک مامەڵە لەگەڵ ژیاندا بکە، هەمووومان کاتێک یارییەک دەکەین ئەو یارییە لە هەندێک لە قۆناغەکانی ئەستەمییەکی تێدا بێت ئەوکات یارییەکە زیاتر چێژ بەخش نابێت بۆمان؟!
ژیانیش ئەوها تەماشا بکە هەر قۆناغێکی کەمێک ناڕەحەتی تێدا بوو وەکو ئەو یارییە چێژی لێ ببینە و بەخۆشحاڵیەوە تێیبپەڕێنە، یاریەکی سادە بەبێ ناڕەحەتی مرۆڤ زوو لێی بێزار دەبێت، ژیانیش ئەوهایە.

هەمیشە گەشبینبە وزەی ئەرێنی بڵاو بکەوە خودا لە دڵی خەڵکیدا خۆشەویست بکە، با ئەوەی تۆ ببینێت خودای بیر بێتەوە، با ئەوەی تەماشای تۆ بکات هەست بە ئاسانی وسادەیی ژیان بکات، هەمیشە با ڕۆحت تێربێت لە یادی خودا بۆ ئەوەی ئەوانەی دەوروبەرت چێژ لەو هێزە ڕۆحییەی تۆ ببینن.

هەمیشە بە جوانترین ڕەوشتەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکە، بە کردەوەکانت پێیان بڵێ ئایینی ئێمە بۆ ئەوە هاتووە گەشە بە لایەنی پەروەردەیی مرۆڤ بدات و ڕەوشتی بەرەو پێشەوە ببات، ژیان تەنها پارە نییە، ئایینیش تەنها نوێژ وحەج نییە..!!

ڕێزی هەموو کەسێک بگرە، ئەوەی ڕێزی تۆی نەگرت تۆ ڕێزی خۆت بگرە، لە ژیـانـدا مەرج نییە یەک کۆی یەک بکاتە دوو، ژیانیش بە گوێرەی کەسەکان وخەڵکەکـان جیاوازە..

لەلای هەندێک کەس ئافرەت ئەبێت هەمیشە لە خزمەتی پیاودا بێت و پیاو هەرکات ویستی حەزی خۆی پێ پەتـاڵ بکاتەوە پێی وایـــە بۆی هەیە، بە بێ گـوێدانە هەستی ئـەو ئـــافـرەتــە..!!

پێغەمبەری خوا(درودی خوای لەسەربێت) خۆی ئاژەڵی خۆی دەدۆشی و خۆیشی جلی خۆی پینەدەکرد، لــەهەموو کەسێکیش بەڕێزتربوو هــەم لەلای خودا هــەم لەلای خـەڵکیش، هەندێک پیاو لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە کەمی خۆیان دەکەن ناچارن بەسەر هاوسەرەکانی خۆیاندا خۆیان زاڵبکەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن بوونیان هەیە و قسەیان دەڕوات..!!

ژیان بە سادەیی وەربگرە..کـاتێک ئەچیتەوە بۆ ماڵ با هاوسەر و منداڵەکانت تامـەزرۆی دیدارت بن، با دەرچـوونت لە مـاڵ مایەی دڵ تەنگی ئەوان بێت، لێیان توڕە مـەبە..

ڕێگەیان بدە هەستی خۆیان دەربڕن، لەکاتی ڕوودانی هەر ڕووداوێک با دڵنیابن لە کاردانەوەت کە تۆ کەسێکی میهرەبانی و لەگەڵیان دەبیت، بۆ ئەوەی نهێنی خۆیان لەلای کەسی تر باس نەکەن..

چونکە مرۆڤ هەر کات زانی باس کردنی کێشەکانی کاردانەوەی خراپی لێ ئەکەوێتەوە لەلایەن دایک و باوکی دڵی ڕێگەی نادات باسی بکات ناچار ڕوو لە هاوڕێ و دۆستی خۆی دەکات بۆ باسکردنی خەمەکانی.

گەنجێک دێتە خزمەتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) پێغەمبەری خودا لەناو هاوەڵانیدا دانیشتووە گەنجەکە پێی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا ئیزنم بدە زینا بکەم؟!
هاوەڵەکان سەرزەنشتی گەنجەکەیان کرد پێغەمبەریش فەرمووی: وازی لێبێنن بەگەنجەکەی فەرموو: نزیک بەرەوە لێم گەنجەکەیش نزیکەوە بوو و دانیشت لە تەنیشت پێغەمبەری خودا ئەوکات پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: حەز ئەکەیت خەڵکی لەگەڵ دایکی تۆ زینا بکەن..؟
گەنجەکەیش فەرمووی: نەخێر خودا بمکاتە قوربانت، پێغەمبەریش فەرمووی: خەڵکیش حەزناکەن لەگەڵ دایکیان زینا بکرێت ئینجا فەرمووی: ئەی حەز ئەکەیت خەڵکی لەگەڵ کچەکەت زینا بکەن..؟
گەنجەکەیش فەرمووی: نەخێر، خودا بمکاتە قوربانت، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێت) فەرمووی: خەڵکیش حەزناکەن لەگەڵ کچەکانیان زینا بکرێت، ئینجا بەگەنجەکەی فەرموو: حەز ئەکەیت خەڵکی زینا لەگەڵ خوشکت بکەن..؟

گەنجەکـەیش فـەرمووی: نەخێر، خودا بمکاتە قوربانت، پـێغەمبـەریش فەرمووی خەڵکیش حـەزناکـەن لەگـەڵ خوشکـەکانیان زینا بـکرێت، پاشـان فەرمووی: ئـەی حەز ئەکەیت زینا لـەگەڵ پورتـدا بکـرێت..؟ گـەنجـەکـەیش فـەرمووی: نـەخێـر، خـودا بمکاتە قوربانت، پێغەمبەریـش(درودی خـوای لەسەربێت) فەرمووی خـەڵکیش حەزناکـەن لەگـەڵ پوریاندا زینا بکـرێـت.

ئینجا پێـغەمبەری خـودا(صلی الله علیه وسلمـ) دەستـی نـاوە سـەر دڵـی گەنجەکـە وفـەرمـووی: «خـودایە لە تاوانی ئەم گـەنجە خۆشبە و داوێنی بپارێزە..» گەنجەکە ئەفەرمووێت: لەو شوێنەوە دەرچووم قێزەونترین شت بەلای منەوە زینا بوو..!!

ئـەم فەرموودە پڕە لە زانسـت بەتایبەت بۆ ئەو کەسانـەی کە بانگخوازن، ئەم فەرموودە فێری هونەری قسـەکـردن و ڕەفتـاری جوانت ئەکـات بەتایبەت لـەگەڵ تاوانبـاران.

سـەرنج بـدەن گەنجـەکـە کاتێک لە کـاردانەوەی پـێغەمـبەری خودا(صلی الله علیه وسلم) دڵـنیابوو ئەوکات تـوانی بەو شـێوە داوای ئیزن لە پـێغەمبەری خودا بکـات بۆ تاوانێکی زۆر گـەورە..!!

ئایا لەم ڕۆژگـارەی ئێـمەدا گەنجێک ئـەتوانـێت بەم شـێوازە قسـە لەگەڵ باوکی بکات یان لەگەڵ مامۆستایەکی ئایینی..؟! بـۆچـی ناتوانـێت..جـێی پرسـیارە..؟! باشە خۆ مامۆستایەکی ئاییـنی لە پێغەمبەری خودا بەڕێزتر نییە..!

لـەم فەرموودەیەدا چـەن سـوودێکی پەروەردەیی هـەیە ئێستـا پشـت بەخـوا تیشک دەخەیـنە سـەری خاڵ بە خـاڵ:

- سـەیری ئەو ڕەحم وبەزەییەی پێغەمبەری خودا(صلى الله عليه وسلم) داوای زینا دەکات، پێغەمبەری خودا نزای بۆ دەکات چی ڕەوشتێکە، چی بانگەوازییەکە بۆ دینی خودای دەکات..!!

- سەیری ئەو حیـکمەت ودانابیەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) زانـی ئەو گەنجە شەهـوەتی زاڵبـووەتە سەر مێشکی ناکرێت بە عاتیـفە وەڵامـی بداتـەوە یان لێـی توڕە بێـت، قسەی لەگەڵ مێشـکی ئەو گەنجـەدا کرد بە یـادی هێنـایەوە ئەو کارەی چـۆنە وخەڵـکی چۆن لەو کـارە دەڕوانن.

- سـەرنجی ئەوەیـش بدەن چـۆن خۆشـەویستـی و ڕەحمی خـۆی بۆ ئـەو گەنجە دەردەبڕێت، پێی دەڵێت وەرە لێم نزیـکـەوە بە ولەلای من دابنیـشە..!!

- هەروەهـا سـەرنج بدەن پـێـغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چەند بە سـادەیی مامەڵـەی لەگـەڵ ئەم ڕووداوەدا کـرد، خـۆ ئـەیـتوانی دەری بکاتە دەرەوە وفەرمانیـش بـــە سەحابەکان بکات لێی بدەن بۆ ئەوەی جارێکـی دیکە بزانێت چۆن ڕەفتار دەکات لە حزوری کەسە گەورەکان..!!

« لە گەشتی ژیان چێژ ببینە، کەم بیربکەوە، زۆر گەشبین بە، کەم قسە بکە، زۆر کتێب بخوێنەوە، گومانی باش بەهەموو خەڵکی ببە، متمانە بەهەموو کەس مەکە، وەکو منداڵ بژی، وەکو گەورە بیربکەوە، وەکو ئافرەت بەسۆزبە، وەکو زستان ئارامبەخشبە با خەڵکی کاتێک گەرمی ژیان ماندوویان ئەکات تامەزرۆی زستانی تۆبن، ژیان ئاسانە، ژیان کۆمەڵێک قەناعەتە، قەناعەتی جوان لە مێشکت بچێنە..»

«پلە و پۆست پێگەی مرۆڤ بەرز ناکاتەوە، مرۆڤ بە ئەندازەی خزمەت کردنی بەرز وبەڕێزە..»

**پـرسـیار:**

ژیان خودا بە یاری باسی کردووە، لە عیبادەتەکانیش ئاسانی لە ئێمە دەوێـت، بـۆچـی ئێمە ژیانمان قورس کردوەتەوە..؟ قورس کردنێک بووەتە هۆی لە دەست دانی عیبادەتەکان..**بـۆچـی**..؟

✧✧✧

# (3)

## «نـهێنی خەم وخەفەت»

نهێنی خەم وخەفەت ڕاهێنانی مێشکمانە لە لایەن کۆمەڵگاوە، هەموومان بەرنامەمان بۆ داڕێژراوە لە لایەن کـۆمەڵگاوە بە ناڕاستەوخۆ دەست بەسەرقەناعـەتەکانمانەوە گیراوە ئەویـش بە بەکـارهێـنـانی (ئەگەر۔ ئەوکات) یانـی چی ئەگـەر ئـەوکـات..؟

هەموو خەڵکی وای لێ هاتووە دەڵێت ئەگەر زانکۆم تەواو کرد ئەوکات ئیشم دەس دەکەوێت وبەختەوەر دەبم..!!

ئەگەر ژنم هێنا ئەوکـات منداڵم دەبێ، دەبن بە پشت و پەنایەک بـۆم بەخـتـەوەر دەبم..! بەڵام سەیر ئەکەی هەموو ئەمانەیش ڕوو ئەدات کەسەکە هەر دڵخۆش نابێت گەورەترین بەڵگەیش دەوڵەمەندەکانە ئایە هەموویان دڵخۆشن..؟!

با من پێناسەی بەختەوەریت بۆ بکەم: ڕۆژێـک لە ڕۆژان چویتـە بۆ گـەشتێکی خۆش بۆ شوێنە شاخاویەکان...؟
جا لەو شوێـنە سـەوزایەکی جـوان وئاسمان شین ئەکـاتەوە، لە خۆتەوە دەڵێـی سبحان الله چەند جوانە چەنـد هەست بە ئارامی دەکەم..

قەت ئەو قسـەیە بە کارناهێنیت بڵێی خۆزگە ئەم شاخە کەمێک لەولاتر بوایە خۆزگە ئاسمان کەمێک شینییکەی زیاتر بوایە، نــا، چێژی لێ ئەبینیت وەکو خۆی بەبێ هیچ ڕەخنەیەک و بەبێ هیچ مەرجێک..

ژیانیش ئەوهایە..هیچ مەرجێک بۆ دڵخۆشیت دامەنێ، هەموو کات ولە هەموو شوێنێک و لەهەموو بارودۆخێک دڵخۆشبە..!

دڵخۆشبە کاتێک قوتابیت، دڵخۆشبە کاتێک مامۆستای، دڵخۆشبە کاتێک باوکی یان دایکی، ئەم ژیانە هەمیشە لە گۆڕانکاریدایە، ڕەنگە ئێستا لێرە بیت، دوای دوو ڕۆژ ڕووداوێک ناچارت بکات بچیتە وڵاتێکی دیکە بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن لەوێ بمێنیتەوە، بۆیە هەموو گۆڕانکارییەکەت پێ قبوڵ بێت..تو کەسێکی کامڵ تەواویت دڵخۆشی خۆت لە ناخی خۆتدایە..!

زۆر کتێب بخوێنەوە وچێژیش لەو خوێندنەوەیە وەربگرە، ئەگەر ڕۆژێکیش پێت نەکرا کتێب بخوێنیتەوە هەر دڵخۆشبە هەموو گۆڕانکارییەکەت پێ قبوڵ بێت لە ژیاندا..!

ئاڵودەی هیچ مەبە بەو واتا گەر پێت نەکرا ئەو شتە ئەنجام بدەیت بێ تاقەت بکات، ئاڵودەی هاوڕێ و زۆر دەرچونیش مەبە چونکە لە گەشتی ژیاندا دوادەکەوی، ئەکرێت خێزانەکەی خۆت تۆی قبوڵ نەبێت لە بیرۆکە وتێگەیشتنت ڕازی نەبن یان هاوڕێیەکانت..

ئەوان بە قبوڵ نەکردنی تۆ خۆیان لە نارەحەتیدا دەژین، تۆ هەموویانت قبوڵ بێت، بەڵام ئەمە ئەوەیش ناگەیەنێت لە ناو جۆرە خەڵکێکدا بژیت کە لە وزە و تاقەتت دەخۆن.

ئەوەندە پێویستە لەسەرت وەکو خۆیان قبوڵیان بکەیت و هەمیشە هەوڵ بدەیت ئەو بینینە جوانەی هەتە بۆ ژیان یان ئەو وزە جوانەی ڕۆحت هەڵگرییەتی ئەوانیشی لێ بێ بەش نەکەیت..!

با نزیک بوون لە تۆ ئارامی بێت بۆ ئەوان، هێزیش بێت بۆ ڕۆحیان، هەوڵ مەدە کەس بگۆڕیت، ژیان ڕاست وهەڵەی تێدا نییە، هەرکەسەو چۆن بیەوێت بژیت با بژیت..

ئێمە تەنها خودا پەرستییەکەمان پێویستە بە پێوەری شەرع بێت، بەڵام ژیانکردن وبەرنامەی ژیان بۆ تۆیە ئاوەدانی بکەوە بەدڵی خۆت..!!

**پـرسـیار:**

**بـۆچی** مرۆڤ تا منـداڵـە بەتەواوەتی چێژ لە شتەکان دەبینێت وبەختەوەرترە..؟

✧✧✧

# (4)

## «بـــەیانیـت بـــاش»

لە یەکـێـک لەشــەوەکان وەکو عــادەتی هەمیشەییم لەسەر شەقامی سەرەکی شاری کفری لە ژێر فێنـکای ئەو دارانــە دەهــاتم و دەڕۆیشتم بە مەبەستی دەرس کردن بە دەم گوێ گرتن لە شارەزایانی دیـن و ژیـن..

جا لەو شەوەدا گوێم لە دکتۆرێک گرت بــە ناونیشانی «چۆن بەیانیمان باشبێت» وەک ئاشکرایە لەلای هەموومان کە هەموو زمان ونەتەوەکان بەیانی باشیان هەیە لە نێوان خۆیاندا بە یەکتری بیلێن، بەڵام ئێمە زۆرجار بەیانی باش لەیەکتری دەکەین بەیانییەکی زۆر ڕووخاویشمان هەیە، بەیانییەکە پڕە لە پەشیمانی و نا ئۆقرەیی و بێ تاقەتیمان هەیــە..بــۆچی؟!

ئێمە پێویستە ئەوە بزانین بەیانی مرۆڤ هەرگیز لە خۆیەوە باش نابێت، چونکە مرۆڤ لە خۆیەوە دروست نەبووە هەتا ژیانی لەخۆیەوە باشبێت، بەرنامە بۆ ژیانی مرۆڤ لە خواردن وخواردنەوە گرنگترە، چونکە مرۆڤی بێ بەرنامە وبێ ئامانج چێژ لە خواردن وخواردنەوەیش نابینێ، مرۆڤی بێ بەرنامە کاتی بۆ هەموو کەسێک هەیە تەنها بۆ خۆی نەبێت..!

ئینجا باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی بەیانییەکەمان باش بێت و ژیانێکی دووبارە نەژین ئەبێت ئاگامان لەم سێ خاڵەی خوارەوە بێت:

**یەکەم:** شەوانە بە بیرۆکەی نێگەتیڤەوە مەخەوە، بەرنامەت هەبێت بۆ ژیان کاتی خەو هی خەوە مێشک و ڕۆحت بە بیرکردنەوە لە یارییەکانی ژیان ماندووی مەکە، ژیان یاریە، تۆ دروست نەبویتە تا ماندو و بەدبەخت بیت لە ژیان..

چی شتێک لە ئاسودەیی خۆت گرنگترە..؟ بە بیرکردنەوە لە تۆڵە سەندنەوە مەخەوە کەسە مەزنەکان لێبوردەن، بە بیرکردنەوە لە ناخۆشییەکانی ژیان مەخەوە، چونکە کاتێک بەو شێوە دەخەویت بەیانییەکەی کە هەڵدەستیت لە خەو وا دەزانیت هیچ نەخـەوتوی..

چونکە بە درێژایی شەو بەشێک لە مێشکت شیـکردنەوەی بۆ ئـەو بیرۆکە نێـگەتیڤانە کردووە و زیاتر مانـدوو بـووە ئەوکـات ئەنجامەکەی بەیانییەکی پڕ لە بێتاقـەتی وناخۆشت دەبێ نە تاقەتی خۆتت هەیە نە تـاقەتـی ژیــان.

**دووەم:** بەیانی بکرێتەوە بە ڕووتدا توو هیچ ئامانجێکت نییە بۆ ئەو ڕۆژەت ئەمە گەورەترین هۆکارە بۆ باش نەبوونی ڕۆژەکەت و ژیانت بەگشتی، باسی ئامانجی گەورە ناکەم، هەر ئەوەنە بزانیت چیت ئەوێت ئەنجامی بدەیت لەو ڕۆژەدا، مرۆڤ هەرکاتێک گەیشتە ئەو حاڵەتەی کە هیچ خەمێک نەبوو مێشکی سەرقاڵ بکات ئەوە ئەو مرۆڤە ڕێگای مردنی گرتووەتە بەر..

جەخت لەسەر ئەوەیش دەکەمەوە کە مەرج نییە ئامانج و هەدەفێک بۆ ئەوەی ئەنجامی بدەیت ئەو ئامانجەت خۆشبوویت نـــا وانییە، یەکێک لە ئەدەبیاتی سەرکەوتن ئەوەیە شتانێک ئەنجام بدەیت لە ژیاندا با حەزیشت پێی نەبێت بۆ ئەوەی بگەی بە ڕۆژانێک کە شتانێک ئەنجام بدەیت بە ویستێکی تەواوی خۆت.

**سێیەم:** کاتێک دەڵێی بەیانیت باشـ تۆ ئەو باشەیە بە وا بەیانیان دەڵێن بەیانیت باش، ئەو باشە تۆ بە، چیرۆکێکی باشبە لەژیانی هەموو ئەوانەی کە ڕۆژانە چاویان بە تۆ دەکەوێت، زۆرجار ئەگەین بە خزمەت کەسانێک دەڵێین دەم و چاوی باش ناڵێت، تۆ ئەو باشەیە بە وا خەڵکی بە دوایدا دەگەڕێن و پێی گەشبین دەبن، تۆ ئەو کەسە بەڕێزە بە وا خوای گەورە دەیەوێت، مرۆڤ ئەگەر لە پێناوی خەڵکی کردەوەیەک بکات تەمەنی ئەو کردەوە زۆر کورت دەبێت بەڵام ئەگەر لەگەڵ خودا بازرگانی بکات ئەوە هەمیشە باشـــە دەبینێت لە هەموو شتێکدا تەنانەت لە نێو خراپەکانیش وا بەرەو ڕووی دەکرێت هەر بە باشی لێی دەڕوانێت، باشبە با ئەوەی تۆی بینی خوای بیربێتەوە، باشبە با ئەوەی تۆی بینی بڵێت سوپاس بۆ خوا مرۆڤی باش هێشتا ماوە لەسەر ڕووی زەویدا.

لە ژیانی ڕۆژانەت هاوکاری خەڵکی بکە، سەلام لە هەموو کەسێک بکە، تۆ لەم ژیانەدا بۆ ئەوە دروست نەکراوی خەڵکی فێری ڕق بکەیت، بۆ ئەوە دروست نەکراوی بێ پێناسە بژیت، با پێناسەکەت لە دڵی خەڵکی ئەو پێناسەیە بێت وا پیاوچاکان پێی پێناسە کرابوون، با ئەو پێناسەیە بێت کاتێک کە ناوت دێنن بڵێن مرۆڤی وەکو«ئەو زۆر کەمە»

وەکو زۆرینە مەبە هەتا خوای گەورەیش کەسە باشەکانی بە کـەمینە باس کردووە، بۆیە بەیانی خۆت باش بکە و بەیانی خەڵکانی دیکەش جوان بکەوە، چونکە تۆ شایەنی ئەوەیت باشبیت و جوانیش ببەخشیت.

**پرسیار:**

ئەگەر باوەڕت وایە ژیان یەکجارە **بۆچی** خۆت نوێ ناکەیتەوە لەگەڵ خوای خۆت و جۆری ژیان کردنت؟ هەموو شتێک بڕیارە، بڕیار بدە.

✧✧✧

# (5)

## «وڵات چۆن دروست دەبێت»

ئەوەی لەم ژیانەی ئێمەدا ڕوودەدات قورئانەکەی خودا باسی کردووە، قورئان هیچ باس و خواستێکی فەرامۆش نەکردووە، دروست بوونی دەوڵەتێک کە تاکەکان لە ژێر سێبەردا بحەسێنەوە کارێکی هەروا سادە نییە، کۆمەڵێک بنەما و مەرجی تێدایە.

پێغەمبەری خوا دروودی خوای لەسەر بێت کاتێک نەیتوانی دەوڵەتی ئیسلامی لە مەککەی پیرۆز ڕابگەیەنێت و موشریکەکان ئازار وئەشکەنجەی پێغەمبەر و هاوەڵانیان دەدا، پێغەمبەری خودا کۆچی کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە بۆ ئەوەی لە مەدینە دەوڵەتی ئیسلامی ڕابگەیەنێت و خۆی کۆ بکاتەوە..

ئێمەش لێرەدا پشتیوان بە خودا بە وردی سەیرێکی قورئان دەکەین بزانین قورئان چی بنەمایەک و چی مەرجێکی هەیە بۆ دروست بوونی دەوڵەتێک کە تاکەکان لە ژێر خێر وچاکەی ئەو وڵاتەدا بحەسێنەوە، ئەم سەر زەویە چوار پیاو بە سەرتاسەری حوکمیان کردووە ئەو چوار پیاوە دووانی ئیماندار بوونە و دووانیشی بێباوەڕ دوو پیاوە ئیماندارەکە (ذوالقرنين و پێغەمبەر سلیمان) بوون..

دوو سەرکردە بێباوەڕەکەیش (نمرود و بختنصر) بوون، ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت (ذوالقرنین)ــە، زولقەرنەین سەر ئەرز هەمووی بە دەستییەوە بوو پاشایەکی مەزن بوو، لە ژیانیدا سێ گەشتی کرد وەک لە قورئاندا باس کراوە، گەشتیکیان بۆ خۆرئاوا و گەشتێکیان بۆ خۆرهەڵات و گەشتێکیان بۆ نێوان دووبەربەستەکە، وەک خوای گەورە لە سورەتی کەهف باسی دەکات پشتیوان بە خوا لێرەدا بە پوختی باسی دەکەین.

زیلقەرنەین یەکێکە لە پاشا خواناسەکان، سەر ئەرزی ئاوەدان کردەوە بە بڵاوکردنەوەی پەیامی خودا و هەروەها بەدەم چوونی داواکاری و پێیداویستی بەندەکانی خوداوە..

جا لەو سێ گەشتەی فێری چوار بنەمای جوانمان ئەکات بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی داتپەروەر و دوور لە گەندەڵی وستەم با بزانین (ذوالقرنین) لەم سێ گەشتەی چی کرد..؟ من لێرەدا بە شێوەی چوار بنەما باسی ئەکەم سەرچاوەی هەر بنەمایەک بەرهەمی گەشتێکی زولقەرنەینە، با بزانین بنەمای دروست کردنی وڵات چییە لە پێوەری شەرعدا:

بنەمای یەکەم: زولقەرنەین یەکەم گەشتی خۆی ولەشکرەکەی بۆ خۆرئاوابوو کاتێک چووە یەکێک لە شارەکان کەسانێکی بینی کە کەلەڕەق و بت پەرست وخوا نەناسبوون، هەروەها ئەم هۆزە خوا نەناسە پارە و ماڵی خەڵکیان دەخوارد بە ناحەقە و ئەو خەڵکەیان ژێر دەستە کردبوو زولقەرنەین فەرمووی:( أمّا مَن ظَلَم فَسَوفَ نُعذِبُه) واتــە: ئەوەی ستەم بکات ئێمە سزای ئەدەین.

زولقەرنەین زوڵم وستەمی ڕاگرت، فەرمانی بە یەک خوا پەرستی کرد، ئەو مافەی هی خوایە دەبێت بۆ خوا بێت، ئەو مافەیش کە هی خەڵکە دەبێت پارێزگاری لێبکرێت، بۆیە بە ڕاگرتنی ستەم ژیان بۆ خەڵکی گەڕایەوە خودایش بە جوانی پەرسترا لە ئەوە بەدوا، مەگەر ئەمن و ئاسایش لە دوای یەکخواپەرستییەوە نایات..!

مرۆڤ کاتێک لەگەڵ خودا کەسێکی دیکە دەپەرستێ ئەوە گەورەترین ستەمە ئەنجامی دەدا..!!

جا لە بنەمای یەکەمەوە بۆمان دەردەکەوێت: « **دروست بوونی وڵات پێویستی بە نەهێشتنی ستەمە، زولقەرنەین بڕیاریدا ئەوەی ستەم بکات ئەبێت سزا بدرێت و ئێمە سزای دەدەین، ئەوان گەورەترین ستەمیان دەکرد، کە هاوبەش دانانە بۆ خودا، هەروەها ستەم کردن لە خەڵکی وخواردنی مافەکانیان بە ناهەقە، ستەم کردن ڕەحمەتی خوای گەورەیش دەبڕێت».**

ستەم کۆمەڵگا ئەشێوێنێت جەعفەری ئامۆزای پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێت) فەرمووی: ئێمە قەومێکی نەزان بوومان بتمان دەپەرست، مردارەوەبوومان دەخوارد، تاوانە قێزەونەکانمان ئەنجام دەدا، کچمان زیندە بەچاڵ دەکرد، پەیوەندی خزمایەتیمان دەبچڕاند، لەگەڵ دراوسێ خراپ بوومان، و ئەوەی بەهێز بوایە کەسی لاوازی ئەچەوسانەوە، لەسەر ئەو حاڵە بوومان هەتا وەکو خوای گەورە پێغەمبەرێکی نارد بۆمان کە لە خۆمان بوو، ڕەچەڵەکیمان لێوە دیاربوو، ئەمان زانی چەند ڕاستگۆ ودەست پاک و داوێن پاکە ئەو پێغەمبەرە..

کاتێک هات، بانگەوازی ئێمەی کرد بۆ یەک خوا پەرستی، هەموو ئەو نەریتە خراپانەی گۆڕی، فێری داوێن پاکی کردین، فێری چاک بوونی کردین لەگەڵ دراوسێ، فێری نوێژ وزەکاتی کردین، فێری کردین درۆ نەکەین و شایەتی بە درۆوە نەدەین، وڵات بەم شێوە دروست دەبێت وڵات بە ستەم و گەندەڵی و قەبر پەرستی بنیاد نانرێت.

**بنەمای دووەم**: گەشتی دووەمی زولقەرنەین بۆ خۆرهەڵات بوو، جا ئەو شوێنە لە شوێنە جەمسەرییەکان بوو، شەش مانگی تەنها ڕۆژ بوو بە هیچ شێوەیەک  شەو و تاریکی بەسەردا نەدەهات(حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَطلِعَ الشَّمسِ) جا کاتێک چووە ئەوێ بینی خەڵکەکەی خەڵکانێکی ڕەش وڕووتن، نە خانویان هەیە، نە جل وبەرگ، لەبەر گەرمای خۆر دەچوونە ناو ئاوەوە خۆیان فێنک دەکردەوە، زولقەرنەین زانی کێشەی ئەم خەڵکە نەفامی ونەزانینە، چونکە خەڵکی ئەو شوێنە نەیاندەزانی چۆن خانوو دروست بکەن، نەیاندەزانی چۆن جل وبەرگ دروست بکەن بۆخۆیان، بۆیە هەستا فێریانی کرد چۆن خانو دروست بکەن، چۆن جل وبەرگ دروست بکەن تا خۆیانی پێ بپۆشن..

لێرەوە دەڵێین بنەمای دووەم بۆ دروست بوونی وڵاتێکی چاک: **«گرنگی دانە بەلایەنی پەروەردەیی تاکەکان و فێرکردنیانە، پێویستە گرنگی بە تواناکانی گەنج بدرێت، مرۆڤ ئەگەر خوێندنەوە و زانست بنەمایەک نەبن لەژیانیدا پێم ناڵێن سبەینێ ئەو وڵاتە چۆن پێش دەکەوێت..! خوێندن و زانست زۆر گرنگە بۆ هەموو تاکێک، چونکە مرۆڤی بێ زانست خواپەرستییەکەیشی کاریگەریەکی باشی نابێت بە سەریەوە»**

وڵاتێکی سەرکەوتوو دەبێت گرنگی بە زانست و خوێندنەوە بدات، وڵاتی ئەڵمانیا مووچەی مامۆستایان بەرزترین مووچەیە لە ئاستی هەموو فەرمانبەران، جا هەندێک لە دادوەر و بەرپرسان هەواڵیان بۆ وەزیری ئەڵمانیا نارد و پێیان فەرموو ئەگەر بکرێت کەمێک مووچەکەمان نزیکی مووچەی مامۆستایان بکەیتەوە..؟ ئەویش فەرمووی: ئەستەمە مووچەتان بگاتە ئاستی مووچەی ئەو مامۆستایانەی کە ئێوەیان پێگەیاند و پەروەردەیان کردن.

گرنگی دان بە زانست وڵاتێکی ئارام و چاک دروست دەکات، تاکێکی ڕۆشن فکر پەروەردە دەکات دوور لە توند ڕەویی و کاول کاری..!

**بنەمای سێیەم و چوارەم:** گەشتی سێیەمی زولقەرنەین بۆ نێوان دوو بەربەستەکە بوو **(بَينَ السّدين)** کە هەندێک لە زانایان دەڵێن دەکەوێتە نێوان(ئەرمینیا و ئەزەربەیجان) هەندێکی تر لە زانایان دەڵێن دەکەوێتە پشت وڵاتی (چین) جا ئەو کۆمەڵگایە کــە لەوێ دەژیان کۆمەڵگایەکی کراوە نەبوون پەیوەندیان نەبوو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەری خۆیان، هەر بۆیە توشی ئەشکەنجەیەکی زۆر هاتبون بە دەست یەئجوج و مەئجوجەوە..

هەر بۆیــە شکایەت لە ئەشکەنجە وفەسادی یەئجوج و مەئجوج دەکەن لەلای زولقەرنەین، جا خەڵکی ئەو شوێنە بە زولقەرنەینیان وت ئێمە پارەت پێ دەدەین بەربەستێک دروست بکە لە نێوان ئێمە و یەئجوج و مەئجوجدا..

وەک خوای گەورە باسی دەکات لە سورەتی کەهف: **(فَهَل نَجعَلُ لَکَ خَرجَا علی أن تَجعَل بَیننَا وَبَینَهُم سَدّا)** ڕزگارمان بکە لەم فەسادی وکاول کارییەی یەئجوج ومەئجوج بە بەربەستێکی بڵند وبەهێز، ئێمە خەرجییەکەت پێ دەدەین واتە: بە پارە بۆمان بکە..

زولقەرنەین خۆی پاشای سەر ئەرز بوو پێویستی بە پارەی ئەوان نەبوو، فەرمووی باشە ئەو بەربەستەتان بـۆ دەکەم بەڵام ئێوە یارمەتیم بدەن **(فَأَعِینُونِی بِقَوَّة)** باشە بۆچی زولقەرنەین داوای یارمەتی دەکات..؟ خۆ هەر خۆی هێندە سەرباز وهێزی هەیە ئەتوانێت بۆیان دروست بکات بە بێ هیچ هاوکارییەک لە خەڵکی شارەکەوە؟!

زولقەرنەین زانی کێشەی ئەو خەڵکە چییە بۆیە وای فەرموو، زانی کێشەی ئەو خەڵکە لاوازی ئیرادەیە، خەڵکەکەی زیرەکەن بەڵام ئیرادەیان لاوازە، چونکە هەر خۆیان فەرموویان سەدێکمان بۆ بکە لە نێوان ئێمە و یەئجوج ومەئجوجدا، زانیان چارەسەر چییە بەڵام هەوڵیان نەبوو، بۆیە زولقەرنەین پێیانی فەرموو باشە من بەربەستێکتان بۆ دەکەم، بەڵام بەهاوکاری ئێوە، بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵگایە دەربهێنێت لە دەردی دەست بەتاڵی و تەمبەڵی، کە دەستی بەسەریانەوە گرتوە ئەو دەردە، هەوڵیدا بیانگۆڕێت لە کۆمەڵگایەکی تەمبەڵەوە بۆ کۆمەڵگایەکی بەرهەمدار، هەر ئەمەیشە گۆڕانکاری ڕاستەقینە..

ئا لێرەوە دەڵێین بنەمای سێیەم بۆ دروست کردنی وڵات: **«هێز و ئیرادە بەخەڵک بدرێت هەلی کار بۆ گەنج و تاکەکان بڕەخسێت وکۆتایی بە تەمەڵی بهێنرێت، هەرکەسەو لە بواری خۆیەوە خزمەت بکات، مرۆڤ بە ئەندازەی هەوڵ و کۆشش و خزمەت کردنی بەختەوەرە»**

بنەمای چوارەمیش هەرلەم چیرۆکەی سێیەمەوە وەردەگرین کاتێک فەرموویان: **(إِنّ يَأجوجَ وَ مَأجُوجَ مُفسدونَ فِی الأَرضِ)** ئەی زولقەرنەین یەئجوج ومەئجوج فاسد و گەندەڵ و کاول کارن بۆیە تۆ بەربەستێک دروست بکە لە نێوان ئێمە و ئەواندا.

**بنەمای چوارەم** :نەهێشتنی گەندەڵی و گەندەڵ کارەکانە، ئەویش بەحەپس کردن وزیندانی کردنیان، چونکە زولقەرنەین بە مس وئاسنی زۆر بەهێز بەربەستێکی دروست کرد لە نێوان ئەو شارە و یەئجوج و مەئجوجدا، کەسی فاسد و گەندەڵ ئەبێت حەپس بکرێت، نەک زیندان و حەپسەکان پڕبن لەکەسی بێ تاوان چونکە ئەویش خۆی لە خۆیدا فەسادی و گەندەڵییە، بۆیە لێرەوە دەیڵێین بنەمای چوارەم بۆ دروست بوونی وڵات پێویست بەوە دەکات: « **گەندەڵ وگەندەڵ کاران حەپس بکرێن وکۆتاییان پێ بهێنرێت چونکە نەخۆشی و دەردن لە بەرەو پێش چوونی وڵات»**

**پرسیار:**

لە دوای خوێندنەوەی ئەم چوار بنەمایەی قورئان، ئایا قەناعەتت بۆ دروست نەبوو ژیانی ڕاستەقینەی ئێمە لە دەست گرتنە بە قورئانەوە..؟

✧✧✧✧

# (6)

## «ڕابـردوو»

زۆرێک لە خەڵکی لە ڕابردوودا دەژین بۆیە ژیانیان هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا نییە، مرۆڤ ئەو کاتەی تێیدایەتی داهاتووی دروست دەکات، دەبێت بزانێت چۆن داهاتوی خۆی دروست دەکات.

وە مرۆڤ نابێت لە ڕابردووی خۆی ڕابردوویەکی تر دروست بکات چـۆن؟ با ڕوونتر بیڵێم بۆ نموونە: ڕابردوویەکی سەختت بە سەربردووە ئەگەر بێت و ئێستایش تۆ بیر لەو ڕابردووە ناخۆشە بکەیتەوە ئەوە تۆ دیسان ڕابردوویەکی ناخۆشت نوێ کردووەتەوە..

غازی عبدولڕەحمان دەفەرمووێت:«هەموو ڕۆژێک کە بە ڕوومدا دەکرێتەوە ئەوە ئەو ڕۆژە دیارییەکە لە خوداوە، بۆیە ئەو ڕۆژە بە فێڕۆ نادەم بە ترس و دوودڵی لە داهاتوو، یان بە بیرکردنەوە و خەم لە ڕابردوو»

مرۆڤ ئەبێت بیرکردنەوەکانی خۆی بە شێوەیەک بەکار بێنێت ئەو بیرکردنەوەی خزمەتی بکەن، ئەبێت جۆری لەیەک دانەوەت بۆ ڕابردوو وژیان کردن دیاری بکەیت..

ئەتەوێت لە بەهاری ژیانتدا بیت یان هاوینەکەی، ئەگەر بەهاری ژیانت دەوێت، ئەوە پێویستە مێشکت کار لەسەر سەوز کردنی ژیان بکات، ژیان بۆ تۆیە سەوزی بکە .

لەم ژیانەدا یەک مردن هەیە، بە بیرکردنەوە لە ڕابردوو هەموو ڕۆژێک مەمرە، ژیان بۆ تۆیە بۆ ئەوەی ئازاد بیت خۆت زیندانی بیرکردنەوەیەکی هەڵەی خۆت مەکە، ژیانی تۆ ئێستایە لە خەمی دوێنەدا مەژی و لە دوو دڵی سبەینێدا هەناسە مەدە..

هەر کەسێک دەنگی ڕابردوو بیخنکێنێت، ناتوانێت قسە لەگەڵ داهاتوودا بکات..!

**پرسیار:**

ژیانی تۆ ئەم ساتەیە وا تێیدای ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، ئەی **بۆچی** سەرقاڵی ڕابردووی..؟!

✧✧✧✧

# (7)

## «ژیـانی تـۆ»

هەمیشە گرنگ بووە بۆمن ئەو کارانە ئەنجام بدەم کە خۆشەویستن بەلامەوە، بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە ڕەنگە بۆ کەسانی تر شتێکی بێ نرخ وبێ واتا بن..

ئەوەندە بەسە کە خۆم بەو کارە ئاسوودە دەبم، ئایا تا ئێستا زانیوتانە لە کۆتایی تەمەنتان لە زۆرێک لە بڕیارەکانتان پەشیمان دەبنەوە کە بەهۆی خەڵکیەوە داوتانە بەبێ قەناعەتێک لە ناخی خۆتانەوە..

پیاوێکی پیر پرسیاری لێکرا لەچی شتێکی ژیانت پەشیمانی فەرمووی: زیاتر لەو شتانە پەشیمانم وا نەمکردووە لەبەر قسەی خەڵکی وەک لەو شتانەی وا کردوومە ، ئەم قسە لە برای بچوکی خۆتەوە وەربگرە خەڵکی هێندە سەرقاڵی ژیانی تۆ نین وا تۆ هێندە بیر لە بۆچوونی خەڵکی دەکەیتەوە..!

چاوەڕێی دەستی کەس مەبە، چاوەڕێی ئامۆژگاری کەس مەبە، مرۆڤەکان هەتا پێویستیت پێیان بێت ئەوان زیاتر بە کەمی تەماشای تۆ دەکەن، ژیان ژیانی تۆیە،بەهێزبە توانای هەڵگرتنی هەموو بەرپرسیارییەتییەکت هەبێت.

مرۆڤەکان ئەوکاتە لە ژیانی تۆ قسە دەکەن کە دەستیان بەتاڵە، تاقیشی بکەوە بچۆ بۆلای مرۆڤێک کە ئەو مرۆڤە سبەینێ تاقی کردنەوەیەکی گەورەی هەیە پێی بڵێ هاتوومە بۆ لای تۆ پڕۆژەیەکم هەیە ئەمەوێ ڕای تۆ بزانم پێت دەڵێت بە خوا کاتم نییە بەیانی تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرانم هەیە هەڵیبگرە بۆ ڕۆژێکی تر..

لەبەرامبەریشدا زۆرجار لە دانیشتنێکی گشتی دانیشتویتە بە دانیشتوان بڵێ پڕۆژەیەک هەیە لە مێشکم ئەمەوێ ڕای ئێوە بزانم ئەوکات بزانە چەن ڕا و بۆچون ڕووت تێ ئەکات، یەکێک ئەڵێت وا بکە ئەوەی تر نـا ئەوها باش نییە، کەسیانیش قسەکەیان تەواو نییە تەنها کاتیان زۆرە؟؟!

مرۆڤەکان تەنها لە کاتە بەتاڵەکانیان دوو قسەی بێ بنەمات بۆ ئەکەن، تۆش لەسەر دوو قسەی بێ بنەمای ئەوان بڕیارێکی گەورە لەسەر ژیانت ئەدەیت؟؟! ئەمەیە دۆڕانی ڕاستەقینە..!!

**پرسیار:**

**دەوروبەرت ڕۆژانە بەرنامەی خۆیان جێبەجێ دەکەن چیان دەوێت لەم ژیانە دەیکەن بەبێ ئەوەی ڕای تۆ وەربگرن، بۆچی تۆ هەموو کەسێک مافی ئەوەت پێی داوە لە ژیانت قسە بکات..؟!**

✧✧✧✧

# (8)

## «وەکو منداڵ بە»

ئیبنولجەوزی دەڵێت: «ئەگەر شەوێک لە تاریکیدا دانیشتیت گفتوگۆ بکەیت لەگەڵ زاتی پیرۆزی الله ئەوە ئەدەب وئاکاری منداڵ هەڵبژێرە چونکە منداڵ ئەگەر شتێکی ویست وپێی نەدرا ئەوە دەگرییێت تا ئەو شتەی دەیەوێت بە دەستی دەهێنێت»

ئەبێت ئێمە ئەوەیش بزانین کارە مەزنەکان بە هێز ڕوو نادەن بەڵکو بە هەوڵدان بۆ دەست هێنانی ڕوو ئەدەن، ئەگەر زۆریش لەسەرخۆ بیت لە ڕۆیشتن بەرەو ئامانجەکەت، جا لە مامەڵەشتان لەگەڵ پەروەردگار هەر وابن شتێکتان دەوێت لە ڕۆژێکدا دە جار نزا مەکە وڕۆژانی تر خودات بیر بچێتەوە هەموو ڕۆژێک با کاتت هەبێت بۆ باسکردنی دەردەکانت بۆ ئەو زاتەی وا دەرمانی هەموو دەردێکی لەلایە.

دایکە عائیشە ڕەزای خوای لێبێت لە پێغەمبەرەوە بۆمان ئەگێڕێتەوە دەفەرمووێت:«أحب الأعمال إلى الله أدومها وإن قلَّ» واتـــە: خۆشەویستترین کردەوە لەلای پەروەردگار ئەو کردەوەیەیە وا مرۆڤ بەردەوامە لەسەری ئەگەر چی کەمیش بێت.

هەندێ جار منداڵ حەزی بە شتێکە یەک مانگ داوای ئەکات، ڕەنگە هەندێ جار سەرقاڵی یاری ببێت و بیری بچێتەوە، بەڵام دوای هەم داوای دەکات هەتا بەو داوایەی خۆی دەگات، تۆیش وابە، تەمەنت هەمووی بە داوا کردن لەپەروەردگار بەسەر ببە هەموو ڕۆژێک داوای بەهەشتی لێ بکە هەموو ڕۆژێک پەنای پێ بگرە لە دۆزەخ، هەموو ئاواتە گەورە و بچوکەکانت لەو داوابکە..

چۆن هەموو ڕۆژێک نوێژ دەکەی ئاوهایش هەموو ڕۆژێک با بەشێک لە کاتەکانت خۆ چەماندنەوە بێت لەبەردەم گەورەیی پەروەردگار، هەرچەندە خۆ چەماندنەوە لەبەردەم پەروەردگار گەورەییە، خۆ چەماندنەوەیش لەبەردەم مرۆڤەکان ئەو پەڕی بچوکیە.

**پرسیار:**

**بۆچی بەکەمی سەیری خۆت دەکەیت؟ لەکاتێکدا ڕۆخاندنی کەعبەی پیرۆز زۆر ئاسانترە لەلای خودا وەک لە ڕشتنی خۆینی موسڵمانێک بە ناهەقە، ئەی تۆ موسڵمان نیت؟ بۆچی دڵخۆش نیت..!**

✧✧✧

# (9)

## «هەوڵی گۆڕانکاری بدەیتماندوو دەبی»

ئەمڕۆ تێکەڵی ژیان بووم وخەڵکی جۆراوجۆرم بینی، خەڵکانێکم بینی نە تاقەتی خودی خۆیانیان هەبوو نە تاقەتی خەڵکانی تر، خەڵکانێکم بینی بە زمانێکی جیاواز قسەیان دەکرد، زمانەکەیان وەکو زمانی من نەبوو، خەڵکانێکی دیکەم بینی لەشەقامدا دەڕۆشتن پێچەوانەی یاساکانی هاتووچۆ.

ئینجا چوومە چێشتخانە داوای خواردنێکم کرد پاش چەند خولەکێک خوراردنەکەیان هێنا، بەڵام ئەوە نەبوو وا من ئەمویست، تامێکی ناخۆش وبۆنێکی ناخۆش، گەڕامەوە بۆ ماڵ بێ تاقەت بووم لەو هەموو شتە ناخۆشانە کە بە دڵی من نەبوون، چاوم بە هاوسەرەکەم کەوت ئەویش دەستی کردە قسە کردن، هاوسەرەکەم کەسێکە زۆر قسە ئەکات جوانیش نییە..باشە من چۆن ژیان بە ڕێ بخەم لەگەڵ ئەم هەموو ناخۆشیە؟!

لەناو ئەم ژیانەدا کۆمەڵێک شتی زۆر جیاواز هەیە، کە پێچەوانەی حەز ویستی ئێمەن، ئەمەیشە وای کردووە هەست بە نا ئارامی بکەین، هیچ مرۆڤێک نییە لەسەر ئەم گۆی زەویەدا ئیللا بە دوای ئارامی دەروون ورۆحی دەگەڕێت، بەڵام پێم وایە ئێمە پێناسەمان بۆ ئارامی دەروون هەڵەیە..

هەمووەمان وا ئەزانین بۆ ئەوەی دەرونێکی ئارام ومێشکێکی ئیسراحەتمان هەبێت ئەبێت هەموو شتێک بە دڵی خۆمان بێت بێ کێشە بێ تورەی بێ ئەوەی کەسێک دژمان بێت بەڵام ئەمە ئارامی ڕاستەقینەی ناخ نییە ئەمە مردنە، ئارامی ڕاستەقینە ڕازی بوونە بەهەموو ئەو جیاوازیانەی ڕوو دەدەن، ئارامی ڕاستەقینە ئەبێ ڕێز لە جیاوازیەکان بگرم بزانم من کەسێکم تۆیش کەسێکی دیکەی

هەمیشە وتوومە ئێمە بەهەڵە پێناسەی ژیان دەکەین، ئێمە کاتێک هاوسەر گیری ئەکەین وا ئەزانین ئەو ئافرەتە پێویستە ڕێک وەکو ئێمە بێت وەکو ئێمە بیر بکاتەوە وەکو ئێمە هەستەکانی دەربیڕێت نا زۆر هەڵەیە ئەم جۆرە بیرکردنەوە، ئا ئەمە ڕۆحی داهێنان ئەکوژێت، ئەگەر ئێمە بمانەوێت هەموو منداڵەکانمان ببنە دکتۆر ڕێزمان لە جیاوازەکان نەگرتووە وکەسەکانمان وەکو خۆیان قبوڵ نەکردووە

نهێنی بەختەوەری و دووربوون لە کێشە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لە دەوروبەرتن و ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت ئەوەیە قبوڵیان بکەیت، ئەوە بزانە ئەگەر خودا بیویستایە ئەوە هەموو خەڵکی بە ئیمانداری دروست دەکرد، بەڵام خوای گەورە وای نەویستووە ئیتر تۆ چۆن ئەتەوێ ئەوە بکەی، ژیان بەو جیاوازیەوە جوانە..

**پرسیار:**

بوونـی کتێبخانە لەماڵدا ڕێژەی تەڵاق کەم دەکاتەوە، بۆچی؟

پەیوەندی چییە لە نێوان خوێندنەوە وتەڵاق؟

# (10)

## «فشار و گەشە»

ئەگەر ژیانت ناخۆشە، ئەگەر تەنیای، ئەگەر هەتیوی، ئەگەر ژیان بە هەموو شێوەیەک نارەحەتی کردووی، وەرە با سەیرێکی ژیانی پێغەمبەری خوا بکەین (درودی خوای لەسەربێت) چەن بە نارەحەتیدا تێپەڕی لەکاتێکیشدا خۆشەویستترین کەسە لەلای پەروەردگار، ئەو قسەیەتان لە کوێ هێناوە خوای گەورە ڕقی لە منە بۆیە ئەوەندە توشی کێشەم دەکات..!!

ئێستا کاتێک باسی ژیانی پێشەوای مرۆڤایەتی دەکەم ئەوکات دەزانی کە مرۆڤ توشی ناخۆشی دێ مەبەست تورەیی خودا نییە، بەڵێ خودا سزای بێباوەڕ ئەدات بەڵام کەسی بڕوا دار هەرچییەک ڕوودات لە ژیانیدا خێرە بۆی.

پێغەمبەری خودا (درودی خوای لەسەربێت) خۆشەویستترین کەس بوو لەلای پەروەردگار لەگەڵ ئەوەیشدا بە نارەحەتترین شێواز گەورە بوو، منداڵییەکی سەختی بە ڕێ کرد، من لەگەڵ ئەوەدا نیم مرۆڤ بڵێت ژیان ناخۆشە، چونکە بە پێی کات مرۆڤێکی ڕەشبینی لێ دەردەچێت ژیان هەرچی بەسەرتا هێنا ئەبێ گەشبین بیت وەکو پێشەوای مرۆڤایەتی، تەسەور بکە بەرد بارانی دەکەن کاتێک دەچێتە تائیف گیانی هەمووی..

خوێنە دەڵێت: ئومێدەوارم خودا لە نەتەوەی ئەمانەدا کەسانێکی باش دەربێنێت چی گەشبینییەکە؟!

هەر لە سکی دایکی بوو پێغەمبەری خودا باوکی مرد، بەبێ باوک لە دایک بوو پاشان لە تەمەنی شەش ساڵی دایکیشی مرد، منداڵێکە تەمەنی شەش ساڵە نە دایک نە باوک لە ژیانیدا نییە، چی ئازارێکە! پاشان باپیری بە خێوی کرد عبدالمطلب پێغەمبەری خودا تەمەنی بووە هەشت ساڵ باپیریشی مرد، ئەوجا مامی بەخێوی کرد ئەبو تاڵب جا مامی زۆر هاوکاری بوو هەرچەند ئیمانیشی نەهێنا ئەوجا مامیشی مرد، هەر ئەو ساڵەیش کە مامی مرد خەدیجەی خێزانیشی مرد، بۆیە ئەو ساڵە ناوی لێنرا ساڵی خەم و خەفەت (عام الحزن)

کاتێکیش گەورە بوو خوای گەورە کردیە پەیامبەر هەموو خزم و دۆستەکانی دژی وەستان، پێان وت درۆزن، شاعیر، ساحیر هتد..
خۆشەویستەکانم ئەم قسانەی باسی دەکەم ڕەنگە بە ئاسان بیبینن، بەڵام بیربکەنەوە ئەگەر تەنها ئەندامی عایلەکەتان دژتان بن چەند هەست بە ناخۆشی دەکەن لەو ماڵە !! ئەی چۆنە ئەگەر هەموو خزمەکانیشت دژت بن لە کاتێکیشە تۆ لەسەرحەقی..! ئیتر خۆتان بیر لەو ئازارە بکەنەوە

ئەگەر ژیانت ناخۆشە، ئەوە پێغەمبەریش هەبووە زۆر لە تۆ بەڕێزتر بووە وژیانیشی پڕ بووە لە ناڕەحەتی، ئەگەر بەهەتیوی گەورەبوویتە ئەوە پێغەمبەر هەبووە بەبێ دایکی و باوک گەورە بووە..

ئەگەر لە زیندانی، ئەوە پێغەمبەریش هەبووە بەستەم زیندانی کرابێت، ئەگەر دۆست و دەوروبەرت پاڵپشتت نین، ئەوە پێغەمبەریش هەبووە

گەورەترین ئازاری پێگەیشتووە لە لایەن خزم ودۆستەکانی، بەرنامەکەی خودا بکە پێوەری ژیانت، قورئانەکەی خودا بکە هاوڕێی نزیکت، کردەوە چاکەکانت بکە هاوڕێی تەنگانەت، خودایش بەجوانی بپەرستە حەقت بەسەر بەندەکانییەوە نەبێت، چونکە زۆرێک لە بەندەکانی خودا کوێرن، کەسی کوێریش ناکرێتە ڕێ نیشاندەر بۆ خەڵکی.

**پرسیار:**

مەبەست لە ژیان ئەوەیە مرۆڤ خاوەن قەزیەیەک بێت وهەڵگری پەیامێک بێت، بۆچی بە دوای ژیانێکی سادە وتەقلیدی دەگەڕێی؟

✧✧✧

"حەسوودی بە کەسێک مەبە کە ژیانی خۆشە وبەختەوەر و تۆیش ژیانت وەکو پێویست نییە، چونکە یەکێک لەهۆکارەکانی بەد بەختی ئەوەیە ناخت پاک نەبێت بەرامبەر بەندەکانی خودا، بەو ئەندازەی چاکەت بوێت بۆ بەندەکانی خودا، خودا ژیانی تۆ چاک و خۆش دەکات.."

ـ موحەممەد ناجی

***

"خەڵکی دەڵێن ئەوە بخوێنە وا سودت پێ دەگەیەنێت، بەڵام من دەڵێم سود وەربگرە لەوەی دەیخوێنیت.."

ـ عەبباس مەحموود عەققاد

***

"ئەستەم وشەیەکە مرۆڤ دایهێنا، مرۆڤ هەر شتێکی بوێت ئەتوانێت پێی بگات تەنها هەوڵ بدات، ژیان لەلای من واتە: "هەوڵدانــ"

ـ موحەممەد ناجی

***

"ساڵ 365 ڕۆژە هەوڵ مەدە هەموو ساڵەکە کەسێکی بەختەوەر و چاک بیت چونکە سەر ناگرێت، ڕۆژانە کار لەسەر ئەوە بکە کە بەختەوەرانە بژیت هەتا کاتی خەوتنت، نەک قسەیەکی هیــچ بێتاقەتت بکات، ژیانی خۆتە مەهێڵە کەس قسەی تێدا بکات و ڕێگەش مەدە کەس ڕۆژەکەت تێک بدات، کۆمەڵێک بەرنامە بۆ ئەو ڕۆژەت دیاری بکە حەقی ڕۆژاکانی دیکەت نەبێ، ڕۆژانە چۆن دەژیت؟ ڕۆژەکانت کوالێتی ژیانی ساڵەکەت دیاری دەکەن.."

ـ موحەممەد ناجی

***

# (11)

## «بەرنامەی خودا»

ئەو شتەی کە گومانی تێدا نەبێت ئەوەیە کە مرۆڤەکان بە پێی دووریان لە بەرنامەی خودا ماندوو ئەبن، ناڕەحەتی هەمیشە میوانیان ئەبێت..

دڵتەنگی وخەم وخەفەت ئەبێتە هاوڕێی زۆر نزیکی ئەوان، کەسێک پشت لەبەرنامەی خودا بکات تامی هەموو شتێک دەکات جگە لە کامەرانی..

تا وای لێ دێت گەورەترین خەمی ئەو مرۆڤە ئەبێتە سکی ودامێنی چی سزایەک لەمە خراپترە کە مرۆڤ لە مرۆڤایەتی خۆی دەربچێت وئارەزووەکانی ببنە گەورەترین کێشەی و گرنگترین قەزیەی..!

وەک خوای گەورە ئەفەرمووێت: **{أولَئِكَ كَالأنـعَامِ بَل هُم أضَل}** واتــــە: ئەمانە وەکو ئاژەڵ وان لەوەی کەسوود لە چاو وگوێ ودڵیان نابینن بەڵکو لە ئاژەڵیش وێڵ وسەرگەردانترن چونکە ئاژەڵ بە قسەی شوانەکە دەکات ئەگەر چی لەقسەیشی تێنەگات.

چۆن دڵێک تامی خۆشبەختی ئەکات؟چۆن ئارام دەبێت ؟چۆن ئۆقرە دەگرێت لەکاتێکدا هەموو ئەمانە لە دەست گرتن بە ئاینەکەی خوداوە بە دی دێن وەک خوای گەورە ئەفەرمووێت: **{الاَ بِذِكرِ اللهِ تَطمَئِنُ القَلوبِ}**واتــە:ئەو کەسانەی کە بڕوایان هێناوە ودڵیان ئارام ئەبێت بە زیکر و یادی خوای گەورە وە بزانن تەنها بە زیکرو یادی خوای گەورە دڵەکان هێمن وئارام وئاسوودە دەبێت .

مەحاڵە دنیایەک نرخی باڵە مێشولەیەکی نەبێت لەلای پەروەردگار ببێتە هۆی بەختەوەری مرۆڤ..! ئەوەی وا هەست دەکات هەموو شتێکی هەیە بەختەوەرە ئەوە ئەو کەسە لە خەیاڵدایە، هەموو دنیات هەبێت یەک نوێژێک نەکەیت بە ئەنقەست تۆ بەدبەخت و دۆڕاویت..!

کێشەی مرۆڤەکان ئەوەیــە بە دوای ڕاستی بابەتەکاندا ناگەڕێن هەر کەسەیان دڵخۆشی خۆی لە چیدا بینی بەوخەڵکە دەڵێت (ژیان واتە ئەم شتە) ئا نەتان بینیوە کەسانێک چێژ لە جگەرە ئەبینن دەڵێن جگەرە ژیانە!!

ئالێرەشەوە بەدبەختییەکی تر دەست پێ ئەکات ئەو مرۆڤانەی هەمیشە لە قارو خەفەتدان بە پێی تێپەڕبوونی کات قەناعەت دەکەن کە ژیان هەر ئەمەیە وا ئەمان تێیدان، هەتا وایان لێ دێت خۆشی خۆیان لە ناڕەحەتی وخەمدا دەبینن، چونکە گەیشتن بە قەناعەتێک ژیان واتە خەم وخەفەت حەزئەکەن کێشەیان بێت حەز ئەکەن نەخۆش بکەون بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشن، بۆ ئەوەی بەرامبەر بڵێن ها ئێمە نەمانگوت ژیان واتە ناخۆشی دەی سەیری ژیانمان بکە.

کەواتە دەبێت ئەوە بزانین بۆ ئەوەی قەناعەتەکانمان ڕاست بن و بیرکردنەوەکانمان جێی قبوڵ بن ئەوە پێویست دەکات دەست بە بەرنامەی خوداوە بگرین، ئەوکات قەناعەتەکانمان ئەوانــە دەبن کە خودا ویستویەتی، بیرۆکەکانمانیش ئەوانە دەبن کە خودا پێی ڕازیە، ژیانیشمان ئەوە دەبێت وا خۆمان دەمانەوێت کە بریتییە لە ژیانی ڕاستەقینە.

دەست بە قورئانی خوداوە بگرن چی بە خوێندنەوەی، چی بە لەبەرکردنی لەبەر ئەوەی قورئان بەرەکەتە، قورئان شیفایە، هەموو دەرمانێک کە بە کاری دەهێنن هەر ئاسەوارێکی خراپی دەبێت، تەنها قورئان نەبێ شیفایە بەبێ زیان ، ڕەحمەتە بە بێ بەڵا، بەرەکەتە بەبێ کەمی، وەک خوای گەورە ئەفەرمووێت: (**وَنُنَزِّلُ مِن القُرآنِ مَا هُو شِفَاءُ وَرَحمَة لِلمُؤمِنِين وَلايَزِيدُ الظَّالِمِينَ إلا خَسَاراً**) واتـــە: وە ئێمە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز دادەبەزێنین کە شیفا وڕەحمەتە بۆ باوەڕداران، شیفای دەروونی وجەستەیی، وە شیفای دڵە لە گومان و نیفاق و شیرک، وە ئەو قورئانە پیرۆزە هیچ شتێک بۆ ستەمکاران زیاد ناکات لەبەر ئەوەی بە درۆیان زانیوە ئیللا زەرەرمەندی وبەهیلاکچون نەبێت.

هەروەها پێغەمبەری خودا ئەفەرمووێت: **(مثل الذي يذكر ربه والذي لا يذكر ربه مثل الحي والميت)** واتـــە: نمونەی ئەو کەسی زیکر ویادی خودا ئەکات ولەگەڵ ئەو کەسی یادی ناکات وەک نمونەی زیندو ومردوو وایە.

با هەموو دنیا هی تۆ بێت لە یادی خودا دووربیت تۆ کەسێکی مردووی، با خەڵکی شایەتی باشەت بۆ بدات لە ناخەوە ڕقت لە ئایین وفەرمانەکانی خودا بێت تۆ کەسێکی مردووی، وەک سەرەتایش باسمان کرد گرنگ ئەوەیە لە ڕاستی شتەکان بگەین، نەک ئەو شتانەی کراونەتە ڕاستی..!

**پرسیار**:

هەموو ڕێگایەکت تاقی کردەوە دڵخۆش نەبووی، بۆچی ئەمجارەیان ڕێگا و بەرنامەی خودایش تاقی ناکەیتەوە؟

✧✧✧✧

# (12)

## «بۆچی موحەممەد؟»

خوای گەورە کاتێک سەیری دڵەکانی کرد بینی باشترین دڵ دڵی پێغەمبەرە "دروودی خوای گەورەی لەسەر بێت" بۆ گەیاندنی ئەم پەیامە، چونکە بە ڕەوشتترین کەس بوو "دروودی خوای لەسەر بێت" وەک خوای گەورە ئەفەرمووێت: **(وإنّکَ لَعَلی خُلق عَظیم)** واتـــە: بەڕاستی تۆ لەسەر ڕەوشت و خوویەکی زۆر جوان و پەسەند و بێ وێنە ومەزنیت.

بۆچی خوای گەورە کیسرا پاشای فورسەکانی نەکردە پێغەمبەر خۆ ئەگەر کیسرا پێغەمبەر بوایە خەڵکێکی زۆر باوەڕی پێی ئەهێنا چونکە پاشا بوو، بەڵام وەکو باسمان کرد کەس ڕەوشتی وەکو ڕەوشتی پێغەمبەر نەبووە (صلی الله علیە وسلم) ئەوجا کیسرا هاوسەر گیری لەگەڵ کچی خۆیدا کرد پاشان کوشتی..!

لە بەرامبەریشدا پێغەمبەر(صلی الله علیە وسلم) بۆ هەر جەنگێک بڕۆشتایە سەرەتا ئەچووەماڵی فاتیمەی کچی چونکە زۆر خۆشی دەویست، لەهەر جەنگێکیش بهاتایەوە سەرەتا ئەچووە ماڵی فاتیمەی کچی، وە پێغەمبەر لە هەر شوێنێکیش دابنیشتایە فاتیمەی کچی بهاتایەتە ناو ئەو دانیشتنە پێغەمبەرەی خودا (دروودی خوای لەسەر بێت) هەڵئەسایە سەر پێ وناو چاوانی فاتیمەی ماچ دەکرد ولە شوێنەکەی خۆی دایدەنا، ئەوەیش ڕەوشتی

پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێت) ئەو ڕەوشتە بەرزەی ئەوها بەرزی کردەوە..!

هەر پێغەمبەر بوو (درودی خوای لێبێت) ئافرەتی ڕزگار کرد لە کۆیلایەتی وسوکایەتی، هەر پێغەمبەر بوو(درودی خوای لەسەر بێت) منداڵی ڕزگار کرد لە نەریتی زیندە بە چاڵ کردن، هەر پێغەمبەر بوو (درودی خوای لەسەر بێت) بە پەیامە جوانەکەی ئێمەی کردە مرۆڤ، خۆ مرۆڤایەتی پێش هاتنی پێغەمبەر سەرشۆڕی بتێک بوون..!

ئافرەتێکی جولەکە ژەهر ئەکاتە ناو خواردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) ئەیەوێ پێغەمبەری خوا بکوژێت بۆیە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئاگادار ئەکرێتەوە لەلایەن خوداوە کە ئەو خواردنە ژەهری تێدایە و ئەو خواردنە مەخۆ، دواجار هاوەڵە بەرێزەکان ئەو ئافرەتە دێننە حزوری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) پێی ئەڵێن ئەم ئافرەتە بوو ژەهری کردە ناو خواردنەکەت ئەی پێغەمبەری خوا، پێغەمبەری خوایش بە ئافرەتەکەی فەرموو: ئەوە بزانە خودا هەرگیز تۆ سەرناخات بە سەر مندا، هاوەڵە بەرێزەکان فەرموویان ئەم ئافرەتە بکوژین؟ پێغەمبەری خوا فەرمووی نا مەیکوژن وازی لێبێنن با بڕوات کەی ئەوە ڕەوشتی موحەممەد بووە ئافرەت بکوژێت.

پێغەمبەرەکەمان زۆر جیاواز بوو، سەحابە کاتێک باسی ئەکەن ئەڵێن کاتێک لە شوێنێکدا دائەنیشتین پێغەمبەری خودا لە نێو ئێمەدا دادەنیشت بەبێ ئەوەی شوێنێکی تایبەتی هەبێت یان جلێکی تایبەت، هەندێ جار بووە کەسێک هاتووە وتویەتی کامەتان پێغەمبەری خودان پێغەمبەری نەناسیوە چونکە خۆی جیا نەکردووەتەوە لەو خەڵکە.

ئەنەسی کوڕی مالک دەفەرمووێت: دە ساڵ خزمەتکاری پێغەمبەر بووم (صلى الله عليه وسلم) ئێستایش ڕۆژێک پێی نەوتم ئەنەس ئەو کارەت بۆ کردووە ، یان ئەو کارەت بۆ نەکردووە، چی ڕەوشتێکە ئەم پێشەوایە هەیەتی؟!

پێغەمبەری خوا لە یەکێک لە جەنگەکان دەگەڕێتەوە عائیشەی خێزانی لەگەڵە بە سوپاکە دەڵێت ئێوە پێش بکەون خۆی و عائیشە لە دوای سوپاکەوە ئەمێنن بە عائیشە دەڵێت وەرە با پێشبڕکێ بکەین بزان کامەمان دەیبەینەوە لە ڕاکردن، دەست پێ دەکەن عائیشە دەباتەوە چونکە تەمەنی منداڵە و گیانی سووکە، دوای چەن ساڵێک جارێکی دیکە ئەچن بۆ جەنگ دیسان عائیشەی لەگەڵە، پێغەمبەری خودا لەکاتی گەڕانەوە ئەڵێت با پێشبڕکێ بکەین ئەمجارە پێغەمبەری خودا دەیباتەوە، کە دەیباتەوە بە عائیشە دەڵێت :هذه بتلك واتە: ئەم بردنەوەیەی من بەو بردنەوەی تۆ وا پێش چەن ساڵێک لەمنت بردەوە.

من سەرسامی ئەو کەسەم کە گەشبینانە ئەڕوانێتە ژیان، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کاتێک لەسەرە مەرگدایە فاتیمەی کچی دێ بۆلای خەم وپەژارەی خۆی دەردەبڕێ بۆ باوکی، پێغەمبەریش بە فاتیمە دەڵێت لە ئەمڕۆ بە دوا باوکت هیچ خەم و خەفەتێکی لەسەر نییە، سەیری ئەو ئۆمێد وهیوایە جوانە کە پێشەواکەمان هەیەتی لەکاتی سەرەمەرگا..!

یەکێک لە قوتابییەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەویش بیلالی حەبەشییە لەو کاتەی کە لە سەرەمەرگدایە بە هاوسەرەکەی دەڵێت: (غدا نلقى الأحبة محمد وصحبه) واتە بەیانی شاد ئەبمەوە بە خۆشەویستەکانم محمد و هاوڕێیەکانی.

بێباوەڕەکان پێیان دەوت موزەممەم واتە ڕیسوا، پێچەوانەی ستایش کراوە چونکە محمد واتە ستایش کراو جا پێغەمبەری خوایش دەیفەرموو هاوەڵە بەڕێزەکان ئەزانن خودا شەڕی بێباوەڕەکانی لە من دوور کردووەتەوە پێم ئەڵێن ڕیسوا پێم ئەڵێن درۆزن منیش محمدم واتە ئەوەی ئەوان دەیڵێن من نیم چی ئەخلاقێکە..؟ چی تێگەیشتنێکە..؟ چی ڕۆنشبیرییەکە..؟

ئێمە بەهەڵە پێناسەی پێغەمبەرمان کردووە بۆ منداڵەکانی خۆمان وا ئەزانین پێغەمبەر شتێکی جیاواز بووە مرۆڤ نەبووە، نەخێر مرۆڤ بووە بەڵام باشترین مرۆڤ، سەرکردە بووە باشترین سەرکردە، هەمیشە ناخی بەرامبەری شڵەژاندووە هەمیشە قسەکانی ئەرێنی بوون کاری لە ناخی بەرامبەر کردووە

جۆن ئەدێر پیاوێکی بێباوەڕە کتێبێکی نوسیوەتەوە لەسەر پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ناوی کتێبەکە قیادة محمد واتە سەرکردایەتی محمد دەڵێت باشترین سەرکردە بە درێژایی مێژوو محمدە چونکە هەموو سیفاتەکانی سەرکردەی تێیدا بووە.

**پرسیار:**

ئەگەر ئێمە پێغەمبەری خودا صلی الله وعلیه وسلم و هاوەڵەکانی پێشەوای ئێمە نەبن توخوا شوێنی کێ بکەوین..؟ کێ پێشەواتە..؟

✧✧✧✧

## (13)

### «پێشەواکەم»ﷺ

من ئەمەوێ بە شێوەیەکی جیاواز یادت بکەم ئەمەوێ هەموو ڕۆژێک لایەنی کەم فەرموودەیەکت بخوێنم سودمەند بم وسودیش بەخەڵکی بگەیەنم، پەیامەکانی تۆ فێری کردین بەختەوەری چییە

من ئەمەوێ ڕۆژانە بە جوانی باست بکەم بۆ ئەوەی خۆشەویستی تۆ لە دڵی خەڵکیدا بچێنم وایان لێ بێت هەموو ڕۆژێک یادت بکەن

ئەمەوێ ژینگەی ماڵم وەکو ژینگەی ماڵی تۆبێت، ئەمەوێت ڕێزگرتنم لە هاوسەرەکەم وەکو ڕێزگرتنەکەی تۆبێت، من ئەمەوێ وەکو تۆ هەڵە بەهەڵە ببینم، نەک بە هۆی هەڵەیەکەوە بڕیار لەسەر مرۆڤێک بدەم بە خراپە ئەی پێشەواکەم

ئەمەوێ باسی ڕەوشتە جوانەکانت بکەم شوێن کەوتەت زیاتر بێت کە ئامانجی تۆ ئەوە بووە وکارت بۆ ئەوە دەکرد، پشت بە خوا لەسەر ڕێبازی تۆین، بانگەوازیشمان هەر بۆ لای بەرنامە و ڕێگا پڕ وزەکەی تۆیە پێشەوای مرۆڤایەتی. ﷺ

پێشەواکەم من ئەمەوێ وەکو تۆ میهرەبان بم لەگەڵ تاوانباران و هەروەها سەرخەری باوەڕداران بم، تاوانبار کەسێکی خراپ نییە تەنها شتێکی خراپ ئەنجام دەدات.

پێشەواکەم من ئەمەوێ وەکو تۆ نرخێکی گەورە بۆ ژیان دانەنێم ژیان هەر بە سادەیی ببینم، چونکە هێندەت بە سەفوانی کوڕی ئومەییە بەخشی لە دەستکەوتەکانی حونەین هەتا ئەوەبوو سەفوان چووە ناو هۆزەکەی فەرمووی ئەی هۆزەکەم ئیمان بێنن چونکە موحەممەد بەخشینێک ئەبەخشێ لە فەقیری ناترسێت، پێشەواکەم مێژووی تۆ پڕە لە جوانی باسی چیبکەم..؟!

پێشەواکەم کاتێک پیاوە دەشتەکییەکە ویستی میزبکاتە ناو مزگەوتەکە سەحابە هەستانە گیانی بە توڕەیی، تەنها تۆ نەرم ونیانیت دەربڕی و پێیت فەرموو: ئەم شوێنانە تەنها بۆ یادی خودایە نابێت میزی تێدا بکرێت و پیس بکرێت، تا پیاوەکە فەرمووی: خودایە ڕەحم لەمن و موحەممەد بکە ڕەحم بەیەک کەسی ترمەکە..! هەتا تۆش پێکەنیت و پێیت فەرموو شتێکی فراوانت تەسک کردەوە (ڕەحمەتی خودا زۆر فراوانە).

پێشەواکەم ئەمەوێ وەکو تۆ لێبوردەبم، تۆ کاتێک چویت بۆ تائیف بانگەوازیان بکەیت ئەوان تۆیان بەرد باران کرد و تۆش فەرمووت: ئومێدەوارم لە نەتەوەیان کەسانێک دەربچێ کە خودا بپەرستێ و هاوبەشی بۆ بڕیار نەدات.

پێشەواکەم ئەمەوێ ڕێگا و بەرنامەی تۆ لەماڵەکەم بەرقەرار بکەم چونکە سەربەرزی هەر لە ڕێگاکەی تۆیە و ژیانیش هەر لە سوننەتەکانی تۆدایە، چەن جوانە ڕەوشتت کاتێک پرسیار لە دایکە عائیشە دەکەن ڕەوشتت چۆن بووە ئەویش دەڵێت ڕەوشتی قورئان بوو واتە ئەوەی قورئان فەرمانی پێ کردووە ئەوا لە پێغەمبەری خودادا بووە صلی الله علیە وسلم.

بەڕاستی پێشەوایت..لەم جیهانی ڕۆشنبیرییەتە کە پڕە لە کەسی زانا و مرۆڤی ڕەوشت جوان، سەرسامی هیچ کەسێک نیم وەکو پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بە تایبەت لە مامەڵەی لەگەڵ خێزانی و ژیانی تایبەتی خۆی، حەزناکەم وەکو کەسیش بم ئیللا رسول الله نەبێ، بۆیە من موحەممەدم و موحەممەدیم.

«ئەگەر بڕیارە کتێب بخوێنی با بەشێک لە خوێندنەکەت ژیاننامەی پێغەمبەری خودا بێت (صلی الله علیە وسلم)».

✧✧✧

# (14)

## «جـددیـبە»

هەموو کات جددییە بۆ پەرستنی خودا، خوا ناسان دەزانن تەمەن کورتە و ڕۆژەکانیش دیاری کراون بۆیە هەموو کات جددین لە یادی خودا و قورئان خوێندن وفەرمانە شەرعییەکان

دەزانن پشووی درێژ خایەنی تێدا نییە، تەنها بیری ئەو حەدیسە بکەنەوە کە دەفەرمووێت لە قیامەتدا بە مرۆڤ دەوترێ قورئان بخوێنە مەنزڵ وپێگەی تۆ لەبەهەشت هەتا کۆتا ئایەتی تۆیە وا دەیخوێنی

ئەم فەرموودە وات لێ ناکات کە بزانیت گرنگترین کار لەم ژیانە سەرقاڵی ببیت هەموو کات و زۆر بە جددییەتی کیتابەکەی خودایە، مەچۆ کتێبی ڕۆمان بخوێنی کتێبەکەی خودات بیر بچێتەوە چونکە مەبەست لە زانست نزیک بوونەوەیە لە خودا ئایە ئەو کارەی ئێستا دەیکەیت نزیکت دەکاتەوە لە خودا؟ یان تەنها خۆ سەرقاڵ کردنە و هیچی ترمرۆڤ ئەبێت ئەوە بزانێت ژیانی واتە ڕۆژەکانی هەر ڕۆژێکی لێ بڕوات ئەوە بەشێک لە ژیانی ڕۆیشتووە بۆیە پێویستە هەموو کات جددی بین و ئاگامان لەو شتانە بێت وا کاتەکانمان دەبن وەک سۆشیاڵ میدیا و هتد

کاتێک بەیانیان هەڵدەستی لە خەو یەک خولەک بەکەم مەزانە وبەفیڕۆی مەدە چونکە مرۆڤی وا هەیە لە قیامەتدا پێویستی بە یەک چاکەیە (الحسنە) خۆ ئەگەر لە دوونیادا یەکجار بیوتبا سبحان الله ئەوە دە چاکەی بۆ دەنوسرا..!

بۆیە یەکێک لە سیفەتی ئیمانداری ڕاستەقینە ئەوەیە هەمیشە جدییە جدیش بەو واتا نا کەس حەز بە دانیشتن نەکات لەگەڵت، نا ئیماندار ئەبێت زۆر ڕوو خۆش و گەش بێت هەمیشە، چونکە هیچ نییە خەمی بۆ بخوات ئەزانێت هەرچییەک ڕوودات ئیللا ویستی خودای لەسەرە، خەمی ڕزقی نییە دەزانێ خودا دابەشی کردووە، حەسوودی بە کەس نابات گاڵتە بە کەس ناکات کەس بێ ئومێد ناکات، ئیماندار ژیانە وەک باران وایە هەر شوێنێک ئیماندار هەبوو ئەوە بزانە لەو شوێنە ڕۆح هەیە ژیان هەیە وزەیەکی ئەرێنی هەیە .

ئەبێت ئەوە بزانیت هەموو مرۆڤە سەرکەوتووەکان ڕۆژەکەیان بیست و چوار کاتژمێر بووە واش بوونە پێشەنگ ونموونە ،نابێت بڵێی کاتم نییە تۆ کاتت زۆرە بەڵام نازانیت کارگێری کاتەکانت بکەیت (إدارة الوقت) بۆ دە خولەک ئەچیتە سەرفەیسبووک سەعاتێکت پێ ئەچێت..!

کات کوشتنە بۆ دە خولەک ئەچیتە مزگەوت دوو سەعاتت پێ ئەچێت خەریکی قسەی بێ سوود دەبیت لەگەڵ هاوڕێ، نابێت ئەمە کات کوشتنە هەمووی، ئەوە هەر باسی مانەوە ناکەم لە کافتریا بە چەندەها سەعات واللە زۆر حەیفە ئەم تەمەنە جوانەت بە شتی بێ سوودەوە بەسەر ببەیت..!

پرسیـــار:

ئەوەی شتێکی خۆش بوێت زۆر یادی ئەکات و زۆر بە جددییەتییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکات ئایە تۆ زۆر یادی خودا دەکەیت وخودا لە دڵتدا گەورەیە؟؟

****

# (15)

## «باوکێکی میهرەبان»

چەند ڕۆژێک لەمەوپێش لە چێشتخانەیەک بووم ویستم لەفە بکڕم ئیتر بینیم منداڵێک بە پەلە هاتە ژوورەوە وتی: لەفەی فلآنە هەیە..؟ لێی تێنەگەیشتم چی لەفـەیەکی دەویست بەڵام وەستاکە وتی نییە، منداڵەکە وتی: باشە، دوو لەفەی هەمبەرگرم دەوێ، لەوکاتەدا باوکی کوڕەکە و چەند منداڵێکی بچوکی دیکە هاتنە ژوورەوە کە خوشکی کوڕەکە بوون..

ئیتر باوکیانیش داوای لەفەیەکی تری کرد بۆ یەکێک لە منداڵەکانی دیکەی، باوکەکە بە وەستاکەی وت دوو لەفەمان بۆ بکە (دانەیەک بۆ کوڕەکە و یەکێکیش بۆ کچەکە) کوڕەکە وا زۆر بەپەلە هاتە ژوورەوە وتی: نـــا من دوو لەفە ئەخۆم برسیمە، باوکەکـە وتی یانی سێ لەفە بکات..؟
باشە کاکە بیکە سێ لەفە.. هەر لەو کاتەیا کچێکی دیکەی تەمەنی نزیک سێ ساڵ ئەبوو وتی منیش برسیمە برسیمە ئەمەوێ..!
باوکەکە زۆر بە هێمنیەوە فەرمووی: تۆش ئەخۆی قوربانت بم..؟ باشە کاکە بیکە چوار لەفە...!

من زۆر بە وردی سەیری ڕەفتاری ئەو باوکەم کرد کە زۆر مامەڵەیەکی جوانی ئەنجام دا لەگەڵ ئەو منداڵانە، جوانییەکەی ئەزانی لە کوێدا بوو؟؟ کوڕەکەی وا بەپەلە هاتە ژوورەوە (تەقریبەن دە ساڵان دەبوو) یەکسەر وتی: دوو لەفەم ئەوێ برسیمە، باوکەکە پێی نەوت بۆچی دوولەفە..؟!

هێشتی ئەو کوڕەی هەست بە بوونی خۆی بکات، پێی ئاسایی بوو کـە چەند لەفەی داوا کرد، با لەفەکانیش نرخیان زۆربێ (دڵی منداڵەکەت لە پارە نرخدارترە)، هەروەها کاتێک منداڵە بچوکەکەی وتی منیش ئەمەوێ و برسیمە لەو قەناعەتەم کە منداڵـەکە هەر نەیئەزانی لەفە چیە وتامی لەفە چۆنـە..!
یەکسەر خۆی کردە قوربانی منداڵەکە و وتی: لەفەیەک بۆ ئەمیش بکە..!

دڵی ئەو منداڵەی نەشکاند بۆنموونە پێی بڵێت تۆ ئەم لەفەیە ناتوانی بخۆیت یان پێت تەواو ناکرێ هتد.. لەو قسانەی وا زۆر لە کۆمەڵگای خۆمان گوێمان لێی دەبێ لەلایەن دایکان و باوکانەوە، زۆرجار دایک یـان بـاوک خۆی چی پێ باش بوو ئەیەوێ منداڵەکەشی ئەوەی پێ باشبێ خۆی چۆن نان ئەخوات ئەبێ ئەو منداڵەش ئەوها نان بخوات خۆی یەک لەفەی پێ ئەخورێت ئەبێ ئەو منداڵەشی یەک لەفە بخوات..!

ئەم مامەڵەیە زۆر هەڵەیە، چونکە مرۆڤی ڕۆشنبیر ڕێز لە جیاوازی ڕاو بۆچوون دەگرێ با منداڵی خۆیشی بێ، بە کـەم سەیری کەس ناکات با کەسەکە منداڵی خۆیشی بێت، هەروەها ئەگەر بڕیارە منداڵەکانت ببەیت بۆ چێشتخانە کەمێک ئازادیان پێ بدە چی ئەخۆن چەن دانە ئەخۆن خۆ تۆ هەموو ڕۆژ نایانبەی بۆ ئەو شوێنە، هەروەها ئەوەندە ئەو منداڵەت سەرزەنشت مەکە ئەوە بخۆ ئەوەیان مەخۆ ئەوها بیخۆ ئەوها مەیخۆ..!

هەمیشە وتوومە پەیوەندی هاوڕێیەتی زۆر جوانترە وەک لەوەی پلەیەک دابنەیت بۆخۆت وەک بڵێی من باوکم یان هاوسەرم یان من گەورەترم نا بەڕێزم هاوڕێیە لەگەڵ منداڵەکانت هاوڕێیە لەگەڵ هاوسەرەکەت،

هــا کاتێک لەگەڵ ڕەفیقەکانتی چەند بە سادەیی مامەڵە دەکەن پێکەوە کەس فەرمان بەسەر ئەوی تر ناکات با پەیوەندییە خێزانییەکانیشت وا بێ، با بوونت لە ماڵ مایەی خۆشبەختی بێت بۆ منداڵ و هاوسەرت، با دەرچوونیان لەگەڵ تۆ بۆ دەرەوە وجەو گۆڕین مایەی شانازی بێت بۆ ئەوان با هەست بە جیاوازیت بکەن لەگەڵ تێکڕای باوکان هەست بە میهرەبانیت بکەن هەست بە هەموو سیفەتە جوانەکانت بکەن تۆ بۆ ئەوان بە، ئەوان جگە لە تۆ کەسیان نییە..(منداڵ و هاوسەرەکەت).

****

****

"ڕۆژانــە قورئان بخوێنــەوە..دڵت بــەوە خۆش نەبێت ساڵانە سەت کتێبی ڕۆمان دەخوێنیتەوە بەڵام کتێبەکەی خودا هەر نازانی چی لە نێویدا نوسراوە، دڵت بەوە خۆش نەبێت ئەگەر ماستەرت هەیە بەڵام نازانی قورئان بخوێنیتەوە.."

ـ موحەممەد نـاجی

***

"بەشێک لە تەمەنم پابەندی مزگەوت بووم چونکە خۆمم پابەند کردبوو، بەڵام ئێستاکە پابەندی مزگەوتم چونکە چێژ لەو پابەند بوونە وەردەگرم..! ئیمان و قەناعەت زۆر گرنگە بۆ ئەنجامدانی هەرشتێک کە دەتەوێ بیکەی، ئیمان وقەناعەتیش بە دی نایەن بەبێ زانست."

ـ موحەممەد نـاجی

***

"لە دڵی مرۆڤدا خەمێک هەیە بە هیــچ شتێک نارەوێـتەوە تەنها بــە چێژ وەرگـرتن نەبـێ لە نزیکـی و ناسینی خـودا"

ـ ئیبنو لـقەییم

***

"دانایی ئەوەیە کە بزانیت چی دەکەی، لێزانی ئەوەیە بزانیت چۆن دەیکەی، سەرکەوتنیش ئەوەیە بیــکەی.."

ـ ئیبراهیم لـفەقـی

****

## (16)

## «ژیـانی عـاریفان»

دکتۆر هیشام دکتۆرێکی بەناوبانگی میسرە دەڵێت: ڕۆژێکیان بانگێشت کرام بۆ موئتەمەرێکی جیهانی، سواری تەیارە بووم ماوەیەک ڕۆشتین کاتێکمان زانی ستافی فڕۆکەکە وتیان هەورە بروسکە لە فڕۆکەکەی داوە و زیانی پێ گەیشتووە ناچارین داببەزین، ئەوەندەی پێ نەچوو فڕۆکەکە لە یەکێک لە فڕۆکەخانەکان دابەزی، وتیان شازدە سەعاتی تر ئەوجار ئەم فڕۆکەیە چاک دەبێ، ئەویش فەرمووی کاتی من گرنگە من بە خولەکێک ڕەنگە هۆکاری ژیانەوەی کەسێک بم،وتیان دکتۆر گیان چارت نییە ئەبێ چاوەڕێ بکەیت یان ئەوەیە لێرەوە بە سەیارە بڕۆ سێ سەعاتی تر ئەگەیت.

دکتۆر دەڵێت منیش سەیارەم بە کرێ گرت و دەرچووم شەوم بەسەردا هات شەوێکی تاریک و بارانیش بە خووڕ دەباری لە ترسی ئەوەی توشی کێشەی هاتووچۆ نەبم ماڵێکم بینی هێورم کردەوە و بەرەو ماڵەکە چووم ئەڵێ لە دەرەوەی ماڵەکەوە بانگێکم کرد پیرەژنێک وەڵامی دایەوە وتی فەرموو وەرە ژوورەوە ئەڵێ منیش چووم وتم دایەگیان تەلەفۆنێک شتێکتان نییە حاڵ و باسم وایە من ...

پیرەژنەکەیش فەرمووی لێرە نە کارەبامان هەیە نە تەلەفۆن دابنیشە هەتا وەکو نانت بۆ دێنم ئەڵێ نان و چای بۆ هێنام، بەڵام ئەم ئافرەتە بەتەمەنە

هەمیشە دەم بە یادی خوای (سبحان الله ،الحمدلله هتــد..) ئەڵێ بینیم منداڵێکیش لە ناو جێگا کەوتووە وتم دایە گیان ئەو منداڵە چییەتی..؟

وتی: ئەوە نەوەی خۆمە نە دایکی ماوە نە باوکی من داپیرەی ئەوم ئەم منداڵە نەخۆشە دەڵێن چارەسەری نییە تەنها لەلای دکتۆرێک نەبێت ناوی هیشامە لە میسر سبحان الله..!!! دکتۆرەکەیش فەرمووی دایەگیان من دکتۆر هیشامم خودا بە هۆی تۆ وبەهۆی زمان تەڕیت بە یاد و زیکر فڕۆکەی لەو ئاسمانە هێنایە خوارەوە، بە هۆی تۆ هەورە تریشقە فڕۆکەی لە کار خست، بەهۆی تۆ بارانی بە خووڕی باران وای لە من کرد بەناچاری بێمە بەردەم دەرگای ماڵت تەنها لەبەر چارەسەرکردنی کێشەکەت، تۆ ئاواتت ئەوە بوو ئەو منداڵە بهێنیت بۆ لای من بەڵام خودا بەویستی خۆی منی هێنایە خزمەتت ئەوەیە گەورەیی خودا، ئەوەیە گەورەیی خودا ئەگەر ویستی کارێک ئەنجام بدات ئەتوانێت سنوور و یاسای گەردوون تێکبشکێنێت تەنها لەبەر ڕازی کردنی یەک ئیماندار خودا مەزنە پشتی پێ ببەستن..!

ئیمامی ئەحمەدیش چیرۆکی خۆی ئەگێڕێتەوە دەڵێت لە کوفە بووم لە یەکێک لە مزگەوتەکانی کوفە نوێژم کرد و دوای نوێژی عیشا لە مزگەوتەکە مامەوە و پشووم دا خزمەتکاری مزگەوتەکە فەرمووی مزگەوت دا ئەخەین بڕۆ دەرەوە، خزمەتکارەکە ئیمامی ئەحمەد ناناسێت، ئیمام ئەحمەدیش دەڵێت چوومە حەوشەی مزگەوتەکە لەوێ دانیشتم پاش کەمێک خزمەتکارەکە دەرچوو و بینیمی فەرمووی ئەوە لێرەی..؟! بڕۆ دەرەوە نابێت لێرەش بیت ئیمامی ئەحمەد ئەڵێت هات بە ڕاکێشان ڕامیکێشت هەتا فڕێمیدایە دەرەوەی مزگەوتەکە ولەسەر شەقام دایانم منیش بە ناچاری لەسەر ئەو شەقامە دانیشتم چونکە غەریبم لەو شارە ، ئیتر لە دوای ماوەیەک پیاوێک بەوێدا تێپەڕی فەرمووی بۆ لێرە دانیشتوی؟ ئیمامی ئەحمەدیش فەرمووی حاڵ و باسی من ئەوهایە دەرکرام لە مزگەوت و

شوێنیشم نییە پیاوەکەش پێی فەرموو من نانەوام لە ئێستاوە ئەچم هەویر و شت ئامادە ئەکەم وەرە لەگەڵم بۆ نانەواخانەکەم لەوێ دابنیشە، ئیمامی ئەحمەدیش ئەڵێت چووم لەگەڵی و لەوێ دانیشتم ئەم پیاوەم بینی بە دەم کارکردنەوە زۆر یادی خوای ئەکرد منیش پێم سەیر بوو لێم پرسی باشە تۆ هیچ سودت لەم زیکرکردنە وەرگرتووە..؟ پیاوەکەش فەرمووی بەڵێ هەرچیم داواکردووە لە خودا پێی داوم تەنها ئەوە نەبێ حەزم کردووە ئیمامی ئەحمەد ببینم تەنها ئەوە نەبێ نەهاتوەتە دی..!! ئیمامی ئەحمەدیش پێی فەرموو دە ئەوە خوای گەورە ئیمامی ئەحمەدی بە ڕاکێشان هێنایە لای تۆ، من ئیمامی ئەحمەدم..!

سەرەتای لاوازبوونی پەیوەندی
تۆ لەگەڵ پەروەردگارەکەت
وازهێنانە لە یاد کردنی..'

****

# (17)

## «وزەی ئـــاژەڵ»

هەموومان کاتێک لەکاتەکان یاریمان لەگەڵ ئاژەڵاندا کردووە بە تایبەت سەگ، شتێکی زۆر سەیر هەیە لەهەست دەربڕینی سەگ ، هەر ئەوەنە گرنگی پێدرا لەلایەن کەسێکەوە ئیتر تەواوی خۆشەویستی ئەدات بە خاوەنەکەی بەڵام قەت ڕۆژێک شکایەتی بێ وەفایی ناکات لە خاوەنەکەی واتە چۆن؟؟!

هەموومان کەسانێکمان بینیوە کە سەگیان هەبووە، بۆنمونە کاتێک لێی دوور ئەکەوێتەوە لەشەوەوە هەتا بەیانی، بەیانی کە خاوەنەکەی ئەبینێ ئەو سەگە زۆر بە جوانی پێشوازی لە خاوەنەکەی ئەکا یاری لەگەڵ ئەکا بە دەوریدا ئەسوڕێتەوە بە کورتی (هەستی لەو کاتەدا چۆنە دەری دەبڕێ).

بەڵام ئێمە لەو کاتەدا ناژیین وا تێیداین، بۆ نمونە ئەو ژن و پیاوە سەیر ئەکەی ماوەیەکە یەکیان نەبینیوە زۆر بە ئاسایی پێشوازی لەیەک ئەکەن هەستی تەواو بۆ یەکدی دەرنابڕن، لەوکاتەدا ناژین، تەعبیر لە خودی خۆیان ناکەن.

ئەوەی مەبەستمە بیڵێم چییە ؟ هەندێ جارخاوەنی سەگەکە مانگێک سەفەر دەکات کە دەگەڕێتەوە تەبیعی جانتا و شت بە دەستییەوەیەتی، ئەو سەگە هەر لەگەڵ ئەوەی خاوەنەکەی بینی بە پێشوازییەکی گەرم و زۆر بە تامەزرۆییەوە بەرەوە خاوەنەکەی دەڕوا، بەڵام خاوەنەکەی بەهۆی هەڵگرتنی جانتا و پێداویستییەکانیەوە، ناتوانێت بە دەستی گرنگی پێبدات، ئەو سەگە چی ئەکات؟ ئەبینێ پیاوەکە گرنگی پێ نەدا کەمێک ئەسوڕێتەوە

و دەڕواتە شوێنێکی تر، ئەوجا خاوەنەکەی کە جانتای دانا و پشووی دا خۆی بۆ لای ئەو سەگە ئەچێت، بـۆچــی؟!

چونکە ئەو سەگە خۆی زویر نەکرد لە خاوەنەکەی تەنها دڵخۆشی خۆی دەربڕی و ئیلاقەی بە بەرامبەرەوە نەبوو، بەڵام ئێمەی مرۆڤ ئەبینی لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خۆشمان دەوێن زویر دەبین و خەمبار دەبین زۆر جەختیان لەسەر ئەکەینەوە گرنگیمان پێ بدەن، ئەبینی دوای ماوەیەک لێمان دوور ئەکەونەوە چونکە ئێمە کاتێک خەمبار دەبین لە وزەکەی ئەوان دەبەین و ئەوانیش بێ تاقەت ئەبن، بەڵام ئەو سەگە وزەی خۆی دەربڕی و تۆی دڵخۆش کرد ئیتر کێشەی نییە تۆ کاردانەوەت چییە، مامەڵەکەی وات لێ ئەکات دواتر خۆت بەدوایدا بگەڕێی، چونکە وزەکەی خۆشحاڵتی کرد نەک بێزار و بێتاقەت.

جوانترین مرۆڤ ئەو مرۆڤانەن وا ئەبەخشن و چاوەڕێی بەرامبەر ناکەن بزانن چۆن وەڵامیان ئەدەنەوە، چونکە ئەزانن خودا خۆی پاداشتیان ئەداتەوە بە باشترین شێوە.

*****

# (18)

## «پاراستنـی نــیعـمـەت»

گەورەترین هۆکار بۆ پاراستنی ناز ونیعمەتەکان واز هێنانە لە ستەم کردن، ستەم کردن جۆری زۆرە مرۆڤ هەندێ جار ستەم لە خودی خۆی ئەکات، هەندێ جار لەکەسی بەرامبەر، ئێمە لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی خۆمان چەندەها ستەم دەبینین دڵمان ژان دەکات وا دەزانین تەنها ئەوە ستەمە، هەندێ جاریش ستەم هەیە هەر بێ ئاگاین لێی وەک هاوبەش بڕیاردان بۆ خودا ئەوە گەورەترین ستەمە..

هەندێ ستەمەیش هەیە بە کەمی تەماشا دەکرێت بۆ نمونە چەند جار پارەی کرێکارت فەرامۆش کردوە و پێت نەداوە؟؟ چەند جار دەستت لە منداڵەکەت بەرز کردووەتەوە بەوپەڕی ڕق وکینەوە لێیت داوە و ئازارت پێی گەیاندوە؟؟ ئەی خێزانت چەند جار بە هۆی تۆوە ئاواتە خوازی مردن بووە؟؟

گەورەیی مرۆڤ ئەوکات دەردەکەوێت کە تواناى بشکێتە سەر کەسێک بەڵام بە ئەوپەڕی میهرەبانیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەی پیاوی بەڕێز ڕێزی منداڵەکانت بگرە با هەست بکەن باوکێکی تایبەتیان هەیە نەک بە گەڕانەوەت بۆ ماڵەوە منداڵەکان خەم وخەفەت دایان بگرێت، چەندەها کچ بە گریانەوە زەواجیان کرد بە کوڕێک ڕازی نەدەبوو بە زۆر پێی ئەدرا ئەی مەگەر ئەمە ستەم نییە..؟ ژیانی کەسێک بکەیتە دۆزەخ..! تۆ خۆت چۆن مافی هەڵبژاردنت هەبووە لە ژیانی هاوسەریت بهێڵە منداڵەکانیشت ئازاد بن..

هیچ کاتێک ستەم مەکە ئەگەر زاڵ بووی ، لەبەر ئەوەی دوا ڕۆژی ستەم هەر پەشیمانییە، کاتێک تۆ شەوان دەخەوی کەسی ستەم لێکراو بەخەبەرە ونزا لە تۆ ئەکات وە خوای گەورەیش نەخەوتوە، دەیگێرنەوە یەکێک لە خەلیفەی ئەمەویەکان کاتێک لەسەر دەسەڵات لادرا کرایە بەندینخانەوە، کوڕەکەی پێی فەرموو باوکە چی وای لێمان کرد بەیانی پاشا وخاوەن دەسەڵات بووین وئێستایش بە سەرکزی لە بەندینخانەین؟
فەرمووی:کوڕم نزای ستەم لێکراوێک بوو، ئێمە بێ ئاگا بووین لێی بەڵام خودا بێ ئاگا نەبوو.

خوای گەورە ستەمی لەسەر خۆیشی حەرام کردووە ،بەڵکو تۆڵە لە موسڵمانێکیش ئەکاتەوە ئەگەر ستەم لە بێباوەڕێک بکات، بەڵکو ئەگەر ستەم لە ئاژەڵیش بکرێت خودا سزات ئەدات.

مامۆستایەک ئەفەرمووێت:پیاوێک هات بۆلام ئەگریا ئەیوت مامۆستا توخوا نزام بۆ بکە دەڵێت منیش وتم بۆچی چیت کردووە تا نزات بۆ بکەم؟
پیاوەکە فەرمووی: تۆ بەڵێنم پێ بدە نزام بۆ بکەیت من پێت دەڵێم،
مامۆستاکەیش فەرمووی باشە بەڵێن بێت نزات بۆ ئەکەم فەرموو بیڵێ
پیاوەکە فەرمووی ڕۆژێکیان بە شوێنێکدا تێپەڕیم بە سەیارەکەم، سەگێک بەچکەی کردبوو هات بۆلای سەیارەکەم و پێیدا وەڕی، منیش توڕە بووم و گەڕامەوە بە سەیارەکەم بەسەر بەچکەیەکیدا تێپەڕیم، دایکیان وەختە شێت ئەبوو چووە گژی سەیارەکەم جارێکی تر سووڕامەوە و بە سەیارەکەم بەسەر بەچکەیەکی تریدا تێپەڕیم دیسان گەڕامەوە بەچکەیەکی تری...
هەتا وای لێ هات هەموو بەچکەکانیم کوشت ، مامۆستا کارەساتەکە لێرەوە دەستی پێ کرد شەش منداڵم بوو هەر هەموویان بە ڕووداوی سەیارە مردن

، هەر یەکەو بە جۆرێک، ئێستا خێزانم دوو گیانە توخوا مامۆستا نزام بۆ بکە ئەم منداڵەم بۆ بمێنێت !!!

هەرگیز لەم ژیانە کارێک مەکە سزای خوای گەورە بەسەر خۆتدا حەڵاڵ بکەیت، ژیان کورتە ئاگات لە خۆت بێت ئاگات لە قەبرو قیامەتت بێت .

****

# (19)

## «چـۆن دەبیتـە مرۆڤێـکی ئـەرێـنی؟»

بێ گومان ئەم ژیانە کەسێکی بەهێز و لێهاتووی دەوێت چونکە کەسی لاواز بەرگەی ئەم ژیانە ناگرێت، باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی ئێمە بەهێز بین پێویست دەکات ئەرێنی بین و گەشبین بین، بۆچی پەیوەندی هەیە لە نێوان گەشبینی و بەهێزبوون؟ بەڵێ پەیوەندییەکی زۆر گەورە هەیە مرۆڤی ڕەشبین هەموو چرکەیەکی مردنێکە، من لێرەدا باسی چەند ڕێگایەکتان بۆ دەکەم بۆ ئەوەی ببنە کەسێکی ئەرێنی:

ـ گومانتان باش بێت بەرامبەر پەروەردگاری خۆتان، خوای گەورە لە فەرموودەیەکدا دەفەرموویێت: أن عند ظن عبدي بي. واتە: من لەگەڵ گومانی بەندەکەی خۆمم گومانی بە من چۆن بێت منیش بەو شێوە مامەڵەی لەگەڵ دەکەم، گومانت وایە خودا لێت خۆش دەبێ و دەتکاتە بەهەشتەوە..؟ دەی دڵنیابە هەروا دەبێ چونکە گومانت وا بووە و خودایش بە گومانی خۆت مامەڵەت لەگەڵ دەکات.

ـ ئامانجێکت هەبێ لە ژیانت مرۆڤی بێ ئامانج واتە مرۆڤێکی مردوو بەدبەختترین مرۆڤ ئەو مرۆڤانەن وا هیچ شتێک نییە لە ژیانیان گرنگ بێت بەلایانەوە، هیچ شتێک نییە ڕۆژانە گرنگی پێ بدەن ئەو مرۆڤانە زۆر بەدبەختن، بۆیە ئامانجێکت هەبێت لە ژیان، گرنگ نییە ئامانجەکەت گەورە بێت یان بچوک بەڵام گرنگە تۆ خاوەن ئامانجێکی بە سوود بیت لەم ژیانە.

ـ بخوێنە..پێویستە خوێنەربیت، ڕۆژەتیڤی خوێندنەوەی ئەوێ کتێبی ئەوێ، یەکەم فەرمانی خودا بۆ سەر پێغەمبەرەکەی ئەوە بوو (إقرأ باسم ربك الذي خلق) ئەی موحەممەد صلى الله و عليەو سلم بخوێنە..!
هەتاوەکو عیلم و مەعریفەتت زیاتربێ ئەوە تۆ بەو ئەندازە دڵخۆشی بەختەوەری و کەسێکی ئەرێنیت، تام و چێژی عیلم و مەعریفەت تایبەتە تایبەت، هیچ تام و چێژێک پێی ناگات، بەڵام بەداخەوە زۆرێک لە خەڵکی ناخوێنن بەڵکو گاڵتەش بە کتێب خوێن ئەکەن جێی داخە.

ـ هەر ناخۆشییەک ڕوودات لە ژیانت وانەیەکی لێ وەربگرە، هەر ناخۆشییەک ڕووناکیەکی تێدایە بە دوای ئەو ڕوناکیە بگەڕێ، وەک یەکێک لە بانگخوازان دەڵێت: لە لیمۆیەک شەربەتێکی خۆش دەربێنە.
ئەم ژیانە گشتی شکایەت ئەکات بە دەستیەوە تۆ بیکە ژیانێکی خۆش، بەخوا تەمەن چەند ڕۆژێکە بە خۆشی بێت یان ناخۆشی هەر تەواو دەبێ جا توخوا بۆ ژیانە خۆشەکە هەڵنەبژێرین؟!
بۆیە بــە فلتەری خۆت ژیانێکی خۆش وجوان دروست بکە.

ـ سوپاسگوزاربە..ڕۆژانە بیربکەوە خودا نیعمەتی زۆرە بەسەرتەوە بەڵام لایەنی کەم چوار پێنج نیعمەت لە نیعمەتەکانی سوپاسی بکە، ئەی پەروەردگارە حەزم لە بارانە ئەمڕۆ بارانی ڕەحمەتت باراندە سەرمان سوپاس بۆ تۆ، ئەی پەروەردگار خەڵکێک بە ئاواتی منداڵن و نییانە بەڵام تۆ چەند منداڵێکی ساغت پێداوم سوپاس بۆتۆ، خودایە خەڵکی مشک و مانگا ئەپەرستن تۆ بە ئیسلام سەربەرزت کردوین سوپاس بۆتۆ هتد...

ـ سووربە لەسەر ئەو هیوا و ئاواتەی وا بۆ ژیانی خۆت داتناوە، پشت بە خوای گەورە ببەستە و هەوڵ بدە هەموو ڕۆژێک جددییە بۆ ژیان و ئامانجەکانت، ئەوە زۆر ئاسانە وەکو ئەو خەڵکە لاوازە بڵێی هەوڵمدا بەڵام نەگەشتم نـــــا هەوڵێکی زۆر بدە، ئەگەر شتێک نەبوو لە پێناویدا بمریت ئەوە لە ڕاستیدا تۆ شتێکت نییە لە پێناویدا بژیت..!

ـ تا پێت ئەکرێ نوێژەکانت لە مزگەوت بکە بەڕاستی وزە و تامێکی زۆر تایبەتی هەیە نوێژکردن لە مزگەوت، ئەو گەنجانەی هاتوچۆی مزگەوت دەکەن لەم قسەی منە تێدەگەن کە هەست بە چی چێژێک ئەکەن دوای تەواوبوونیان لە نوێژ.

****

# (20)

## (ساڵی 2022)

ئەگەر کەسێک زیندانی بکرێت پێی بوترێت شەش ڕۆژی تر لە سێدارەت ئەدەن و کۆتایی بە ژیانت دێت، ئەو کەسە دەست بکات بە هەڵپەرکێ هەموو ڕۆژێک، خەڵکی چی پێ دەڵێن ؟ ناڵێن ئەمە شێتە ئەو چوار ڕۆژی ماوە لە ژیان کەچی هەڵدەپەڕێت..؟!

بەهەمان شێوەیە بۆ ژیانی ئێمەش، هەر ساڵێکمان لێ ئەڕوات لە جیاتی ئەوەی دابنیشین حیساباتی خۆمان نوێ بکەینەوە بزانین چیمان کردووە؟ چی پێویستە بکەین ، خودا بۆچی دروستمانی کردووە بۆ کوێ ئەگەڕێینەوە، ئێمە چی ئەکەین..؟ دەست ئەکەین بە ئاهەنگ گێڕان..!

حەسەنی بەسری قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێت تۆ ئەی مرۆڤ ژیانت چەند ڕۆژێکە هەر ڕۆژێکت لێ ئەڕوات ئەوە بەشێک لە ژیانت ڕۆیشتووە.

عەمری کوری عاسیم شەریکی عەبباس بوو عەباسی مامی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ڕۆژێکیان عەمر و عەبباس پێکەوە دانیشتبوون لە تەنیشت کەعبەی پیرۆز باسی کار و تیجارەتی خۆیانیان ئەکرد ئەوەنەی پێ نەچوو پیاوێک هات لەلای کەعبە دەستی کرد بە نوێژ کردن، عەمر بە عەبباسی وت ئەمە کێیە عەبباسیش فەرمووی کوڕ برامە موحەممەدە ، عەمر وتی ئێ چی دەکات ؟ عەبباسیش فەرمووی نوێژ ئەکات و ئەڵێت من پێغەمبەرم خۆی وا ئەڵێت وەلحاڵ.. ئەوەندەی پێنەچو خەدیجەی خێزانی

هات و ئەویش دەستی کرد بە نوێژ کردن وتی ئەی ئەمە کێیە؟ وتی خێزانەکەیەتی خەدیجەیە، ئەوجا کەمێکی تر ئیمامی عەلی هات و لە تەنیشت پێغەمبەری خوداوە دەستی کردە نوێژ کردن، جێی سەرنج بوو بۆ عەمر، ساڵ هات و ساڵ ڕۆشت دوای بیست و سێ ساڵ عەمر چوو بۆ مەدینە گەیشتە خزمەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم دەستی کردە گریان وتی عەمر مەگری خودا لەهەموو تاوانێکی مرۆڤ خۆشدەبێ دوای موسڵمان بوونی، عەمر فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا بۆ تاوانەکانم ناگریم بۆ ئەوە ئەگریم بیست و سێ ساڵ پێش ئێستا ئەمتوانی ببمە سێهەم کەسیان و لەپشتت نوێژ بکەم بەڵام نەمکرد وا ئەوەندە ساڵم بە زایە چوو..!

بەڵێ ئازیزانم مرۆڤی ژیر ئەوها بیردەکاتەوە ، مرۆڤی ژیر هەموو کات جدییە وەکو ئەو قوتابییەی کە بۆ بەیانی ئیمتحانێکی گەورەی هەبێت چەند سەرقاڵە ، مرۆڤی ژیر و ئیماندار بەو شێوەیە ژیان بە ڕێ دەکات زۆرینەی کاتەکانی ناڵێم هەمووی چونکە ئێمە مرۆڤین پێویستیمان بە هەندێ کاتی گەمە و گاڵتە هەیە بەڵام نەک گەمە و گاڵتە ببێتە هەموو ژیانمان ..!

****

دەربارەی هەموو شتێک شتێک بزانە
و دەربارەی شتێک هەموو شتێک بزانە..

****

خەم ڕێگر نییە لە مردن
بەڵام ڕێگرە لە ژیان کردن..

****

دووربوون لە هاوبەش دانان بۆخودا ژیانت پێ ئەبەخشێ
دووربوون لە زینا سەربەرزیت پێ ئەبەخشێ
دووربوون لە کوشتنی خەڵکی ئارامی و ئاسودەییت پێ ئەبخشێ

****

# (21)

## «نرخت ئەوە نییە وا دەیڵێن»

ئەگەر ئـێستا بچیتە ناو بازاڕەوە مەتارەیەکی ئاو بکریت ئەوە دوکاندارەکە دوو ئاوت پێ دەدات بە دووسەت و پەنجا دینار، بەڵام لە دوکانێکی ناو شار هەمان ئاو یەک دانەی بە دووسەت و پەنجا دینارە، هەر هەمان ئاو لە فرۆکەخانە بە دوو هەزارە، باشــە بـۆچی؟!

لەبەر ئەوەی ژینگەکە کاریگەری هەبوو لەسەر نرخی مەتارە ئاوەکە، قوربان گیان بەڕێزت ساڵانێک لە شوێنێکی هەست بە بێ نرخی خۆت ئەکەی خێرە جێی ناهێڵی..؟

ساڵانێکە لەگەڵ هاوڕێیەک مامەڵە دەکەی هەموو ڕۆژێک بە نێگەتیڤی قسەت لەگەڵ دەکات و گاڵتەت پێ دەکات خێرە ئاشقی ئەو هاوڕێیەت بوویتە..؟

بۆچی ڕێگە ئەدەی کەسی دەوروبەر نرخت دیاری بکەن؟ بۆچی ڕێگە ئەدەی دەوروبەرت پێناسەت بکەن ، ئایا تۆ ئەوەی وا ئەوان ئەیڵێن؟
ئایا تۆ ئەوەی وا خۆت بیری لێ دەکەیتەوە، نـــا هەزارجار نـــا ، تـۆ زۆر لەوە مەزنتری خەڵکێکی مێشک بچوک پێناسەت بکەن.

ئازیزانم ژینگەی دەوروبەرتان زۆر کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەتان تەنانەت لەگەڵ ئاژەڵەکانیش ،هەروەک دەوترێ ئەوەی شوانیەتی وشتر بکات کەلە ڕەق دەبێت ، **بۆچی** چونکە وشتر کەلە ڕەق و دڵ ڕەقە، تەبعی ئەو ئاژەڵە ئەگریتە خۆت بە پێی کات.

بەراز تاکە ئاژەڵە ڕازی دەبێت نێرێکی دیکە بێتە لای مێینەکەی هەر بۆیە ئەوانەی ئەوروپا کە گۆشتی بەراز دەخۆن حاڵیان هی باسکردن نییە لە بێ غیرەتی و ناپیاوی حاشا لەبەڕێزت کە ئەم قسەیە دەخوێنیتەوە.

هەروەها مرۆڤەکان بە گشتی حەز لە مرۆڤێک ئەکەن هەمیشە دڵخۆش بێت بۆ ئەوەی ئەوانیش بەو دڵخۆشیەی ئەو دڵخۆشبن نەک بە پێچەوانەوە ، چونکە کاتێک گلەیی دەکەیت دەبیتە بارێکی قورس بە سەر دڵەکانەوە.

**بۆچـــی** منداڵ چەند گاڵتەی پێ بکەیت هەر ژیانی خۆی دەژیت بەڵام کە گەورە بوو بەرگەی ئەو قسانە ناگرێت..؟

****

# (22)

## «دەست بەتاڵی»

یەکێک لەو نیعمەتانەی خودا بەسەرمانەوە ئەو تەمەنەیە کە پێمانی بەخشیوە، ئازیزانم تەمەن واتا ژیان تەمەنت واتا ناو قەبر و قیامەتت تەمەنت واتا بەهەشت و دۆزەخ، ئەبێ بزانیت چۆن ئەو تەمەنە سەرف دەکەیت .

ئێمە وا ئەزانین تەنها پارە و ئاڵتون نرخدارن و ئەبێ بزانین چۆن بە کاریان دێنین ، بیرمان چووە تەمەن لەهەموو شتێک بە نرخترە لەم ژیانە، وایش زۆر بە سادەیی مامەڵە لەگەڵ تەمەن و ژیانی ڕۆژانەمان دەکەین.

عامری کوری قەیس یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر سوودی لە کاتەکانی خۆی ئەبینی ڕۆژێکیان دەرچوو لە مزگەوت لە ڕێگادا پیاوێک هاتە سەر ڕێگاکەی وتی ئەی عامر پرسیارم هەیە ، ئەم پیاوە هەمیشە خەریکی پرسیار کردن بوو لە ئەم و ئەو عامری کوڕی قەیسیش زانی پرسیاری باش ناکات ئەو کەسە، سەیرێکی ئاسمانی کرد و پێی فەرموو تەمەن ئەڕوات و خۆرەکەش ڕێدەکات، خۆرەکەم بۆ ڕاگرە ئەوجارە پرسیارەکەت بکە.

ئیبنو مەسعود ئەڵێ لە هیچ ڕۆژێک پەشیمان نیم ئیللا لەو ڕۆژە نەبێ وا تەمەنم کەمی کردووە تێیدا و کردەوەم زیادی نەکردووە.

هەروەها دەڵێت من زۆر ڕقم لە پیاوێکە نە خەریکی کاری دونیایە نە خەریکی کاری قیامەتە، هەروا دەست بەتاڵ هەمیشە بە دوای ئەوە ئەگەڕێت مەجلیسێک هەبێ و دابنیشێ و قسەی بێ سوود بکات.

هەندێکی تر لە پیاوچاکان دەڵێن چەند ساڵ ویستمان هەریسە بەگەرمی بخۆین نەمانتوانی چونکە کاتی فرۆشتنی هەریسەکە لە کاتی دەرس و وانەکانمان بوو.

****

# (23)

## «زیانی نییە»

مرۆڤ کاتێک دێتە ئەم دونیا شتێکی خامە ،هیچی نییە نە پارە نە زانست هەر کە داخلی ژیان بوو ئیتر ئەبێ کار بۆ ئەو دووشتە بکات زۆر یان کەم بە گوێرەی تێگەیشتنی لە ژیان، بەڵام ئەوەی گرنگە ئێمە بیزانین پارە لە دوای زانستەوەیە ، ڕەنگە ئەم قسەیەت پێ سەیر بێت چونکە هەمیشە پێتیان وتووە پارە هەموو شتێکە، بەڵام وانییە ، مرۆڤێکی نەزان بێنە یەک ملیۆن دۆلاری پێ بدە دوای ماوەیەکی تر چوار پرۆژەی پێ ئەکاتەوە لە هیچیشی سەرکەوتوو نابێت چونکە زانستی پێ نییە بە پێچەوانەی کەسێک کە لە وردەکاری کار و بزنس دەزانێت ئەوە یەک ملیۆن دۆلارەکەت بۆ ئەکاتە دوو یان زیاتر بۆچی؟ نهێنیەکە لە کوێدایە؟

نهێنیەکە ئەوەیە مرۆڤی سەرکەوتوو هەمیشە دەخوێنێتەوە مێشکی پڕ دەکات لە زانیاری بۆ هەموو ئەگەرێکی نەخوازراو بۆیە زۆر بە کەمی شکست دێنێت ، باشە مەبەست چییە لە ئەگەری نەخوازراو خۆ ئێمە لە جەنگدا نیمان..؟ بەڵێ لە جەنگداین مەگەر ژیان خۆی جۆرێک نییە لە جەنگ..؟ لە هەرچرکەیەک چەندەها ئەگەری گۆڕانکاری هەیە لەم ژیانە چەند شت هەیە بە خەیاڵیشت نەدەهات بەڵام ڕوویدا وەکو نەخۆشی کۆرۆنا کێ ئەو شتەی لە خەیاڵدا بوو دەی ئەگەر مرۆڤ زانستی پێ نەبێت بەرگەی گۆڕانکاری کتوپڕ ناگرێت.

چەند خێزان بە هۆی قەدەغەی هاتووچۆ لەماڵەوە توشی کێشەی دەروونی بوون چونکە چاوەڕێی شتی وا نەبوون ،پیاو هەموو ڕۆژێک لە کار و

بازاڕە، ئێستا کەرەنتین وای لێدەکات 24 سەعات لە ماڵەوە بێ سەختە ناچار شەڕ لەگەڵ خێزان ومنداڵی دەکات..

بەڵام لەبەرامبەردا چەند خێزانی سەرکەوتوو هەبوون لەهەمان ئەو کاتەی وا خەڵکانێک بێزابوون بە دەست قەدەغەی هاتووچۆ و بێ کاری، ئەوان پارەیان لەماڵەوە هەڵگرتبوو بۆ ئەگەرێکی نەخوازراو هەروەها ئەو ڕۆژانەشیان بە دەرس و چالاکی بە سوود بە ڕێ خست بەبێ پێکدادان.

تۆ ئەبێت ئەوە بزانیت لەهەموو چرکەیەک پێویستیت بە چەکی زانستە ،ڕەنگە یەکێک لە هاوڕێیەکانت بێت بۆلات بڵێت توشی کێشەیەکی زۆر گەورە بوومە هاوکارم بە جا ئەوکات تۆ زانست و زانیاریت نەبێ لە بری ئەوەی ڕێگای باشی پێ نیشان بدەیت کێشەکەی گەورەتر دەکەیت، بەڵێ زۆرجار بووە بەڵام هەستت بە خۆت نەکردووە..

بۆیە تا ئەتوانی بخوێنە و شارەزابە لەهەموو بوارەکانی ژیانت ، هەرگیز مەڵێ من هەموو شت دەزانم یان پێویستم پێی نییە نــــا هەمیشە بڵێ دەخوێنم چونکە زیانی نییە.

## (24)

### «وەسوەســە»

یەکێک لەو کێشە گەورانەی وا خەڵکێکی زۆری ماندوو کردووە وەسوەسە و دوودڵییە، کێشەی لە پەرستشەکانیان دروست کردووە و وای لە زۆرێک کردووە بە قورسی عیبادەت ئەنجام بدەن ، جارێ سەرەتا ئەبێ ئەوە بزانین شەیتان دوژمنی ئێمەیە ئەتەوێ دوژمن چۆن مامەڵەت لەگەڵ بکات؟!
وەسوەسە لە عیبادەت زانایان ئەیکەنە دوو بەش کە ئێستا باسی دەکەین:

**یەکەم**: لەم جۆرەیان وەسوەسە و دوودڵی لە کاتی عیبادەکەت بۆت دێت، کە دەڵێین عیبادەت واتە هەموو فەرمانێکی خودا لە دەست نوێژەوە هتد..، بۆنمونە کاتێک دەست نوێژ ئەگری ئاوت لە دەمت هەڵدا و دەموچاوت شۆرد گەشتیتە دەستەکانت شەیتان گومانت بۆ دێنێ دەڵێ ئاوت هەڵنەداوە دەمت ، شەیتان ئەیەوێ دەستنوێژت پێ دووبارە بکاتەوە تۆش یەکسەر ئەبێ پێی بڵێ ئاوم لە دەمم هەڵداوە ئەگەر هەڵیشم نەدابێ کێشەی تۆ نییە ، من ئەمەوێ بەبێ ئاو هەڵدانە دەم دەست نوێژ بگرم ، ئەو بەجدی گومانت بۆ دێنێ تۆش ئەبێ زۆر منداڵانە و زۆر بێ منەتانە بەرپەرچی بدەیتەوە، شەیتان کاتێک گومانت بۆ دێنێ وات لێ دەکات سەتا سەت بڕوای پێ بکەی، ئەبێ تۆش بۆی بسەلمێنی دەست نوێژت تەواوە و هیچت لەبیر نەچووە، ئەویش بە ئیهمال کردن، با کەمێک سادەتر قسەت بۆ بکەم شەیتان وەسوەسەی بۆت هێنا لە کاتی دەستنوێژ وتی ئەو بەشەی لاشەتت نەشوشتووە تۆ بڵێ شوشتمە وتی لەدووەم ڕکاتی نوێژ فاتیحەت نەخوێند، پێی بڵێ من بە بێ فاتیحە نوێژ ئەکەم، وتی ئاو چووە قورگت ڕۆژووت بەتاڵە بڵێ خودا بە ڕەحمە ڕۆژووم لێ وەردەگرێ، بە کورتی و پوختی لەکات ئەنجامدانی هەر عیبادەتێک دوودڵ بووی گوێ بەو دوو دڵیە مەدە

عیبادەکەت تەواوە بە قسەی زانیایان ، زانایانیش لە تۆ لەخواترسترن و لەتۆش جددیترن، بۆیە پێشی زانایان مەکەوە.

**دووەم** : لەم جۆرەیان دوای تەواو بوونت لە عیبادەتەکە دوودڵ دەبی، بۆ نمونە دوای تەواو بوونت لە نوێژ خەیاڵت بۆ دێ کە سورەتی فاتیحەت نەخوێند لە ڕکاتی دووەم، یەکسەر پشت گوێی بخە، یان دوای تەواو بوونی غوسل وەسوەسەت بۆ دێ تۆ لە حەمامیش دەرچویتە وەسوەسەت بۆ دێ کە گوایە بەشێک لەلاشەت بە جوانی تەڕ نەبووە، پشت گوێی بخە و هیچ حسابی بۆ مەکە عیبادەتەکەت تەواوە، چونکە زانایان دەڵێن وەسوەسە لە دوای تەواو بوونی عیبادەت هیچ حسێبی بۆ ناکرێت ،بە قسەی زاناکان بکە ئەوان شارەزان لەم بوارە و لە تۆ خواناسترن.

لەهەمووی گرنگتر مرۆڤ پشت بەخوا ببەستێ ونزا بکات، چونکە گۆڕینی دڵ بە ویستی خودایە چۆنی بوێ ئەیگۆڕێ هەمیشە نزای ئەوە بکەن خودا دڵتان بۆ باشترینەکان بگۆڕێ.

****

# (25)

## «مامەڵەی ڕاست»

ئیمامی عومەر برایەکی بوو ناوی زەیدی کوڕی خەتتاب بوو پێش ئیمامی عومەر موسڵمان بوو پێش ئەویش شەهید کرا بە دەست پیاوێک پێی دەگوترا ئەبو مەریەم، جا ئەو ئەبو مەریەمە دواجار موسڵمان بوو هەر کاتێک ئیمامی عومەر ئەبو مەریەمی ببینیایە پێی دەوت زۆر ڕقم لێتە ، ناچیتە دڵمەوە وەکو زەوی چۆن خوێن ناگرێتە خۆیەوە و قبوڵی ناکات.

ئەبو مەریەمیش پێی دەگوت باشە ئەم ڕقەت وا دەکات زوڵمم لێ بکەی و مافم بخۆی ئەی ئەمیری موسڵمانان؟ ئیمامی عومەریش ئەیفەرموو نەخێر زوڵمت لێ ناکەم هەستەکانم پەیوەندی بە بابەتی خەلیفایەتیەوە نییە..

ئەوجا ئەبو مەریەمیش دەیفەرموو کە وابێ کێشەم نییە کە خۆشت نەوێم خۆشەویستی و داواکردنی خۆشەویستی ئیشی ئافرەتانە، لەم چیرۆکە کۆمەڵێک پەیامی جوان هەیە یەک لەو پەیامانە ئەوەیە کاتێک هەستت تەواو نییە لەگەڵ کەسێک تێکەڵی هەموو بابەتێکی ژیانتی مەکە، با ئەو هەستەت وات لێنەکات زوڵم لەو کەسە بکەیت.

هەروەها مەرج نییە لە پەیوەندیت لەگەڵ خەڵکی بە خۆشەویستیەوە مامەڵە بکەیت، نـا ، کۆمەڵێک خەڵک هەن ئیش و کار و بەرژەوەندی کۆمان ئەکاتەوە لەگەڵیان پێویست ناکات هەستێکی تەواومان بۆیان هەبێت هەتاوەکو بەردەوام بین لەگەڵیان.

زۆرجار ئەبینی منداڵەکانمان یان کەسە نزیکەکانمان داوایان لێ دەکەین بچنە فڵانە دوکان ، دەڵێ ناڕۆم حەزم لەو پیاوە نییە، یان خۆشیم بە فڵانە خاوەن دوکان نایەت، ئەم شێوە مامەڵە کردنەیش ژیانت لێ تەسک دەکاتەوە، یانی ڕەنگە تۆ تەنها لەبەر ئەوەی حەزت لە خاوەن دوکانەکەی لای ماڵتان نییە ئەبێ لەبەر پێداویستیەک بچیتە دوکانێکی ئەولاتر ئەوکات لەسەر خۆشت ژیان قورس دەکەی.

هەروەها ئەو سودەی تێدایە پیاو ئەوەنە لاواز نەبێت پێویستی بە خۆشەویستی وعەتف و قسە خۆشی هەموو کەسانی دەوروبەری بێت، بەڵێ خۆشەویستی گرنگە لە نێوان ژن و مێرد بەڵام نەک بگاتە ئەو ڕادە پیاو هەمیشە پێویستی بە نەرم و نیانی و خۆشەویستی بێت ، پیاو واتە زبری .

هیچ کەسێک هێندە گەورە مەکە هەمیشە بەشێک لە کات و فکرت ببات ئەوەی گرنگە خۆشەویستی پێ بدە ئەوەیشی گرنگ نییە بۆچی گرنگی دەکەی بەسەر مێشکتەوە ، هەوڵ بدە خەڵکی بناسی و هەرکەسە و قەدری خۆی پێ بدە ، وە کەسی هیچ مەکە شت.

*****

# (26)

## «جوانترین هەڵبژێرە»

هەزاران ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی ئەوقسە و ئەو پەیامەی هەتە بیگەیەنیت بە جوانترین شێوە، بەبێ بریندارکردنی هیچ کەسێک، هەندێ جار هەندێ قسە هەن هەمان واتایان هەیە بەڵام دانەیەکیان قورسە لەسەر دڵی بەرامبەر و پێی قبوڵ ناکرێ، بۆیە ئەبێ تۆ ژیربیت بزانیت بە چی شێوازێک قسەکەت ئەکەیت..

ئەیگێڕنەوە پاشایەک خەوی بینی، بانگی یەکێک لەو کەسانەیان بۆی کرد کە خەون لەیەک ئەداتەوە پاشاکە خەوەکەی بۆی گێڕایەوە پیاوەکەش وتی: ئەم خەونە ئەوەی لێی حاڵیبووم ئەوەیە کە تۆ هەموو عائیلە و خێزانت لە دەست دەدەیت تەنیا خۆت دەمێنیتەوە و پاشان خۆشت دەمری..!

پاشاکەش زۆری پێ ناخۆشبوو والحاسل فەرمانی کرد بە لێدان ئەم پیاوە دەربکەن دەرەوە، چونکە نازانێ بە جوانی ڕاڤەی خەون بکات..

پیاوێکی دیکەیان بۆی هێنا بۆ ئەوەی لەیەکدانەوە بۆ خەونی پادشا بکات، پیاوەکەش گوێی لەخەونەکە بوو فەرمووی خەونەکەت ئەوەی لێی تێگەیشتم ئەوەیە کە تۆ لە ناو عائیلە و خێزانەکەت لەهەموویان تەمەنت درێژترە..

لەیەکدانەوەکان هەر هەمان واتایان هەیە بەڵام بە ئسلوبێکی جیاواز، خۆشەویستان زۆرجار کەسانێک هەن بە ناوەی ڕاستگۆیی دڵی زۆرکەس ئەڕەنجێنن چونکە هێندە نەفامن وا ئەزانن گەر بەو ئسلوبە ناشیرینە قسەکەیان نەکەن پەیامەکەیان ناگات.

هەروەها مرۆڤی ئاقڵ هەرگیز بە پەلە قسە ناکات و بەپەلە ڕاوبۆچونی خۆی عەرزناکات، ئەم سیفەتە ئیبنو حیبان لە کتێبی باخچەی ئاقڵەکان زۆر پێداگیری لەسەر ئەکات.

مێشکت پەروەردە بکە ، تۆ سەرنجی قورئان بدە خوای گەورە دروستکەری هەمووانە ئەتوانێت بەهەر شێوەیەک قسە و پەیامی خۆی بگەیەنێت، بەڵام تەماشای قورئان بکە بە جوانترین شێوە خوای گەورە گفتوگۆت لەگەڵ دەکات ، سەیری ئایەتەکان بکە پڕە لە ڕێز ، تۆ هەندێ جار گاڵتەت بە خۆت دێ و بەکەم لە خۆت ئەڕوانیت، خوای گەورە پێت دەڵێ (ولقد کرمنا بنی آدم)واتە: ئێمە ڕێزمان لەنەوەی ئادەم ناوە، بەگەورەت دەزانێ خودا ڕێزت دەگرێ، تۆ سوکایەتی بە موسڵمان ئەکەی خودا فەرمان بە موسا ئەکات بە نەرم و نیانی قسە لەگەڵ فیرعەون بکات، چەندەها نمونەی تر قورئان فێری ڕێزت دەکات فێری ئەدەب و ڕەوشتی جوانت ئەکات فێری جددیبوونت ئەکات.

*****

## (27)

## «ڕەیان و چەند پەیامێک»

ئەم بابەتەی ئێستا ئەینوسم سێ ڕۆژ لە پاش ڕووداوی ئەو منداڵەیە وا لە ژێر ئەرزدا گیانی لە دەستدا، منداڵێکی پێنج ساڵان پێنج ڕۆژ لەژێر ئەو ئەرزەدا لە ئازاردابوو، ڕەیان چی بە ئێمە وت؟ ڕەیان بە ئێمەی وت ئێوە یەک ئوممەتن ناکۆک مەبن ئێوە یەک جەستەن ئازاری یەکتر مەدەن.

هەوەها وتی من بەم بچوکی خۆمەوە بۆتان دەسەلمێنم مرۆڤ چەند گەورە و بەنرخە لەلای پەروەردگار، بەڵام بە داخەوە بۆمرۆڤەکان لەم ڕۆژەدا زۆر سوکایەتی بە یەکتر دەکەن و زەمی یەکتر دەکەن و بە چاوێکی کەم سەیری بەرامبەر دەکەن، پارە و ماڵ بووەتە پێوەری باشە و خراپە لەلای هەندێ کەس، لەسەر ئەو ئەساسە بڕیار دەدەن.

هەروەها من لە دیوێکی ترەوە سەیری ئەم بابەتە ئەکەم وەکو سودێک بۆ ئێمە لە ڕووی سایکۆلۆجیەوە، ئەم بینینەی خۆم ئەخەمە ڕوو بۆ ئەوەی بزانین ژیانی ئێمە چۆن بە ڕێوە ئەچێت.

جارێک سەرەتا بە پێی توێژینەوەکان کاریگەری ڕاگەیاندن ها لەپێشی کاریگەری مزگەوت واتە ئەوەی ڕاگەیاندن ئەیکات لە گۆڕینی قەناعەت و چەسپاندنی ئەخلاقێکی نوێ لە ناو تاکەکان مزگەوت ناتوانێ بیکات، بەڵام ڕاگەیاندن زۆر بە ئاسانی ئەیکات پێشتان دەڵێم چۆن.

ئێمە چی وای لێمان کرد هەست بە ناڕەحەتیەکەی ڕەیان بکەین؟ مەگەر ڕاگەیاندن نەبوو وای لە ئێمە کرد چرکە بە چرکە لەگەڵ ئەو چیرۆکە بژین؟ وای لە ئێمە کرد هەمان ئەو هەستەمان هەبێ کە لەلای ئەو کەسانە

هەیە وا نزیکی بیرەکەن، بەبێ ویستی خۆمان پڕ ناخمان بوو لە خەفەت بۆ ئەو منداڵە.

هەر هەمان شتە کاتێک ڕۆژانە تۆ سەیری هەموو جۆرە فیلم و بەرنامەیەک ئەکەی بە بێ ئەوەی گوێ بدەی چی لە تۆ ئەکات ، هەر وا ئەزانی بۆ خۆشیە بەڵام قەت وانییە تۆ هەر ئێستاکە هەزاران تایبەتمەندیت هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو کچەی ئەتەوێ بۆ زەواج، یان ئەو خانوەی ئەتەوێ بیکەی هەمووی لە ڕاگەیاندنەوە بۆت دروست بووە تۆ هەست بە خۆت ناکەی، کۆمەڵێک ڕەفتاری ناشیرین هەیە لە تیک تۆک و ئەو ئاپانەوە فێری بوویتە بە خۆشت نازانی.

لێرەوە فێر دەبی کاتێک سەیری فیلمێک دەکەی کە ئەو فیلمە لەسەر ئەوە کار دەکات مرۆڤ چۆن خیانەت بکات و چۆن لە خیانەتدا لێهاتوو بێت ئەوە خیانەت کارێکی باشت لێ دەردەچێت بەپێی کات.

یان سەیری کەسانێک دەکەی هەمیشە بێزاری لە ژیان و خەڵکی وڵات دەردەبڕن ماوەیەکی تر وات لێ دێ کەست قبوڵ نابێ وهەمیشە ناڕازی و بێزار دەبی.

هەر تەواویشە کاتێک سەیری کەسانێکی سەرکەوتوو ئەکەی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەوە ئەو وزە و تاقەتەی ئەوانت بۆ ئەگوازرێتەوە تۆش وەک ئەوانت لێ دێ لە قسە و ڕەفتار و بیرکردنەوە.

*****

## (28)

## «پێنج یاسای ژیان»

سەرکەوتن لە ژیان لە میراسەوە بۆت نامێنێ ئەکرێ باوکت دەوڵەمەندبێ و تۆش خاوەنی هیچ نەبی چونکە ژیان یاسای وردی تێدایە، ئەکرێ منداڵی پێغەمبەربێت و کافربێت ، وەکو کوڕەکەی پێغەمبەر نوح کە ئیمانی نەهێنا، ئەم ژیانە زۆر بە وردی کار دەکات، هەر بۆیە بـــە پێویستم زانی لێرە باسی بکەم هەروەها لەکەناڵی یوتیوبەکەشم باسم کرد، باسی پێنج یاسای گرنگ ئەکەم کـە هەموو تاکێک پێویستە بیزانێت تایبەتتر بۆ ئەو گەنجانەیە وا تازە پێ ئەگەن ، چونکە گەر ئەم یاسانە بزانن بەشێوەیەکی زۆر باش پێش ئەکەون پشت بە خوا بابزانین ئەم یاسایانە چین:

- تۆ بەهەرمی بیرکردنەوە و قەناعەتەکانتی ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرت لێی ئەکردەوە ئێستاکە تۆ ئەوکەسەی، مرۆڤ بیر لەهەرچی بکاتەوە ئەبێتە ئەو شتە، زۆرجار سەرنجتان داوە بۆ نمونە حەزتان لە سەیارەیەکە کاتێک ئەچنە ناو شار لەو سەیارە زۆر ئەبینن مانای ئەوە نییە ئەو سەیارە زۆرە بەڵکو تۆ زۆر بیر لەو جۆرە سەیارەیە دەکەیتەوە بۆیە زۆر دێتە پێش چاوت، هەرواشە کاتێک تۆ هەمیشە دەترسی و بیر لە شتی ناخۆش دەکەیتەوە ئەبینی شتی ناخۆش و ترسناک زۆر دەبن لە ژیانت.

- تۆ لەهەر ئامانجێک گەورەتری، سوودی چییە زانینی ئەمە ، سوودەکەی ئەوەیە کە تۆ زانیت لەهەموو ئامانجێک گەورەتری ئەگەری گەیشتنت بەو ئامانجە زیاتر ئەبێ ، چونکە تۆ بەهۆی ئەقڵەوە لەهەموو شتێک گەورەتری ،شێر لەمرۆڤ بەهێزترە بەڵام مرۆڤ بەهۆی ئەقڵیەوە شێر ئەکوژێت، هێندە خۆتان بچوک مەکەنەوە وابزانن پێناسەی ئێوە گەیشتنە بە شتێکی مەزن ، خۆتان مەزنن بێ هیچ شتێک چونکە خودا مەزنی کردوون.

- کاتێک ئاستی زانستیت وەکو خەڵکیە هەر وەکو ئەو خەڵکە بیر ئەکەیتەوە، ئێمە مەجالی عیلمیمان هەیە و مەجالی دراسیمان هەیە مەجالی عیلمی و زانستی ئەو عیلم و زانستەیەوە وا خۆت بە دوای ئەگەڕێی لە وانەی شەرعی و بازرگانی و هتد.. بەڵام مەجالی دراسی ئەوەیە وا لە قوتابخانە ئەیخوێنی، جا تۆ تەنها پشت بە خوێندنی قوتابخانە ببەستی بۆ ئەوەی سەرکەوتووبی لە ژیان سەرکەوتوو نابی چونکە لە کۆتاییدا هەر وەکو هاوپۆلەکانت بیر ئەکەیتەوە شتێکی تازە نەهاتەتە بوون، نـــا ئەگەر ئەتەوێ ژیانت وەکو خەڵکی نەبێ پێویستە شتانێک بکەی کە ئەوان نەیانکردبێ ئەمیش یاسایەکی تری زۆر گرنگە لە یاساکانی ژیان.

- پارە و داهاتی مانگانەت پێویستی بە کارگێڕییە، پارە وەکو هەر شتێکی تر فەلسەفە و زانستی خۆی هەیە، تۆ ئەتوانی ئەو پارەی مانگانە بۆت دێت بەشێکی هەڵبگریت و بەشێکی بکەیتە خێر و سەدەقە و بەشێکیشی بۆخۆت خەرج بکەی، ڕەنگە بڵێی بەش ناکات ، منیش دەڵێم ئەوە قەناعەتی خۆتە، ئەگینا مرۆڤ لەمانگێک ئەتوانێت سێ ملیۆن خەرج بکات ئەشتوانێ بە پێنسەت هەزار مانگەکە تەواو بکات، من لێرە هەر یاسای پسپۆڕانتان بۆ باس دەکەم کە دەڵێن بۆ ئەوەی ببتە کەسێکی دەوڵەمەند پێویستە لە10% پارەکەت مانگانە هەڵبگریت و حیسابی مردوو بۆ ئەو پارە بکەیت بە درێژایی تەمەن ، هەتا تەمەنت بچوکترە ئەم یاسایە پەیڕەو بکەی کەمتر ماندوو ئەبی و زووتر دەوڵەمەند ئەبی بە ویستی خوا.

- یاسای کۆتا ئەگەر کەسێکی هۆشیار نەبی و لەحاڵی ئێستادا نەژیت ئەوە ئازار ئەتگۆڕێ وەک لەوەی ئەقڵ و ژیری بتگۆڕێ ئەم قسە یانی چی؟ ئەمەوێ پێت بڵێم ئەگەر ئێستاکە هاوسەرێکی زۆر بەڕێزت هەیە نرخی نەزانی و بێوەفابی بەرامبەری ئەوە سبەینێ کە لە دەستتدا خەمێکی زۆری بۆ دەخۆی ئەوکات بەهۆش خۆت دێی بەڵام دوای چی؟ ڕۆژانێک بوو ئەتتوانی دڵی نەشکێنی، ئەتتوانی خۆشەویستی خۆتی پێ بدەی بەڵام چونکە غافڵ بووی و هۆشیار نەبووی خۆتت چاک نەکرد هەتا وای لێهات دوای

لە دەستدانی هاوسەرەکەت ئازار تۆی گۆڕی، ڕەنگە ئێستاکە ئێوەی ئافرەتان بڵێن پیاو قەت پەشیمان نابێ، منیش دڵنیاتان دەکەمەوە ودەڵێم زۆرێک لە پیاوان لە دوای لەدەستدانی هاوسەرەکانیان پەشیمانییەکی و خەفەتێکی زۆر سەردڵیان ئەگرێ هاوسەرەکانیانیش زۆر بە جوانتر ئەبینن وەک لەو کاتەی وا لەلای خۆی بوو و هاوسەری بوو، بۆیە هۆشیاربن لەهەموو ڕوویەکەوە پێش ئەوەی پەشیمانی و ئازار بتانگۆڕێ.

****

## (29)

# «زیانی فیلمی نــائەخلاقی»

یەکێک لەو کارانەی کەوا لە مرۆڤ ئەکات نامەزرۆی خەندەیەک بێت ئەوەیە ئالۆدەی پۆڕن بێت (فیلمی ڕووت) سەیرکردنی ئەو فیلمانە کاریگەریەکی زۆر خراپی هەیە لەسەر مێشک ولاشەی مرۆڤ، کار لەسەر تێکدانی خانەکانی مێشک ئەکات، ڕەنگە بڵێی جا ئەوە خۆ خواردنێک نییە بیخۆی ئیتر بۆچی زیانی هەیە ، زیانەکەی زۆر لەوە وردترە وا تۆ بیرت لێی کردوەتەوە ، تۆ کاتیک سەیری ئەو فیلمە خراپانە ئەکەیت مێشکت لە حاڵەتێکی وروژانی نا ئاسایی ئەبێت ئەوکات مێشک دۆپامینی زیاد دەرژێنێت، بۆ جارێکی دی کە سەیری ئەو فلیمانە بکەیت بەو ئەندازە دوپامین نارژێنێت مێشکت، ئەوە وا ئەکات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر سەیری بکەی بۆ ئەوەی بگەیت بەو چێژەی وا یەکەم جار پێیگەشتی، جا تۆ کە ئالۆدەی ئەم کارانە بوویت کاتت زیاتر پێویست دەبێ بۆ سەیرکردنی، هەر جارێک سەیری ئەکەی بە مەبەستی گەیشتن بە چێژی زیاتر بەدبەختیت زیاتر دەبێت، چۆن دەتەوێ وزە وبەختەوەری لە شتێکدا ببینی کە خودا حەرامی کردووە، بێگومانم ئەگەر هەر کەسێک زۆر سەیری ئەو کارانە بکات ئەم زیانانە بزانێت وردە وردە لێی دوور ئەبێتەوە، کێشەی مرۆڤەکان ئەوەیە شتێک ئەنجام ئەدەن ئاگایان لە زیانەکەی نییە وا ئەزانن شتێکی ئاساییە، بەڵام کە زانیان زیانی زۆرە چی لە ڕووی دینەوە چی بۆ لایەنی تەندروستی بە پێی کات لێی دوور ئەبنەوە، حەز ئەکەم لێرەوە بە گەنجان بلێم بە پێی توێژینەوەیەک کە لە ئەڵمانیا ئەنجامدراوە ئەو کەسانەی سەیری فیلمی سێکسی ئەکەن بە پێی کات هۆشیاری وئاگاییان نامێنێت کەسانێکی گەمژەیان لێ دەردەچێت (لەگەڵ ڕێزم) .

هەروەها یەکێکی تری لە زیانەکانی ئەوەیە، جیابونەوەی خێزانی لێ ئەکەوێتەوە بۆچی؟! من پێت دەڵێم لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی لە تەمەنی گەنجیەتیەوە خەریکی سەیرکردنی ئەو فیلمە نەشیاوانە بوونە کۆمەڵێک شتی پێرفێکت لەمێشکیان تۆمار بووە دەربارەی هاوسەرگیری، جا کاتێک هاوسەرگیری ئەکات ئەبینێت هاوسەرەکەی وەک ئەوانە نییە وا ئەم بینیویەتی، جا ئافرەتی داماو چۆن بتوانێت دڵی تۆ ڕازی بکات ئەگەر تۆ ڕۆژانە سەیری سەتەها ئافرەتت کردبێت لەکوێ بتوانێت هەموو ئەو حەزانەی تۆ تێر بکات کە تۆ لە بەرهەمی هەزاران فیلمەوە کۆت کردووەتەوە پەنا بە خوا، بچن لە یوتیوب سەیری ئەو گەنجانە بکەن کە باسی ئەزموونی خۆیان ئەکەن لەگەڵ ئەو کارە بزانن چۆن باسی دەکەن لەکاتێکدایە ئەوان بێباوەڕن و ئەوەی دڵخۆشیان بکات ئەنجامی دەدەن بەڵام زۆر بە خراپی باسی تەماشا کردنی ئەو فیلمە سێکسیانە دەکەن، هەر زۆر بە ئازارەوە باسی دەکەن، نامەوێ زیاتر درێژە بەم باسە بدەم هەر ئەوەندە ئەڵێم زیانەکانی خەیاڵ وقسەی گیرفانی خۆمان نییە هێندە ئەم بابەتە گەورە بووە کتێبی تایبەتی لەسەر نوسراوە.

****

# (30)

## «بۆچی حەسوودی؟»

وەڵامێکی تر لەو بۆچیانەی وا کتێبەکەم بە هۆیەوە نوسی ئەوەیە ، بۆچی خەمێکی زۆرت هەیە هەندێ جار بەبێ هیچ هۆکارێک؟ منیش پێت دەڵێم هۆکارەکەی حەسوودیە، کەسی وا هەیە تەنها باسی نیعمەتێکی خۆیت بۆ ئەکات تۆ شەو خەوت نامێنێ، حەسودی بردن بە خەڵکی دەردێکی کوشندەیە بەڵکو یەکێکە لەو تاوانانەی کە چاکە ئەخوات، ئێمە لە دینەکەمان تەنها چاکە خراپە ئەخوات وئەیسرێتەوە ، بۆ نمونە گوناهێکی بچوکت کردووە بە دەست نوێژێک ئەسڕێتەوە، بەڵام گوناحەیەک بکەیت چاکەیەکت ناسڕێتەوە ئیللا مەگەر تاوانەکە کوفر وهاوبەش دانان بێت بۆ خودا یان حەسودی، کە مەبەستمە لێرە باسی بکەم بەڵکو حەسودی هەر چاکە بە مرۆڤەوە ناهێڵێت وەک پێغەمبەری خودا دەفەرمووێت: (إياكم والحسد فإن الحسد تأكل الحسنات كما تأكل النار الحطب) واتە: ئامان وریای حەسودی بن لەبەر ئەوەی حەسودی چاکەی مرۆڤ دەخوات وەکو چۆن ئاگر داروسوتەمەنی دەخوات.

بە داخەوە هەندێ لە خەڵکی ئەوەندە نەفامن خوداماڵێک بداتە کەسێک حەسودی پێ ئەبات ڕەنگە خۆیشی لەو کەسە زیاتری هەبێت، بەڵام نارەحەتە خودا ماڵ یان پارە بداتە خەڵکی ، جا بەڕێزانم پەنا بگرن بە خودا لەم تاوانە ئەوەیشی گیرۆدەی ئەم بەڵایە بووە ، با بەتەنیا لەگەڵ خوای خۆی دابنیشێت داوا بکات ناخی پاک بکاتەوە، ئەو ڕێگایانە بگرێتە بەر کە ناخی پاک ئەکەنەوە وەک خوێندنەوەی قورئان هەروەها بە دوای زانستی شەرعیدا بگەڕێت، هەروەها نرخی دنیا بزانێت چەن بچوکە بڵێت باشە

هەموو دنیا لەلای خودا باڵە مێشولەیەک ناهێنێت، من حەسودی بە چی ببەم ئەگەر هەموو دنیا قیمەتی نەبێت ، ئەوە ماڵێک و یان بڕە پارەیەک هەر حیسابی بۆ ناکرێت لە بێ نرخیدا.

یەکەم تاوانیش لەسەر زەوی ڕوویدا حەسودی بوو کاتێک نەوەکانی ئادەم سەلامی خوای لەسەر بێت، قابیل حەسوودی بە هابیل برد وکوشتی، هەر حەسودی بوو شەیتانی کردە دوژمنی خودا وموسڵمانان کاتێک حەسودی بە ئادەم برد وفەرمووی من لەو باشترم ، چونکە من لە ئاگر دروست بوومە وئادەم لە قوڕ، لەگەڵ کەسی ئیماندار هەرگیز ئەم سیفەتە یەک ناگرێتەوە، کاتێک برایەکت سەیارەیەک دەکڕێت تۆ ئاگر لە دڵت بەر دەبێت حەسودی پێ دەبەیت وئارامت لێ ئەبڕدرێت بۆچی؟! لە جیاتی ئەوەی پێی بڵێی یاخوا پیرۆزت بێت شایەنی لەوە باشتریشی ، ئەوەیش بزانە بەو ئەندازەی چاکەت بوێت بۆ موسڵمانان بەو ئەندازە خێر وچاکە دێتە ڕێگات، بۆیە ناختان پاک بکەنەوە، دنیا بە چاوێکی کەمەوە تەماشا بکەن با هەموو خەم وخەفەتتان دنیا وماڵی دنیا نەبێت ئەوکات ڕزگارتان دەبێت لە حەسودیش.

*****

# (31)

## «نوێژنەکەر و کۆمەڵێک خەم»

وەڵامێکی دیکەی ئەو بۆچیانەی کە مەبەستمە، بۆچی ژیانت پڕە لەبەدبەختی وناخۆشی؟ یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئاسوودەیی لە ژیانی مرۆڤدا ناهێڵێت و بەدبەختی ئەکات، ڕوناکی لە ژیانی ناهێڵێت دەست بۆ هەرچی ببات ڕێک ناکەوێت و کێشە زۆر ئەبێ لە ژیانی، نوێژ نەکردنە.

هیچ پێویست ناکات بۆ ڕاستیەتی ئەم باسە بەڵگە بهێنینەوە و بەڵگە عەرزی جەنابتان بکەین، خۆتان سەیری ژیانی ئەو کەسانە بکەن کە نوێژ ناکەن ئەوکات ئەزانن نوێژ نەکردن چی تاریکیەکە بۆ ژیانی ئەو کەسە، بزانە چی تاریکیەکە بۆ سەر دڵی.

ئەوەندە بەسە بۆ کەسی نوێژ نەکەر بۆ سەرزەنشت کردنی کە زانایان یەک دەنگ نین لەسەر موسڵمان بوونی، لەلای کومەڵێک لە زانایان نوێژ نەکەر هەر بە کافر ئەزانن، بەڵام هەندێکی تر لە زانایان دەڵێن ئەگەر بە هۆی تەمبەڵیەوە نەیکات ئەوە کافر نابێت بەڵام تاوانێکی زۆر گەورەی ئەنجام داوە، جا توخوا خۆشەویستان چۆن ئەبێت مرۆڤ هێندە بە ئاسانی سەیری نوێژ نەکردن بکات لەکاتێکدا لەلای کۆمەڵێک زانا نوێژ نەکەر بە کافر ئەزانن!

ئەویش بە پێی دەق وفەرمودە، قسە ولەیەک دانەوەی خۆیان نییە، بۆ زانیاری بەڕێزتان ئەو کەسەی وا نوێژ ناکات بە گومانی خۆی وا ئەزانێت بەختەوەر وئیسراحەتە، بەڵام من لێرەوە دڵنیایی ئەکەمەوە ئەو کەسەی نوێژ ناکات ئازار وناڕەحەتیەکەی لەو کەسە زیاترە کە نوێژ ئەکات، ئەو کەسەی

نوێژ ئەکات دوای تەواو بوونی لە هەر فەرزێکی خودا وا هەست دەکات دونیا هی خۆیەتی، بەڵام ئەوەی نوێژ ناکات سیفەتی ئاژەڵی هەیە، ئەزانێت ئەژێت ونان ئەخوات وئەخەوێت، بەڵام بۆ ئەژێت ئەوەیان نازانێت!
هەروەها ئەو کەسەی نوێژ ناکات نابێت زۆر جێی متمانە و وەفا بێت ، لەبەر ئەوەی هەرکەسێک دەر هەق بە خودا بێ وەفا بوو چاوەڕێی چی لێ دەکەیت؟؟

نوێژ نەکردن تاوانێکی زۆر گەورەیە، ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا درودی خوای لەسەربێت بە تەنیشت دوو گۆڕدا تێدەپەڕێت فەرمووی ئەمانە سزا ئەدرێن ئێستاکە بە هۆی شتێکیش سزا ئەدرێن کە بەلای خۆیانەوە گەورە نەبووە، یەکەمیان خۆی پاک نەدەکردەوە لە پاشماوەی میز، یان کاتێک میزی ئەکرد گوێی بەوە نا ئەدا پرشی میز لە جل وبەرگی بدات، دووهەم کەسیان قسەی ئەهێناو ئەبرد، خەریکی ئەوە بوو نێوان دوو خۆشەویستی تێکدەدا، جا ئەوەی لێرە مەبەستمە یەکەم دانەیانە ئەگەر ئەوە سزای کەسێک بێت کە بە جوانی خۆی پاکەوە نەکردبێتەوە بۆ نوێژ وخۆی لە میز دوور ڕانەگرتبێت ئەبێت سزای کەسێک چۆن بێت کە هەر نوێژ ناکات؟!
بێگومان گەورەترە.

*****

# (32)

## «قەناعەت»

تێفکرام و بۆم دەرکەوت یەکێک لە گەورەترین هۆکارەکان کە ئەبێتە هۆی بەدبەختی مرۆڤ ئەوەیە قەناعەتی بەوە نەبێت کە خودا پێی داوە، جوانی دەوڵەمەندی لەوەدایە بەخشندە بێت، وە جوانی هەژار ودەست کورتیش لەوەدایە قەناعەتی هەبێت، بەو بەشەیش ڕازی بێت کە خودا پێی بەخشیوە.

وەک وتراویشە: پاڵ بە گوێ درێژی خۆتەوە بنە لەوە باشترە پاڵ بە ئەسپی هاوسێکەتەوە بنەیت.

مرۆڤ نابێت ژیان تەنها لە شتی ماددیدا ببینێت ئەبێت بزانێت لەم ژیانەدا ئەگەر پارەت نەبوو نابێت کەرامەت وکەسایەتی خۆتی بۆ بدۆڕێنیت ، لەم ژیانە زۆر کەس بە دوای زۆریدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی دڵخۆش ببێت، بیریان چوو قەناعەت گەورەترین دڵخۆشیە، قەناعە لەلای من مانای ئەوە نییە ڕازی بیت بە فەقیری نا، بەڵکو پێویستە مرۆڤ شارەزا بێت لە یاری پارە و هەوڵیش بدات بە دەستی بهێنێت، بەڵام لەو ڕێگایەدا کە بەرەوە بە دەستهێنانی پارە دەڕوات خۆی سووک نەکات، چونکە لە کۆتاییدا ئەو مرۆڤەی ڕازی بێت بەو بەشەی خودا پێیداوە هەرگیز ئاگری حەسودی ناخی ناخوات، ئایینەکەمانیش فێری قەناعەتمان ئەکات وەک پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت دەفەرمووێت: ئەوەی ڕۆژی لێ بوەوە لە ئەمن وئەمانە بوو لە ماڵەکەیدا، هەروەها لاشەی تەندروست وسەلامەت بوو، هەروەها خواردنی ئەو ڕۆژەی هەبوو بیخوات وەک ئەوە وایە هەموو دنیای بە دەست هێنابێت.

ژیان ڕەنگە هەموو شتت پێ نەبەخشێت بەڵام قەناعەت وات لێدەکات چێژ لەهەموو ئەو شتانە ببینیت وا هەتە.

بە داخەوە هەندێ خەڵک پارەی دە ساڵ ژیان کردنی هەیە بە بەردەوامی دەڵێت نیمە، ژیان زەحمەتە، پارە زەرورە هتد... ژیان وا نییە هەمیشە وتومە ژیان ئەوە نییە وا مرۆڤ پێناسەی ئەکات، ژیان ئەوەیە وا خودا پێناسەی کردووە لە پێناسەی خودایش هەموو دنیا نرخ باڵە مێشولەیەکی نییە!!

هەموو ئەم قسانەی کردمان مانای ئەوە نییە مرۆڤ هەر ئەوەی هەیەتی پێی ڕازی بێت وهیچ هەوڵێک نەدات، نا بە پێچەوانەوە ئەوەی هەتە پێی ڕازیبە هەوڵی بە دەست هێنانی زیاتریش بدە، خەڵکی پێویستیان بە تۆ بێت لەوە باشترە تۆ پێویستیت بە خەڵک بێت، خەڵکی چاوەڕێی دەستی تۆ بکەن لەوە باشترە تۆ چاوەڕێی دەستی خەڵکی بیت، هەوڵی خۆت بدە بەڵام دنیا با نەچێتە ناو دڵتەوە تەنها با لە ناو دەستتدا بێت.

یاسای خودایش ئاوهایە ئەوەی شوکری ئەو نیعمەتانە بکات کە هەیەتی و دڵی پێی خۆشبێ خودا ناز و نیعمەتی زیاتر بەسەریدا دەڕژێنێت ، ئەوەیشی کوفری نیعمەتەکانی خودا بکات و سپڵە بێت ئەوە هەموو ژیانی بە دوای خۆشی وبەختەوەری دەگەڕێ ونایدۆزێتەوە.

*****

# (33)

## «ئامانجێک بەسە بۆ ئەوەی بژیت»

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی ژیانی مرۆڤ ناخۆش ئەبێت بە هۆیەوە نەبوونی ئامانجە ، ئێمە لەسەرەتای کتێبەکەش بەڵێنی ئەوەمان دا دەست بنەینە سەر ئەو برینانە وا هۆکاری بەدبەختی ئێمەن و بزانین **بۆچی** ئێمە بەدبەختین؟

نەبوونی ئامانج کێشەیەکی زۆر گەورەیە مرۆڤ نەزانێت بۆ ئەژیت نەزانێت چی دڵخۆشی ئەکات نەزانێت تواناکانی چییە، خەم مەخۆن ئەوەی ئەم کتێبەتان بۆ ئەنوسێت ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان وەکو ئێوە ژیان ماندووی کردبوو، بەڵکو ڕوونتر بیلێم خۆم خۆم ماندوو کردبوو نەم ئەزانی سوودم چییە؟

یەکێک لە براکانم هەمیشە پێمی ئەوت تۆ سوودت چییە ؟ ئەیوت نە سودت بۆ ژیان هەیە نەش سودت بۆ دین هەیە، لێرەشەوە سوپاسی ئەکەم بۆ ئەو قسە نێگەتیڤانەی، من نەمهێشت بمروخێنێ ، بەڵام زۆرێک بەو جۆرە قسانە هەموو تەمەن بریندار دەبن، بەهەرحاڵ مەبەستەکەمان قوڵترە..

کە چوومە ناو جیهانی هەرزەکاری نەم ئەزانی چۆن تەعبیر لە کەسایەتیم بکەم نەم ئەزانی چۆن بڵێم من هەم وئەوە منم، ڕۆژێکیان ڤیدیۆیەکی گەنجێکی فەلەستینم بینی باسی لەوە ئەکرد چۆن بزانیت ئامانجت چییە لە ژیان؟

**وتی** : بۆ ئەوەی بزانیت ئامانجت چییە شت زۆر تاقی بکەوە. بە دڵنیایەوە ڕاستی کرد ئەزموون وتاقیکردنەوەی زۆر زیاتر شارەزات ئەکات زیاتر خۆتت پێ ئەناسێنێت زیاتر ئەزانیت چیت دەوێ، لە چی شتێکی دیکەدا بە

توانای، هەروەها شتێکی تر یارمەتی دەرە ، ئەمەشیان قەناعەت وئەزموونی خۆمە ئەویش ئەوەیە زۆر کتێب بخوێنیتەوە ، چونکە کتێب خوێندنەوە شتانێکت بۆ دەرئەخات شتانێکت بۆ ڕوون ئەکاتەوە بۆ کەسی سادە وئاسایی دیار نییە..

کتێب لەگەڵ ناخت ئەدوێت بۆیە ناخت زیندوو ئەکاتەوە تواناکانت ئەخاتە کار جارێکی دیکە ، تۆ پێویستە ئامانجت هەبێ و پەیامت هەبێ، ئامانج تا مردنە دوای مردنت ئامانجەکانت کۆتاییان پێ دێ، بەڵام پەیامەکەت زیندوو دەمێنێ دوای مردنیشت ئەگەر پەیامێکی ڕاستگۆیانە بێت و بەدڵ ئیشت بۆ گەیاندنی کردبێ لە ژیانی ڕۆژانە..

باشترین نمونەش پێغەمبەری خودایە چونکە وردبینانە کاری کرد لەسەر ئامانج و پەیامەکەی زۆر بەجوانی بە مەبەستی خۆی گەشت، هەم بەجوانی گەشتە ئامانجەکەی و هەمیش پەیامێکی گەورە و زیندوی بەدوای خۆیدا بە جێهێشت.

کارەکان نیەت و ڕاستگۆیی خاوەنەکەی گەورەی دەکەن نەک زۆر ماندوو بوون و زۆر هەوڵدان.

ئەو مرۆڤانەی وا خاوەنی ئامانجن زۆر بەهێزن زۆریش بە متمانەوە قسە ئەکەن مرۆڤانێکی وزەدارن، بە پێی گەورەیی و تایبەتی ئامانجەکەت کەسایەتیت جوان ئەبێ مرۆڤ کاتێک ئامانجەکەی ناوازەبوو ئەوە ژینگەیەکی ناوازە بۆخۆی دروست دەکات وەک ئەزانین ژینگەش کاریگەری هەیە لەسەر کەسایەتی و وزەی مرۆڤ.

*****

# (34)

## «وزەی باش و خراپ»

هەموومان ڕۆژیک لە ڕۆژان کاتێک بەنزینمان کردووەتە ناو سەیارەکەمان هەستمان بە باشی یان خراپی بەنزینەکە کردووە، چونکە بانزین خراپ بێت ئەو سەیارە هێزی ڕۆیشتنی جیاوازی دەبێت لەگەڵ پێشووتر هۆکارەکەیشی ئەوەیە وزەیەکی خراپمان کردە ناو سەیارەکە.

جا ئێستا من پرسیار لە بەڕێزت ئەکەم قەت بووە ڕۆژێک زۆر برسیت بووبێت بەڵام ئەو برسێتیەت وای لەتۆ نەکردبێ بێتاقەت بیت، بەڵام کە خواردنێکی نا تەندروستت خواردووە لاشەت هێزی تێدا نەماوە هەستت بە بێ تاقەتی وجۆرێک لە دڵتەنگی کردووە وایە؟!

بەڵێ هەموومان بەسەرماندا هاتوە بەڵام کەمێکمان هۆکاری ئەو بێتاقەتیەمان ئەزانین، هۆکارەکەی ئەوەیە وزەیەکی خراپمان کردووەتە ناو لاشەمان، بۆ زانیاری بەڕێزتان خواردنی نا تەندروست کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوە ومێشکت مەگەر مێشک پێویستی بە خواردن نییە؟!

جا بیهێنە پێش چاوت ئەو خواردنەیش خراپ بێت ئەبێت چی وزەیەکی خراپ بە مێشک ولاشە بدات ، بۆ ئەوەی وزەیەکی پاک وچاکتان هەبێت هەمیشە گەشبین بن ، خواردنی تەندروست بخۆن، با میوەش بەشێک بێت لە ژیانتان هەموو ڕۆژێک ، چونکە میوە وزەیەکی زۆری تێدایە بە تایبەت هەتا زوو لە دارەکەوە بکرێتەوە وبخورێت سوودی زیاترە واتە بە فرێشبێ، هەروەها هۆکاری دیکەی بێ تاقەتی مرۆڤەکان جگەرە کێشانە چونکە جگەرە نەک بڵێین وەکو خواردنەکان تەندروست نییە بەڵکوو هەر پیسە وشەی تەندروست نییە ڕەنگە بۆ شتێک بە کار بێت کە ئەو شتە لەلای

کۆمەڵێک خەڵک باش بێت بەڵام جگەرە لەلای هیچ ئاقڵێک پاک نییە بەڵکو شتێکی پیسە و وزەی مرۆڤیش ئەشێوێنێت.

سەرچاوەکانی وزە زۆرن کۆمەڵگاکەشت بەشێکە لەو وزەی تۆ، ژینگەکەکەت کە ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەیت هۆکارێ بێتاقەتی و هێزی تۆن ، گەشبینی و قسەت وڕەفتار و هەستت ولەیەکدانەوەت بۆ شتەکان هتد..

هەمووی لەو ژینگەیە وەردەگری کە ڕۆژانە لە دەورتن، جا مرۆڤی ژیر چی ئەکات ؟ مرۆڤی ژیر باشترین ژینگە بۆخۆی دروست دەکات وەکو ژینگەی مزگەوت ژینگەی کتێب ژینگەی کەسە سەرکەوتووەکان ، ژینگەی خواردنی تەندروست ژینگەی وەرزش ، نەک ژینگەکەی هاوڕێی خراپ و گازینۆکان بێ.

*****

# (35)

## «دایک و باوک»

یەکێک لەو کارو کردەوانەی ژیانی مرۆڤ تاڵ ئەکەن خراپ بوونە لەگەڵ دایک وباوک، ڕازی بوونی خوای گەورە پەیوەستە بە ڕازی بوونی دایک و باوکت.

دایک وباوکت ڕازی بکە خوای گەورەت لێ ڕازی دەبێت، پیاوێک دێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا درودی خوای لەسەر بێت ئەفەرمووێت ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دێم لەگەڵت بۆ جیهاد وجەنگ دژی بێباوەڕان، پێغەمبەری خوایش دروودی خوای لەسەر بێت فەرمووی دایک وباوکت ماون فەرمووی : بەڵێ دە فەرمووی بچۆ بۆ لای ئەوان جیهاد لە لای ئەوانە لە نزیکیان بە.

ئەمڕۆ چاوم بە گرتە ڤیدیۆیەک کەوت ناخمی هەژاند دیمەنە ڤیدیۆیەک وای کرد هەستم وتەلەفۆنێک بۆ دایکم بکەم وهەواڵی بزانم چونکە لە شارێکی ترە، ڤیدیۆکە کوڕێک دایکی خۆی ڕادەکێشێت بە ڕاکشان ودایکی فڕێ ئەداتە دەرەوە پاشان دەست ئەکات بە لێدانی دایکی هەتا لەچکەکە لەسەر دایکی دێتە خوارەوە، دایکە پاشان دەکەوێتە ڕێ ودەڕوا هێندە پیربووە زۆر بە لاوازی ڕێی دەکرد، جا من ئەپرسم ئەبێت ئەو دۆزەخە چی بێت وا ئەو کەسە تێیدا دەژیت کە لەگەڵ دایک وباوکی خراپە، باسی دۆزەخی دونیای ئەکەم هێشتا قەبرو قیامەتی ماوە خوا پەنامان بدات بێ ئەتەوێ هەفای مرۆڤەکان بزانیت سەیری مامەڵەیان بکە لەگەڵ دایک و باوکیان ، ئاگاتان لە دایک وباوکتان بێت خراپ بوون لەگەڵ دایک وباوک یەکێکە لەو تاوانانەی وا خوای گەورە هەر لە دنیادا تۆڵەت لێ دەکاتەوە، سوێند ئەخۆم

بە خودا بە شێوەیەک ژیانت تاریک دەبێت ئیتر هەرگیز خۆشی لە ژیانت نابینیت وریابە خراپ بیت لەگەڵ دایک وباوکت هەرچەند خراپیش بن لەگەڵت، چۆن ئەتوانی خراپ بی لەگەڵ کەسێک خودا دوای مافی خۆی باسی مافی ئەوانی کردووە!!

بەرەکەتی خودا ڕازیبوونی خودا ڕووناکی ڕێگا کارئاسانی دووریت لەبەڵا و ناخۆشی ڕێزگرتنی منداڵەکانت لەتۆ هەمووی دوای ئەوە دلن کە تۆ چاکەکاربی لەگەڵ دایک و باوکت.

*****

# (36)

## «فشار»

یەکێک لەو نەخۆشیانەی کە دونیای تەنیوە و هەموو تاکەکان دەناڵێنن بە دەستیەوە نائارامی و هەست کردنە بە فشاری دەروونی چی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان بێ چی لە وڵاتە دواکەوتووەکان ، چی کەسەکان دەوڵەمەند بن چی فەقیر، ئەگەیتە هەر کێ هەناسەیەکی قوڵ هەڵەمژێت و شکایەت ئەکات.

من ئەمڕۆ ئەمەوێ لێرە چەن هۆکارێک بخەمە ڕوو کە هۆکاری سەرەکین بۆ فشاری دەروونی و نائارامی وە هۆکاریش زۆر زۆرە بۆ فشاری دەروونی هەر لەبەر زۆری هۆکارەکان وای لێهاتووە ئەم کێشەیە هەموو دونیای گرتوەتەوە چونکە ئەگەر یەکێک لەم هۆکارانەی نەبێ وا باسی دەکەم هۆکارێکی دیکەی هەیە وای کردووە لە ژێر فشاردا بێ، با بە پشتیوانی خوای گەورە دەست پێ بکەین و بزانین هۆکارەکان چین:

**هۆکاری یەکەم:** نەبوونی ئامانجێکی گەورە و ڕوون و لە ژیانی تاکەکان ، مرۆڤەکان وەکو سەیارەیەکیان لێهاتووە ڕێدەکات و بەڵام نازانێ بۆکوێ و بۆ ئەڕوا و کەی ئەگات گەر بگات بە کوێ ئەگات هیچی لێنازانن بەس ئەزانن ئەڕۆن.

**هۆکاری دووەم:** فشاری کارکردن و خۆ سەرقاڵکردن ، زۆرێک هەن کارەکەی خۆیانیان بە دڵ نییە بەڵام لەبەر مووچەکەی بەردەوام دەبن فشارێکی زۆریان لەسەرە نائارامن بەڵام ئەبینی لەوکارەیان تەنها پارە ئەبینن جاکیش ئەزانن ژیانیان پڕە لە فشار، پێویستە هەوڵی گۆڕینی

کارەکانیان بدەن ئەو جۆرە کەسانە ، چونکە ئەو فشارە بە پێی کات ڕۆحی ژیانیان لێ دەستێنێ.

**هۆکاری سێیەم:** کارکردنی بەردەوام ئێستاکە وای لێهاتووە ئەو کەسەی لەکارەکەشی گەڕایەوە بۆ ماڵ لەماڵیش وەڵامی تیل و نامەی ئەو خەڵکە ئەداتەوە ، کاتێک نەماوە کاتی ئارامی و حەسانەوە بێت کاتێ نەماوە تایبەت بێ بەخۆی، مرۆڤ مێشکی بە سیستەمێکی زۆر تایبەت دروست کراوە ناکرێ بە کەیفی خۆت ماندووی بکەی و بتەوێ بەجوانی بیربکاتەوەوە و بەختەوەرت بکات.

**هۆکاری چوارەم:** دووری لەخوا، نامەوێ درێژە بەم خاڵە بدەم ، تەنها یەک شت دەڵێم گەر خەڵکی هێندە مۆبایل بەدەستیانە و سەرقاڵی کاری بێ سوودن ئەوەندە قورئان بە دەستیانەوە بووایە یەک کێشەیان نە ئەبوو لەم ژیانە نە کێشەی حسسی نە کێشەی مەعنەوی.

**هۆکاری پێنجەم:** پەیوەندی لەگەڵ کەسی هەڵە، زۆرجار هاوڕێیەتی کەسێک ئەکەی کەسێک ئەکەیتە هاوسەرت لە فشار زیاتر هیچ سودێکت پێ ناگەیەنێت ، ئەزانێ شتێک نوڕەت دەکات ئەیکات ، دەزانێ شتێک دڵت ئەشکێنێ دەیڵێت، ئەو جۆرە کەسانە تەمەنت بە زایە دەدەن و زۆریش ئەبنە ڕێگر لە بەرەوپێشچوونت ، گەر زانیت هەموو تەمەنت تەنیای کەسی هەڵە مەکە هاوڕێ و هاوسەفەر و هاوسەرت .

*****

# (37)

## «وزەی نێگەتیڤ»

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی مرۆڤ بەد بەخت ئەکات کەسەکە خاوەن بیرکردنەوەیەکی نێگەتیڤانە بێت، کۆمەڵێک درامای خراپ وخەیاڵی هەڵە دەربارەی ژیان دروست بکات.

بەدبەختی تۆ بەهۆی ئەو هۆکارانەوە نییە کە لەدەوروبەرت ڕوو دەدەن، بەڵکو بەهۆی ئەو بیرۆکە و قەناعەتانەی ناو مێشکی تۆن کە پێناسەی ئەو ڕووداوانەیان کردووە، ئەو ژینگەیش کە ئێمەی تێیداین بەڕاستی زۆر یارمەتی دەرە بۆ ئەوەی ئێمە بەد بەخت بین لەبەر ئەوەی ژینگەی دەوروبەرمان پەرداخێک ئاو ببینن تا نیمەی ئاوی تێدا بێت دەڵێن نیمەی پەرداخەکە بەتاڵە، ناتوانن بڵێن نیمەی ئاوی تێدایە!!

ژینگەی تەندروست ئەو ژینگەیەیە بڵێت نیمەی پەرداخەکە ئاوە، بەڕێزانم پێناسە کردنی ڕووداوەکان کاریگەریەکی زۆر گەورەی هەیە لە دروست کردنی کەسایەتی ئێمە، بۆیە هەمیشە هەوڵ بدەن بە جوانی لە ڕووداوەکان بڕوانن، هەمیشە هەوڵ بدەن لە تاریکیدا ڕووناکی ببین، هەمیشە قسەی باش لەگەڵ خۆتاندا بکەن، بە خۆت مەڵێ گەمژە هیچ نازانم، بە خۆت مەڵێ ناشیرین، بەخۆت مەڵێ بە کەڵک هیچ نایەم، چونکە دوای ماوەیەکی تر ئەگەیتە قەناعەتێکی تەواو کە تۆ بە کەڵکی هیچ نایەیت، لەم چەن ڕۆژە گوێم لە دکتۆرێکی بواری وزەی مرۆڤ دەگرت کە قسەی دەکرد

فەرمووی: قسە هەر ئەوەندە لە دەمت هاتە دەر ئیشی خۆی ئەکات با تۆ مەبەستیشت نەبێ.

فێربین لەمەودوا لەگەڵ منداڵتان لەگەڵ هاوسەرەکانتان بە جوانی قسە بکەن جددی بن بوارێک بۆ گاڵتە و قسەی ناخۆش مەهێڵنەوە، گاڵتە کردن زۆرجار گاڵتە پێکردنە، با هیچ کەسێک بە هۆی تووە دۆزەخێک لە ناخیدا دروست نەکات و هەڵگری کۆمەڵێک قەناعەتی هەڵە نەبێت.

زۆر بەکورتیش هیچ وزەیەک ناگاتە وزەی قورئان و بەرنامەی خودا ، کوا زانایەکم بۆ بێنە ترسی هەبێ ، زانایەکم بۆ بێنە دڵی تەنگ بێ ، زانایەکم بۆ بێنە توشی خەمۆکی هاتبێ، پیاوێکی ئاینیم بۆ بێنە دایم خەوی خراپ ببینێ، نییە چونکە قورئان چووە ناو دڵ و مێشکی مرۆڤ هەرچی شتەکانی تر هەن دەردەچن.

*****

# (38)

## «سوێندێکی درۆ»

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە بەڵا و ناخۆشی کاتێ بەسەر مرۆڤدا دادەبەزێت ئەوە بەهۆی تاوانەوەیە، جا هەتا تاوانەکە گەورەتربێ بەڵا و ناخۆشی و خەمەکەی گەورەترە بۆ سەر کەسەکە، لەم بەشەدا باسی تاوانێکی گەورە دەکەین کە زۆرێک لە خەڵکی خوویان پێوە گرتووە هەر ناشزانن تاوانە بەڵکو لە تاوانە گەورەکانیشە ئەویش سوێند خواردنە بە درۆوە .

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرمووێت:« ولاتَتَّخذوا أيمَانكُم دَخَلا بَينكُم فَتزلّ قَدَم بَعدَ ثُبُوتِها» واتە: سوێندەکانت لە نێوانی خۆتاندا بە هەڵخەڵەتاندن وفێڵ کردن بە کار مەهێنن چونکە( فتزل قدم بعد ثوبتها) ئیمامی بەغەوی دەڵێت: واتە موسیبەت لە دوای موسیبەت دێتە ژیانتەوە چونکە خەریکی کۆکردنەوەی ماڵی حەرامی بە سوێندی درۆ.

هاوسەر ومنداڵی خۆتان بپارێزن پارەی حەرامیان دەرخوارد مەدەن، ئا نابینن خەڵکانێک پارە داریشن بەڵام هەمیشە لە ناخۆشی ونەخۆشیدان هەمیشە ماڵیان پڕ کێشەیە تامەزرۆی دڵخۆشین وەک ئەو خەڵکە سادەیە بەڵام مەحاڵە چونکە ناو وگەورەیی خودایان بە بچوکی تەماشا کرد، هەر جەستەیەک بە حەرام پەروەردە ببێت ئاگر وەبەرترە بۆی.

حەرام خواردن پەیوەندی نێوان خۆت و پەروەردگار تێکدەدات نزات قبوڵ نابێت مێشکت ئارام نابێت دڵت ئۆقرە ناگرێت، ژیانیشت پەرتەوازە دەبێت، لە پێناو منداڵەکانت ڕێگای دۆزەخ هەڵدەبژێری ئەوانیش لە دوای مردنت کەیف بە پارەکەت دەکەن وستەم لە خەڵکی دەکەن بە پشت بەستن بەو

پارەیە، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموویت ڕۆژگارێک بە سەر خەڵکیدا دێت مرۆڤ گوێ بەوە نادات ئەو پارەی پەیدای ئەکات بەحەڵاڵی بێت یان بە حەرامی .

ناوی خوا بەبچوکی تەماشا مەکەن، مرۆڤی گەورە ناو و سیفەتی خوای پێ گەورەیە، زۆرێک لە پێشەوا بەرێزەکانمان بە ڕاستیشەوە سوێندیان بەخودا نەخواردووە لەبەر گەورەیی خوا، چی جورئەتێکە بە درۆ سوێند بخۆی بەخوا..!!

*****

## (39)

## «ئەوان گەورەترن»

زۆرێک لەخەڵکی خۆ بەکەم زانی مێشکیانی داگیر کردووە ئەو خۆم بەکەم زانیە بووەتە هۆکاری ئەوەی وەکو مرۆڤێک نەژین بەڵکو وەکو کۆیلەیەک بژین.

بۆ هەر شتێک خۆی بەکەم دەزانێت، دایکە دایکێکی باشە هەمیشە هەست دەکات کەمتەرخەمە، کەسێکی نوێژ خۆێنە نوێژەکانی بە جوانی دەکات هەمیشە دوای ئەنجام دانی نوێژەکانی دڵی تەنگە ئەم جۆرە کەسانە خۆ بەکەم زانن ئەمانە گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی کە ژیان پیاوی خۆی هەیە، ئەمان پیاوی ئەم ژیانە نیین ، خەڵکی دەچێت بۆ سەیران ئەم هەرگیز دەرناچێت پێی وانییە شایەن ئەوە بێت دەربچێت، یان دەڵێت بۆ دەربچم؟!

کێشەکە دەرچوون نییە بەڵام بە کەم سەیر کردنی خۆت گەورەترین کێشەیە خەڵکانێک دا ئەنیشن لە مەجلسێکدا بانگەوازی بۆ ڕێگا هەڵەکەی خۆیان دەکەن دەیانەوێت قەناعەت بەو خەڵکە داماوە بکەن لەکاتێکدا قسەکەیان لەگەڵ پێوەری خودا وپاشان مەبەست لە ژیانی ڕاستەقینە یەک ناگرێتەوە،

تۆیش هەڵگری کۆمەڵێک تەکنیک وقەناعەتی جوانیت بۆ ژیان هەڵگری کۆمەڵێک یاسای جوانیت لە قورئان وسوننەت پێت شەرمە بیدرکێنی خۆت بە ئەهلی ئەوە نازانیت قسە بکەیت ئاخر ئەزیزانم خۆ بەکەم زانین جۆرێکە لە مردن ئەی مردن چۆنە؟

خودا تەمەنێک و ئەقڵێکی جوانی پێدایت تۆ لەبەر قسەی خەڵکی لەبەر پێناسەی هەڵەت بۆ خودی خۆت بە درێژایی تەمەن بە بچوکی مایتەوە

ئەتیشتوانی بە گەورەیی بژیت ئەتوانی پێناسەیەکی جوان جێبهێڵێت بەڵام نەتکرد لاوازی چۆنە بێ دەسەڵاتی چۆنە؟؟

مرۆڤی خۆبەکەم زان و مرۆڤی لاواز دووهۆکار وایان لێئەکات ئاوهابن، یان خەڵکی لەخۆیان بە باشتر ئەبینن، یانیش نەزانن ، ئەوان دایم وا هەستدەکەن خەڵکی شایەنن دڵخۆشبن شایەنن چێژ وەربگرن بەڵام خۆیان نا!!

تا ئێستا بینیوتە مرۆڤێک لەو مرۆڤانەی وا خۆتت پێ کەمە لەبەردەمیان چوار چاویان هەبێ؟! یان دوو دڵیان هەبێ؟! یان دوو ڕۆحیان هەبێ؟!

بچۆ سەیری مەوسمی حەج بکە بزان لە کێوی عەرەفە دکتۆر و کرێکارێک لەیەک جیا ئەکەیتەوە، بزان کەس جیاوازی هەیە، نییە وناشبێ خودا هەمووماني یەکسان دروست کردووە و ئەیەوێ هەرواشبین نایەوێ کەسمان خۆمان بەباشتر بزانین لەوەی ترمان هەروەها نایەوێ خۆمان بە کەم بزانین لە ئاست کەسی بەرامبەر.

******

# (40)

## «بەخۆشەویستییەوە»

ڕۆژێکیان مامۆستایەک بە قوتابییەکانی وت هەر یەکەتان باڵۆنێک پڕ هەوا بکەن و ناویشتان لەسەری بنوسن، پاشان هەموو ئەو بالۆنانە بکەنە ناو یەک ژوور هەموو با تێکەڵی یەک بن ئەوجا بۆ ماوەی پێنج خولەک هەر کەسە و ئەبێ باڵۆنەکەی خۆی بدۆزێتەوە، ئیدی قوتابیەکان وایان کرد بەڵام لە ماوەی ئەو پێنج خولەکە کەس باڵۆنی خۆی نەدۆزییەوە.

ئینجا مامۆستاکە فەرمووی ئەمجارە هەر کەس باڵۆنی هاوڕێیەکەی دۆزییەوە با پێی بدات، هاوڕێیەکەشی هی ئەوی دۆزیەوە با پێی بدات ، دوو خولەکی پێنەچوو هەموو باڵۆنی خۆی دۆزیەوە.

باڵۆنەکە بەختەوەریە، ئێمە کاتێک بە تەنیا بە دوای بەختەوەری خۆمان دەگەڕێین ئەوە زۆر ماندوو ئەبین و ناشیدۆزینەوە ، بەڵام کاتێ هەوڵ ئەدەین کەسانی تر بەختەوەر بکەین ئەوە خۆمانیش بەختەوەر دەبین ماندوویەتیەکی کەمتریشمان بۆ ئەمێنێتەوە.

سیفەتێکی جوان نییە مرۆڤ تەنها بۆ خۆی بژیت و تەنها بەدوای بەختەوەری خۆییدا بگەڕێت ، ئەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ خزمەت کردن و سودگەیاندن ئەوە بەگەورەیی دەژیت و بەگەورەییش دەمرێ و بەگەورەیی زیندو دەبێتەوە.

## (41)

## «ڕازیکردنیان»

خراپترین شت مرۆڤ توشی ببێ لەم ژیانە ئەوەیە هەڵێکی زۆر لە دەست بدات بەهۆی ئەوەی بترسێت دەوروبەر چۆن لێی دەڕوانن، ڕاوبۆچونی خەڵکی زۆر گرنگ بێت بەلاتەوە هەمیشە هەوڵ بدەیت ڕازیان بکەیت هەمیشە هەوڵ بدەیت لە خزمەتی خەڵکیدا بیت لەسەر حیسابی نەفسی خۆت ئا ئەمە بەرەو بەدبەختی ئەتبات.

ئەبینیت هەموو ژیانیشت لە وەهم و خەیاڵێکدا بەسەر دەبەیت کە ڕاستیش نییە، هەمیشە وا دەزانیت هەموو جوڵەیەکت جێی سەرنجە لەلای خەڵکی کە وایش نییە، هەڵبژاردنی جلت ، ئەگەر جلەکەت کەمێک بە دڵی خۆت نەبێت ئیتر ئەبێتە مایەی قەلەقی وبێ تاقەتیت وا دەزانیت خەڵکی هەموویان سەرقاڵی جل ومۆدێلی تۆن کە وایش نییە..

ئەوەندەی تۆ ئەو خەڵکەت گەورە کردووە لە مێشکی خۆتدا خۆ ئەوان لە ڕاستیدا هەر بیرت لێ ناکەنەوە، بۆیە ژیانی خۆت بژی ئەوەی حەزی لێ دەکەیت ئەنجامی بدە واش بزانە یەک مرۆڤ نییە لەسەر ئەم ڕووی زەوییە لە تۆ زیاتر.

هەرگیز مەهێڵە حاڵی ئێستات ئەنجامی لەیەک دانەوەی قسەی خەڵکی بێت لەسەرت یان ترس بێت لە قسە وبۆچوونەکانیان، بە ناچاری ئەو جۆرە ژیانەت هەڵبژێری، کاتێک لە ژێر فشاردا دەژیت وئارامی لە دەست دەدەی ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە بەڵکو جارێکی تر بگەی بەو ئارامی وئاسودەییەی پێشتر هەتبووە:

ـ چۆن بتوانم بە دەم داواکاری خەڵکەوە بچم بەبێ زایە کردنی خودی خۆم؟

ـ ئایا ئەمە ڕاستە من هەموو حەزەکانی خۆم بە لاوە بنێم تەنها لەبەر پارێزگاری کردن لە پەیوەندییەکانم؟

ـ من بە ڕاستی ئەمەوێ هاوکاری ئەو خەڵکە بکەم یان هەوڵ وتەقەلای من بۆ ئەوەیە ژینگەی دەوروبەرم بەهۆی ئەم هاوکاریانەوە من قبوڵ بکەن؟

*****

## (42)

## «گەورەیەکی بچوک»

ئەگەر ئەوە سەرنجت ڕائەکێشێت کە خەڵکی لێت بترسن و شەرمت لێ بکەن ئەوە تۆ کەسێکی کێشەت لەگەڵ خودی خۆت هەیە کێشەت لەگەڵ ناخی خۆت چونکە مرۆڤێک ناخی تەواو بێت حەزناکات خەڵکی بکاتە کۆیلەی خۆی و خەڵکی ژێر دەستە بکات.

ئەگەر ئەتەوێ خەڵکی بە گەورەت دابنێن بە گەورە دانانێک ترسی لەگەڵ نەبێ، ئەوە دووربە لە توند و تیژی دووربە لە قسەی ناخۆش دووربە لە قسە کردن لە ژیانی خەڵکی ئەوکات خەڵکی زۆر هەست بە ئارامی دەکەن لە نزیکت و خۆشحاڵ دەبن بە مامەڵە کردن لەگەڵت.

ئاسانبە نەرم و نیان بە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەڵێت حەرام کراوە لەسەر دۆزەخ هەموو کەسێکی نەرم و نیان لە ڕەفتاری لەقسەی لە هەڵسوکەوتی، خۆت بە گەورە مەزانە ، ئاسان بە سادەبە ڕێگە بدە خەڵکی هەستەکانی ناخی خۆیان بە تۆ بڵێین.

گەنجێک دێتە خزمەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بەوپەڕی بوێریەوە دەڵێت ئەی پێغەمبەری خوا ئیزنم بدە زینا بکەم ، باشە چی وای لەم گەنجە کرد زۆر بە ئاسانی ئەو شتە بڵێت، توخوا بیربکەنەوە گەر پێغەمبەری خوا بەوە بناسرایە کەسێکی توندە وهەرشتێکی بە دڵ نەبێ توڕە دەبێ و خاوەنەکەی سزا دەدا ئەو گەنجە ئەیتوانی باسی زینا بکات..؟!

بە دڵنیاییەوە نا بەڵام چونکە شارەزا بوون لە ڕەوشتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دڵنیابوون لە کاردانەوەی بۆیە مورتاح بوون لەکاتی مامەڵە کردنی لەگەڵی.

بە شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان مەکە وەک بڵێی خۆشەویستی ئەوانت زەمان کردووە با منداڵی خۆشت بن مەڵێ هەرچی بکەم منداڵەکانم خۆشیان دەوێم نا هەموو مرۆڤێک وەکو تۆ دڵی هەیە قسەیەک دڵی دەشکێنێ و دیاریەک دڵی خۆش دەکات و ڕەفتارێکی جوان ئاسوودەی دەکات.

*****

# (43)

## «پەشیمانی»

هەر هەستێک لە تۆدا هەیە ئەوە چاک بزانە خودا ئەو هەستەی لە تۆدا دروست کردووە لە دوای هەر هەستێکیش پەیامێک هەیە ئەبێت ئاگات لێی بێت ، بۆ نمونە کاتێک مەعیدەت ژانەکات ئەوە پەیامێکە پێت دەڵێت ئەو شوێنەت ئازاری هەیە پێویستی بە چارەسەرە.

یان هەستی ترس پەیامی ئەوەی تێدایە کە شتێکی نا ئاسایی ڕوودەدات ئەبێت ئاگات لە خۆت بێت ، بۆ نمونە ئەگەر هەستی ترس لە تۆدا نەبێت ئەوە خۆت فڕێ ئەدەیتە ناو ئاو ئەگەر مەلاوانەیش نەزانیت جا زۆرجار ئەوانەی وا چاو نەترسن تەمەنیان کورتە.

ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لێرە هەستی پەشیمانیە بێگومان پەشیمانیش پەیامێکی لە دواوەیە بە مەرجێک گەر مرۆڤ سودی لێ ببینێ، بۆچی دەڵێم سودی لێ ببینێ چونکە زۆرێک لە خەڵکی سود لەو هەستانە وەرناگرن بۆنمونە ژن و پیاوێک زەواج دەکەن پاش ماوەیەک جیا ئەبنەوە ئەبینی پیاوەکە دەڵێ پەشیمانم لەو ڕۆژەی تۆم تێیدا ناسی، ئەو پیاوە لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەش زەواج بکات دیسان فەشەل ئەهێنێ چونکە سودی لە پەشیمانی وەرنەگرت بەڵکو خەتای خستە ئەستۆی ژنەکەی.

پەشیمانی کات و ساتیشی نییە تەنها یەک کات پەشیمانی ئیتر سودی نامێنێت ئەویش ئەوکاتەیە وا دەمریت ، ئەگینا پەشیمانی ئیلاقەی بە تەمەنەوە نییە چلساڵی پەنجای کێشە نییە ، گرنگ ئەوەیە پەشیمانی

بتگۆڕێت بۆ باشتر، چونکە پەیام لە دوای هەستی پەشیمانی ئەوەیە، کە تۆ لەسەر ڕێگایەکی هەڵە دەڕۆی هەر ئێستا ئەبێت بیگۆڕیت.

ئەو کەسەی دەڵێت من قەت پەشیمان نابم ئەوە ئەبێت بگریت بۆ حاڵی خۆی چونکە پەشیمانی نیعمەتە ئێمە هەمیشە هەڵە دەکەین پەشیمان دەبین و فێردەبین ،پەشیمانی ئەو کاتە نەخۆشیە کە ژیانت هەمووی بووە پەشیمانی لە هیچ ڕازی نیت و لەهەموو شت پەشیمانی هەمیشە هەموو شت جێی ئەسەفە بەلای تۆوەوە.

*****

# (44)

## «نەریتێکی نوێ»

هیچ مرۆڤێک بە سەرکەوتوویی لە دایک نابێت، هەموو مرۆڤەکان لە دایک دەبن پێویستە تێکەڵی مەدرەسەی ژیان ببن ئەوکات هەیە سەرکەوتوو دەبێت لە مەدرەسەی ژیان هەشە سەرکەوتوو نابێت ، ئەوەی جێی داخە ئەوەیە سەرکەوتن زۆر ئاسانـە لەم ژیانە کەچی کەسانێک ئەبینی زۆر بە ئەستەمی دەزانن.

ئازیزانم مرۆڤ ئەگەر ویستی سەرکەوتوو بێت لەم ژیانە هەرگیز پێویست ناکات شتی زەخم ئەنجام بدات تاکە شتێک پێویستە لەسەری ئەنجامی بدات ئەوەیە عادەت و نەریتی تازە لە ژیانی زیاد بکات وهیچی تر..چــۆن..؟!

بەڵێ نهێنی گۆڕانکاری و سەرکەوتن لێرەوە دەست پێ ئەکات من ئێستاکە ڕێگایەکت پێ دەڵێم زۆر سودی لێ دەبینی ،ئەگەر ئەتەوێ ژیانت بگۆڕدرێت لە بوارێک لە بوارەکان بۆ نمونە کێشەی زۆر قسە کردنت هەیە ئەتەوێ چارەسەری بکەی ئەوە زۆر قسە کردنەکەت نەریتێکی خراپە بۆ ئەوەی ئەو نەریتەت نەمێنێ، تۆ نەریتێکی تازە زیاد بکە لە ژیانت لەهەمان شێوەی خۆی وەک یادی خودا یان کتێب خوێندنەوە تۆ ئەگەر ڕۆژانە پێنج هەزار زیکر بکەیت کەی کاتت دەبێ بە سەعات قسە بۆ خەڵک بکەی؟ جا ئەگەر لەگەڵ زیکرەکە کتێبیش بخوێنی ئەوە بە پێی کات قسەت کەم دەبێ چونکە نەریتێکی باشت لە ژیانت زیاد کرد .

ئەوجار ماوەیەکی ترئەگەر زیکریش نەکەی قسەت هەر کەم دەبێ چونکە کتێب و زیکر مێشکتیان بەستەوە بە شتی واتادار ڕۆحتیان تێر کرد بە

خۆراکی مەعریفە بۆیە ئیتر خۆت هەست بە ناخۆشی دەکەی کاتەکەت لە شتی بێ سود سەرف بکەی، بەڵام ئێمە کە دەڵێین نەریت ئەبێت هەموو ڕۆژێک ئەنجامی بدەیت هەروەک چۆن هەموو ڕۆژێک نەریتە خراپەکەت ئەنجام دەدا بە ئاسانی ئەبێت نەریتە باشەکەش هەروابێ ،نابێت ڕۆژێک ئەنجامی بدەیت و سێ ڕۆژ ئەنجامی نەدەیت وبڵێی بۆچی باش نابم.

تاقی بکەنەوە ڕێگایەکی زۆر بە سوودە تەنها نەریتی باش لە ژیانتان زیاد بکەن و هیچی تر.

*****

# (45)

## «چارەسەری کێشەکان»

هەموومان لە ژیانی ڕۆژانەمان کێشەمان دەبێت لەهەموو ڕووەکانی ژیان بۆ نمونە مۆبایلت تێکدەچێ دەچی بۆلای وەستای چاککردنی مۆبایل بۆتی چاک دەکات بە شێوەیەک کە عەیبی نەمێنێت واتە گەر مۆبایلت شاشەی تەواو نەبێت شاشەی دەگۆڕێت و ئەو مۆبایلە 100%چارەسەر دەبێت.

ئەوەی جێی سەرنجە من باسی بکەم کێشەیەکی ترە لە کێشەی موبایل گەورەترە ئەویش کێشەی خێزانیە، یان کێشە بە گشتی لەگەڵ خەڵکیدا سەرەتا ئەمەوێ ئەو قەناعەتەت بۆ دروست بێت کە کێشەی ئێمە هەرگیز بە 100%چارەسەر نابێت چونکە ئێمە مرۆڤین ،مرۆڤیش واتە هەڵە، کە ئەمەت زانی لەوەیش تێدەگەی کاتێک خێزانت چەند ساڵێکە ئامۆژگاری دەکەیت بۆ ئەوەی شتێک لە خۆییدا بگۆڕێت کە بەدڵی تۆ نییە نەیگۆڕیوە ئەمە یاسای ژیانە کە زۆرێک لە مرۆڤەکان نایزانن، چەند ساڵێکە ئامۆژگاری منداڵت دەکەیت بەڵام دەبینی سودی نییە خەم مەخۆ تۆش هەندێ سیفەتت هەیە ڕەنگە منداڵەکانت حەزبکەن تۆ وا نەبیت.

جا حەز ئەکەم لێرە باسی قۆناغەکانی چارەسەری کێشەکان بکەم هەر وەک د.جاسم متەووەع باسی دەکات، چارەسەر کێشەکان پێنج قۆناغی هەیە یان با بڵێم پێنج تەکنیکی هەیە ئەکرێت هەمووی لە یەک کاتیشدا بەکار بێنی بۆ چارەسەری هەر کێشەیەکی خێزانی یان لە دەرەوەی خێزان ئەکرێتیش دانە دانە بە کاریان بهێنیت.

تەکنیکی یەکەم: علاج المشكله، چارەسەر واتە خودی کێشەکە چارەسەر بکەیت و بوونی نەمێنێت ئەمەیش زۆر دەگمەنە چونکە تەنانەت ژیانی

پێغەمبەرانیش کێشەی تێیدابووە و چارەسەر نەبووە، بۆ نمونە پێغەمبەر نوح کوڕەکەی و هاوسەرەکەی بە کافری مردن، پێغەمبەر یەعقوب چل ساڵ لە چاوەڕوانیدا بوو و بەدوای یوسف دەگەڕا.

تەکنیکی دووەم: توظیف المشکلة، واتە بەکار هێنانی ئەو کێشە بۆ بەرژەوەندی خۆت بۆ نمونە منداڵەکەت زۆر عەجولە و جوڵەی زۆرە ئەتوانی لەگەڵ خۆت بیبەیت بۆ سەرکار بۆ ئەوەی ئەو وزە و چالاکیەی بۆ بەرژەوەندی خۆت بە کار بهێنی ئەمە بەشێکە لە چارەسەر.

تەکنیکی سێهەم: احتواء المشکلة ، واتە باوەش بەو کێشە بکەی نەهێڵی زیاد بکات بۆ نمونە کوڕەکەت ڕۆژی دووجار تورە دەبێ دەبێ تۆ هەوڵ بدەی نەهێڵی لەو دووجارە زیاتر توڕە ببێت و هێدی هێدی هاوکاری بکەیت ئەو دووجارەیش نەهێڵیت ئەمەیش بەشێکە لە چارەسەری واقیعی، زۆرێک وا تێگەیشتون چارەسەری کێشە شتێکی سحری دەوێت و یەکسەر نەمێنێت نا شتی وا نییە بیرکردنەوەی یان ڕەش یان سپی زۆر هەڵەیە.

تەکنیکی چوارەم: الصبر، واتە ئارام گرتن هەندێ کێشە هەیە ناچاری سەبر بگریت پێغەمبەر یەعقوب یوسفیان لێی دوورخستەوە ناچاربوو سەبری گرت چل ساڵی پێ چوو تا گەیشتە یوسف ،بۆیە سەبر گرتنیش بەشێکە لەچارەسەر، لە پیاوچاکان هەبووە هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ ئافرەتێک ئافرەتەکەی بەدڵ نەبووە پانزە ساڵ لەگەڵی ژیاوە یەک ڕۆژ ئەو ئافرەتەی خۆش نەویستووە واش نەیهێشتووە ئەو ئافرەتە هەستی پێ بکات تا دووای پانزە ساڵ ئەو ئافرەتە مردووە، بە پیاوەکەیان وتووە دڵت بە چی کردەوەیەکت خۆشە وتوویەتی دڵم بەوە خۆشە پانزە ساڵ هاوسەرەکەم لەگەڵم ژیا خۆشم نەدەویست نەمهێشت هەستی پێ بکات و دڵی بشکێت لەلای خودا زۆر ئومێدم بەم کردەوەیە هەیە.

تەکنیکی پێنجەم: الدعاء، واتە نزا کردن کە زۆرێک لە خەڵکی بە چارەسەری نازانن ڕەنگە پرسیار بکەن بڵێن خێزانمان ئەوهایە بڵێی دوعا

بکە خودا چاکی بکات گاڵتەی پێت بێت نازانێت خودا بە کن فیکون ێک ئەتوانێت ئەوە بکات، هێندە غافڵە لە هێزی دوعا وا ئەزانێت کێشەکەی لە دەسەڵاتی خودا گەورەترە پەنا بە خوا، هەموو ڕۆژێک بەشێک لە کاتەکانتان با نزا و پاڕانەوە بێت لە زاتی الله لەهەموو سەرکردەیەک گەورەترە لەهەموو کەسێک مەزنترە کەس هێزی خودای نییە.

*****

# (46)

## «چاڵنج»

بە حوکمی ئەوەی گەشتینە کۆتایی کتێبەکە بڕیاری چاڵنجێک ئەدەین پێکەوە، ئەم چاڵنجە کەسایەتیت ئەگۆڕێ و چاڵنجێکی زۆر بەهێزیشە بەڵام بۆ کەسێک بە وردی ئەنجامی بدات ، چاڵنجەکە چەند بەهێزە ئەوەندەش ئاسانە ئەنجامدانی حەوت ڕۆژیش ئەخایەنێت.

لە ئەمڕۆوە دەست پێ ئەکەی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ هەر ڕۆژە و ڕەفتارێکی پۆزەتیڤ ئەنجام ئەدەی بە دوو مەرج ئەو ڕەفتار و کارەی ئەنجامی ئەدەی ئەبێ عیبادەت بێ واتە شتێک بێ خودا پاداشتی لەسەر دانابێ هەروەها کارێک نەبێ خۆت موعتادبی پێوەی واتە ئەو شتە بەشێک نەبێ لە ژیانت ئەبێ نوێ بێ..

ئێستا بۆ نمونە من باسی چەند شتێک ئەکەم ئەتوانی ئەمانە ئەنجام بدەی هەر ڕۆژە و یەکێک لەم کارانە ئەنجام بدەی بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ بەبێ دووبارە کردنەوەی با نمونە لەسەر ئەو شتانە بێنینەوە بۆ ئەوەی کەسێک بیرۆکەی نەبێ بیرۆکەی بۆ زیادببێ:

ـ دیارییەک بۆ دایکت بکڕە.

ـ بۆ ماوەی ڕۆژێک زۆرترین شتی شەرعی فێربە با ڕوونتر بیڵێم گەر تۆ کەسێک نیت بە زۆری بخوێنی بڕیار بدە لە یەکێک لەو حەوت ڕۆژەی چاڵنجەکە خۆت تەرخان بکەی بۆ فێربوون لەبەیانیەوە تاوەکو کاتی خەوتن بچی گوێ لە چەند موحازەیەکی ئاینی بگری تەفسیر بخوێنی کتێبی ئاینی بخوێنی ، بەکورتی ئەم ڕۆژە وەکو بەحسێک بێ وا لە زانکۆ ئەیکەی زۆرترین زانیاری کۆ بکەوە لەم ڕۆژە بە مەرجێک عیلمی شەرعی بێ.

ـ نامەیەکی تایبەت بۆ ئەو خوشکەت بنێرە کە شووی کردووە.

ـ بچۆ بۆ مزگەوت بەڵام بە شێوەیەکی زۆر جیاواز دوای تەواو بوونی نوێژەکەیش ماوەیەک دابنیشە لە دڵەوە نزا بکە، سەرت دابگرە وتەرکیزت بخە سەر شوێنێ ئەوەندە چاو گرمەدە با تەرکیزت بمێنێ، گەربۆ فەرزێکیش بێ ئەمەی وتم بیکە.

ـ خوێندنەوەی جوزئێک لە قورئان.

ـ هاوکاری کەسێک بکە.

ـ کەمترین قسە بکە تا ئێوارە لە یەکێک لە ڕۆژەکان.


ـ لەهەموو کەسێک و هەموو هەڵەیەک ببورە.

ـ تەعبیر لە خۆشەویستیت بکە بۆ کەسێک.

ـ شتێ بکڕە بۆ مزگەوت ، بزانە پێداویستی مزگەوت چییە شتێ بکڕە با نرخیشی کەم بێ کێشە نییە.

حەوت لەم کارانەی باسم کرد هەڵی دەبژێری هەر ڕۆژە و یەکێکی ئەنجام دەدەی بەڵام بە مەبەست ونیەتێکی تەواو ، دوای حەوت ڕۆژەکە دووان لەو حەوتە ئەکەیتە بەشێک لە کەسایەتیت و بۆ هەموو تەمەن خووی پێوە بگرە.

*****



دیزان: ڕێبوار محمد